# مامۆستای کارامەو
# وانەوتنەوەی سەرکەوتوو

71



ئیدریس سیوەیلی

# مامۆستای کارامەو
# وانەوتنەوەی سەرکەوتوو



# مامۆستای کارامە
# و
# وانەوتنەوەی سەرکەوتوو

ئیدریس سیوەیلی

چاپی دووەم

2017 زایینی

ناوی کتێب: مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتوو
نووسینی: ئیدریس سیوەیلی
نەخشەسازی بەرگ: ڕەوشت محەمەد
هەڵەچنی: سەنگەر سالار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٦٦)ی ساڵی ( )ی پێدراوە
نۆرەی چاپ: دووەم
ساڵی چاپ: 2017
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەر

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

(.... ئەوەی کەفوکوڵ و بێسوودە دەڕوات، بەڵام ئەوەی سوودبەخش و بەکەڵکە بۆ خەڵکی دەمێنێتەوە ....)

قورئانی پیرۆز

(سورەتی رەعد، ئایەتی 17)

**پێشکەشە بە:**

- ئیبراهیم ئەمین باڵدار، تا ئێستاش ئاوازی (دارا دوو داری دی) لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە.

- مەلەک خان و شێخ محەمەد، فێری میواندۆستی و بەخشندەییان کردم.

- بەهار سەعید، جەستەیەکی ماندوو لە خەمی ئایندەدا.

- لەوەند و ئاروەند، فێریان کردم دەبێت لە پێناو پەروەردەکردنی نەوەکاندا زۆر ماندووبین.

- چنار و هێمن، ئەوان بۆ قوتابخانە رۆیشتن، بەڵام بەفر و کرێوە دەرفەتی نەدان بگەڕێنەوە ماڵ و لە سەرما رەقهەڵاتن.

# پێشەکیی

سەرەتای ئەم سەدەیە جیهان هەنگاوێکی گەورەی نا لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، ئەو هەنگاوە بە شێوەیەکە رۆژانە شتی نوێ و داهێنانی جۆراوجۆر لە بوارە جیاوازەکاندا دەبینرێت، رەنگە زیادەڕۆیی نەبێت کە هەندێك سەردەمی ئێستای مرۆڤایەتی بە قۆناغی شۆڕشی زانیاریی ناوزەد دەکەن، ئەو داهێنان و گۆڕانکارییانە بواری پەروەردەشی گرتووەتەوە، ئەمەش لەسەر کۆمەڵگەکانی پێویست کردووە سیستمێکی پەروەردەیی نوێ و گونجاو پەیڕەو بکەن کە هاوشانی ئەو گۆڕانکارییانە رێبکات. بۆیە دەوڵەتانی پێشکەوتوو لە پێشبڕکێدان گەشە بە سیستمی پەروەردەییان بدەن بە شێوەیەکی گشتگیر کە سەرجەم پێکهێنەرەکانی پەرەوەردە لەخۆ بگرێت، لەوانە: پەیڕەو، ژینگەی خوێندن و کارامەیی مامۆستا، ... تاد.

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە دەکەوێتە سەر ژمارەیەك رەگەز و پێکهێنەر، پەیڕەوی خوێندنی گونجاو، ئامرازی فێرکاری نوێ، بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو، خوێندنگەی شیاو، لەو پێکهێنەرانەن کە رۆڵی بەرچاو دەبینن لە سەرخستنی پەروەردە، بەڵام هەموو ئەمانە ناتوانن بەرهەم و ئەنجامی باش بدەن بە دەستەوە ئەگەر مامۆستای کارامە و لێهاتوو نەبێت ژینگەی فێربوون بسازێنێت و پرۆسەکە ئاراستە بکات، بۆیە لە پرۆسەی پەروەردەدا، مامۆستا کۆڵەکەیەکی سەرەکییە، سەرکەوتنی پرۆسەکەی لە ئەستۆدایە، چونکە مامۆستا ژینگەی فێربوون دەسازێنێت، گیانی متمانە، داهێنان و گۆڕانکاری گەشەپێدەدات. چەند توێژینەوەیەکی هاوچەرخ لە بواری پەروەردە جەخت لەوە دەکەنەوە کە (60٪)ی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، سەرجەم رەگەزەکانی تریش لە پەیڕەو و چالاکیی و بەڕێوەبردن و ... تاد، بە رێژەی (40٪) بەشدارن لە سەرخستنی پرۆسەکە[1].

هەر لەم روانگەوە، گرنگیدان بە مامۆستا لە رووی پێگەیاندن و ئامادەکردنی بۆ وانەوتنەوە، بووەتە خەمی دەزگاکانی پەیوەست بە پەروەردە، تا مامۆستایەکی کارامە و لێهاتوو پێبگەیەنن لە ئاست خواست و چاوەڕوانییەکانی ئەواندا بێت.

---

[1] أحمد الرشيدي: إدارة الصف بلغة العصر رؤية تربوية، مكتبة كوميث، القاهرة، 1999، ل74.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، راپۆرتی هەردوو کۆنگرەی پەروەردەی لە (2005) و (2007) ئاماژە بە لاوازی ئاستی مامۆستا لە ناوەندەکانی خوێندندا دەکەن، بۆیە لە راسپاردە و پێشنیارەکاندا داوا کراوە بەرنامەڕێژی بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی و لێهاتوویی مامۆستایان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن[1]. بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی (یونسکۆ) باشترکردنی جۆری مامۆستا لە پێشینی چاکسازی بواری پەروەردەیە لە هەرێمی کوردستان[2].

ئەنجامی چەند توێژینەوەیەکیش کە لە هەرێمی کوردستان لە بواری هەڵسەنگاندنی مامۆستا ئەنجامدراون[3]، ئاماژە بە لاوازی ئاستی کارامەیی مامۆستا دەکەن، هەموو ئەمانە پێکەوە ئەو راستییە دەچەسپێنن کە پێویستە گرنگی بە بەرزکردنەوەی کارامەیی مامۆستایان بدرێت، گەشەپێدانی کارامەیش پێویستە لەسەر بناغەیەکی مەعریفی دابمەزرێت، لەم روانگەوە و وەکو هەستکردن بە بەرپرسیاری، بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە هاتەبوون، چونکە کتێبخانەی کوردی وەکو زۆربەی بوارەکانی تری مەعریفە هەژارە، رەنگە بواری پەروەردە لەوانی تریش هەژارتر بێت، بەڵام ئەمە نابێتە پاساو کە هەر بێدەنگ دانیشین، بەڵکو پێویستە ئەو دۆخە پسپۆران و شارەزایان هاندات خەمێك بخۆن، بە توێژینەوە و نووسین ئەو بوارە گەشەپێبدەن، تا ئێمەش وەکو گەلانی تر هاوشانی گۆڕانکارییەکان برۆین و لە رێگوزەری شارستانییەت دوانەکەوین.

---

[1] وەزارەتی پەروەردە: کۆنگرەی سێیەمی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005، ل 35 – 43. لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی: راپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2007، ل37 – 41.

[2] اليونسكو: إستراتيجية اليونسكو لدعم التعليم الوطني في العراق 2010 – 2014، مكتب يونسكو العراق، 2010، ل25.

[3] لەوانە: هەردی مەهدی میکە: هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، 2010. إدريس محمد سيويلي: تقويم المهارات التدريسية لدى مدرسي المواد الاجتماعية في الحلقة الثالثة من التعليم الأساسي في محافظة السليمانية بكردستان العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الجنان، لبنان، 2012.

ئەم کتێبە، لە هەشت بەش پێکهاتووە، تێیدا باس لەو کارامەییانە کراوە کە مامۆستا لە وانەوتنەوەدا پێویستی پێیەتی، هەوڵدراوە بە زمانێکی سادە و بێگرێوگۆڵ بخرێتەڕوو، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کە سەرجەم کەسانی پەیوەست بە پەروەردە لێی سوودمەند بن، لەسەرەتای هەر بەشێکیشدا چەند ئامانجێکی چاوەڕوانکراو دانراوە کە پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی بەشەکەدا بێنەدی، ئەمە وێڕای ئەوەی هەوڵدراوە لە سەرەتای بەشەکاندا چیرۆکێکی پەیوەست بەو بەشە بگێڕدرێتەوە، لە کۆتایی هەر بەشێکیشدا چالاکیی و هەڵسەنگاندن هەیە.

بێگومان گەورەترین کێشەی بەردەم نووسینی ئەم کتێبە، جگە لە کەمی سەرچاوە، هەژاری زمانی کوردییە لەو زاراوانەی لە بواری پەروەردە بەکاردێن، هەڵبەتە ئەمە کاری زمانزان و پسپۆڕانە کاری لەسەر بکەن، بەڵام بەداخەوە لەوەشدا کەمتەرخەمی زۆر هەیە، بۆیە زۆرجار بۆ دۆزینەوەی زاراوەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی، پرس و ڕاوێژم بە چەند دۆستێکی شارەزای زمان کردووە، هەندێکجاریش لە بەرامبەر زاراوە کوردییەکە، عەرەبی یان ئینگلیزیەکەم داناوە، تا ئەگەر زاراوەکە مانا و مەبەستەکەی لای خوێنەر روون نەبوو، بگەڕێتەوە سەر یەکێك لەو دوو زمانە. لە کۆتایشدا داوام لە خوێنەران ئەوەیە هەر هەڵە یان کەمووکورتییەکیان بەدیکرد، ئاگادارم بکەن تا لە چاپەکانی ئایندە راستی بکەمەوە، ئومێدەوارم ئەم بەرهەمە خزمەتێك بکات بە بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، هاوکات بەشێکی ئەرکی خۆم بەرامبەر نەتەوە و نەوەکانمان بەجێهێنابێت.

**ئیدریس سیوەیلی**

# 1- کورتەیەک دەربارەی کارامەیی وانەوتنەوە

**ئامانجی چاوەڕوانکراو**

**چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:**

- **لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی دەخرێنەڕوو، بە تێڕوانینی خۆی پێناسەی کارامەیی بکات.**
- **خەسڵەتەکانی کارامەیی بژمێرێت.**
- **بە تێڕوانینی خۆی، لەبەر ڕۆشنایی پێناسە خراوەڕووەکان، پێناسەی وانەوتنەوە بکات.**
- **پێناسەی کارامەیی وانەوتنەوە بکات.**
- **خەسڵەتەکانی کارامەیی وانەوتنەوە دەستنیشان بکات.**

لەم کتێبەدا، چەمکەکانی کارامەیی، وانەوتنەوە و کارامەیی وانەوتنەوە، بە شێوەیەکی بەربلاو بەکاردێن، ئەمەش دەخوازێت پێناسەی ئەو چەمکانە بکرێن، تا خوێنەر پێیان ئاشنا ببێت و ئەو چوارچێوەیە بزانێت کە لەم نووسینە تێیدا بەکارهاتووە.

## 1-1 کارامەیی (المهارة):

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی کارامەیی، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو. (گود Good) پێناسەی دەکات بە "هەرشتێک تاک فێری ببێت و بە ئاسانی ئەنجامی بدات و بەجێی بهێنێت، جا بەجێهێنانەکە جەستەیی یان عەقڵی بێت"[1]. (جارۆلمێک و فۆستە

---

[1] Good, carter. v: Dictionary of Education, New York, Mc Grow-Hill, third ed, 1973, p235.

جەبار ئەحمەد عەبدوڕڕەحمان: کاریگەریی مۆدێلێکی وەرگیراوە لە: جەبار ئەحمەد عەبدوڕڕەحمان: کاریگەریی مۆدێلێکی پێشنیازکراو لەسەر بەدەستهێنانی هەندێک کارامەیی وانەوتنەوە لای خوێندکارانی کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، 2009، ل12.

(Jarolimek & Foster) بەوە پێناسەی دەکەن کە "فرمانێکی ماددی یان کردەوەیەکی عەقڵییە، یان هەردووکیانە پێکەوە، بە شێوەیەکی جێگیر و بەردەوام دێتەدی"[1].

بەڵام لای (دەبوس) کارامەیی "توانایەکی جەستەیی، یان عەقڵی، یان کۆمەڵایەتییە، لە ڕێگەی مومارەسە و دووبارەکردنەوە و پەرچەکردارەوە تاک فێری دەبێت، ئەگەری هەیە چاکسازیی تێدا بکات"[2]. (ئیبراهیم) وا پێناسەی دەکات کە "نواندێکە (أداء) تاک ئەنجامی دەدات بە سانایی و وردی (دقة)، جا ئەم نواندنە جەستەیی بێت یان عەقڵی"[3]. سەنتەری پەروەردەیی بۆ توێژینەوە و گەشەپێدانی لوبنان، وا پێناسەی دەکات کە "لێهاتووییەکی خەسڵەتی پراکتیکی و کرداریی بەسەریدا زاڵە، بە مومارەسە و دووبارەکردنەوە بەدەستدێت، پێوانەکردنی بەدەستهێنانی لە ڕێگەی نواندنی پراکتیکییەوە ئاسانە"[4].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەند پێناسەیەی ئاماژەیان پێدرا، مەبەستمان لە چەمکی کارامەیی لەم کتێبەدا: کردەوەیەك، یاخود نواندێکە مامۆستا لە وتنەوەی وانەدا پێی هەڵدەستێت، ئاماژەیە بە کارامەیی لەو بوارەدا و بە خێرایی و وردیی لە ئەنجامدانیدا دەناسرێت، بە ئاسانی پێوانە و تێبینی دەکرێت.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی کارامەیی، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین خەسڵەتەکانی دەدەین، ئەوانیش:

1- کارامەیی، توانای ئەنجامدانی کارێك یان چالاکییەکی دیاریکراوە، زۆرجار ئەو کارە لە کۆمەڵێك نواندن و کاری بچووکتر پێکدێت، کە ڕەفتار (سلوك) یان وەڵامدانەوەی کارامەیی سادەترن لە کارامەییە بنەڕەتییەکە و شێوەی زنجیرە و پەیوەست بە یەك وەردەگرێت. بۆ نموونە: تۆمارکردنی گۆڵ لە یاریی تۆپی پێدا کۆمەڵێك ڕەفتار لەخۆدەگرێت، لەوانە کۆنترۆڵکردنی تۆپ، دیاریکردنی دەرفەتی گونجاو، لێدانی تۆپ.

---

[1] Jarolimek, j & Foster, Clifford. D:Teaching and Learning in the Elementary School, NewYork, Macmillan. Inc, Second ed, 1981, p275.

[2] جواهر محمد الدبوس: القاموس التربوي، جامعة الكويت، مجلس النشر العلمي، إدارة مطبعة الجامعة، 2003، ص925.

[3] مجدي عزيز إبراهيم: موسوعة التدريس، الجزء الخامس، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، 2004، ص1825.

[4] جرجس ميشال جرجس: معجم مصطلحات التربية والتعليم، دار النهضة العربية، بيروت، 2005، ص526.

2- کارامەیی پێکدێت لە تێکەڵەیەک لە وەڵامدانەوە و ڕەفتاری عەقڵی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی.

3- نواندنی کارامەیی لەسەر مەعریفە بنیاد دەنرێت، بەڵام پێویستی بە ڕاهێنان و پراکتیک هەیە.

4- کارامەیی لە ڕێگەی ڕاهێنان و پراکتیکەوە گەشە دەکات.

5- کارامەیی بە وردیی و خێرایی لە ئەنجامداندا هەڵدەسەنگێنرێت. بە واتایەکی تر، کاتێك بە کەسێك دەوترێت لە بوارێکدا کارامەیە، دەبێت بە کەمترین هەڵە و خێراترین کات کارامەییەکە بنوێنێت[1].

## 2-1 وانەوتنەوە:

وانەوتنەوە بە لایەنی پراکتیکیی فێرکردن یان یەکێك لە شێوە گرنگەکانی دادەنرێت. فێرکردنیش کارا نابێت، تا پێشتر پلانی بۆ دانەڕێژرابێت و بە ڕێگایەکی ڕێکخراو و یەك لەدوای یەك نەخشەسازی نەکرابێت، بۆیە وانەوتنەوە چالاکییەکی پێکەوەبەستراوە بە ئامانجی وورووژاندن و ئاسانکردنی ئەرکی فێربوون، ڕەفتاری وانەوتنەوەش کردارگەلێکی یەك لەدوای یەکە و بڕیاریش لەخۆ دەگرێت. مامۆستاش وەك نێوانێك لە بەرجەستەکردنی هەڵوێستی پەروەردەیی- فێرکاری بە شێوەیەکی مەبەستدار کار دەکات و ئەو بڕیارانە تەوزیف دەکات[2].

بە بۆچوونی (گود Good) وانەوتنەوە "بەڕێوەبردنی هەڵوێستی وانەوتنەوەیە، کە کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان مامۆستا و فێرخواز و ئامادەسازیی پێشوەخت لەخۆدەگرێت، بە مەبەستی بڕیاردان لە پلان و نەخشەسازی و ئامادەکردنی بابەتی خوێندن بۆ دۆخەکانی وانەوتنەوە و هەڵسەنگاندن"[3]. بەڵام لای (جامل) وانەوتنەوە "کۆمەڵێك

---

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، رؤية في تنفيذ التدريس، عالم الكتب، القاهرة، ط3، 2006، ل4-6.

[2] توفيق أحمد مرعي ومحمد محمود الحيلة: طرائق التدريس العامة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط5، 2011، ل23.

[3] Good, carter. v: Dictionary of Education, p588.


چالاکییە مامۆستا لە هەڵوێستی فێرکردن (موقف التعليمي) ئەنجامی دەدات، بۆ یارمەتیدانی فێرخوازەکان بە مەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی پەروەردەیی دیاریکراو"[1]. (قەتتاوی)ش وانەوتنەوە وا پێناسە دەکات کە "کۆمەڵێك ڕێوشوێن و چالاکیی پلانبۆدارێژراو، ڕێکخراو، گونجاو و تەواوکارە، مامۆستا پێی هەڵدەستێت لە میانەی وتنەوەی بابەتێکی دیاریکراودا، بە ئامانجی بەدیهێنانی فێربوونی ویستراو لای فێرخواز"[2].

کاتێکیش دەوترێت وانەوتنەوە چالاکییەکی تەواوکارە، ئەوا مەبەست پێی سیستمێکە لە پەیوەندی و کارلێك، کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

أ - دەروازە: خۆی دەنوێنێت لە: مامۆستا، فێرخواز، بابەتی وانەوتنەوە، ژێرخانی فێرکردن، ژینگەی پۆل و قوتابخانە.

ب - پرۆسە: خۆی دەنوێنێت لە: ستراتیژ و ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوە، ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن، ئامادەکردنی ژینگەی پۆل، جێبەجێکردن، چاکسازیکردن لە وانەوتنەوە لە ڕێگەی خۆراکپێدانەوە (feedback) بۆ بەدیهێنانی فێرکردن و فێربوونی فێرخواز.

ج - دەرهاویشتە: خۆی دەنوێنێت لەو گۆڕانکارییە ویستراوانەی پێویستە لە سەرجەم بوارەکانی کەسێتیی فێرخواز (مەعریفی، ویژدانی و دەروونجووڵەیی) بێنەدی[3].




**شێوەی (1) پرۆسەی وانەوتنەوە وەك چالاکییەکی تەواوکار**


---

[1] عبدالرحمن عبدالسلام جامل: طرق التدريس العامة ومهارات تنفيذ وتخطيط عملية التدريس، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ط2، 2001، ص16.

[2] محمد إبراهيم قطاوي: طرق تدريس الدراسات الاجتماعية، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، 2007، ل113.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل113.

بە بۆچوونی (زەیتون) وانەوتنەوە "چالاکییەکی پیشەییە لە سێ پرۆسەی سەرەکییەوە بەدیدێت، ئەوانیش: پلان، جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن، بە ئامانجی یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ فێربوون. ئەم چالاکییەش شایانی شیکردنەوە و تێبینیکردن و حوکمدانە لەسەر جۆریەتی (جودة)، پاشانیش باشکردنی جۆرێتییەکەی[1].




**شێوەی (2) هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بەگوێرەی پێناسەی زەیتون**

- (جەقەندی)ش پێیوایە وانەوتنەوە کارلێکی نێوان مامۆستا و فێرخوازە، ئیتر لە پۆل، یا هۆڵی وانەوتنەوە، یا لە تاقیگەدا بێت. بەم واتایە، وانەوتنەوە ناکاتە فێرکردن، چونکە وانەوتنەوە پرۆسەی وەرگرتن و بەخشین و گفتوگۆ و کارلێکە، لە کاتێکدا فێرکردن تەنها بە مانای بەخشینی زانیاری دێت لە یەك لایەنەوە کە ئەویش مامۆستایە[2].

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەی شارەزایانی بواری پەروەردە، هەروەکو ئامارەمان بە هەندێکیان دا، مەبەستمان لە وانەوتنەوە: کۆمەڵێك کردە و چالاکییە مامۆستا ئەنجامی دەدات لە میانەی پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن، بۆ وروژاندنی کارلێکی فێرخوازان، بە ئامانجی گۆڕانکاریی پەروەردەیی لە ڕەفتار و مەعریفە و ویژدان و کارامەییان.

بێگومان وانەوتنەوە پیشەیەکی وردە و پێویستی بە ئامادەسازیی تەواو هەیە، پیشەیەك نییە هەر کەس مەعریفە و توانایەکی گشتیی هەبوو، بتوانێت پێی هەڵسێت.

---

[1] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل8.

[2] عبدالسلام عبدالله الجقندي: دلیل المعلم العصري في التربیة وطرق التدریس، دار قتیبة للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، 2008، ل213.

ئامانجی وانەوتنەوە چاککردنی ڕەفتارە. دەبێت فێربوونی ڕاستەقینە هاوشانی وانەوتنەوە بێت، ئەگەر نا گرنگی و مانای خۆی لەدەستدەدات و بە وانەوتنەوە دانانرێت. وانەوتنەوە تەنها چالاکییەکی سادە نییە لە کار و کاردانەوە، بەڵکو وانەوتنەوە پیشەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە زانیاریی جۆراوجۆرە، توانای باش و کارامەیی پێویستە. بە واتایەکی تر، پرۆسەی وانەوتنەوە دەبێت مامۆستایەك پێی هەڵسێت کە هێندە کارامە بێت بتوانێت کەشێکی کۆمەڵایەتی و هەڵچوونی باش بۆ فێرخواز دروست بکات، بە شێوەیەك باشترین دەستکەوتی فێرکاری و پەروەردەیی بەدیبێت[1].

وانەوتنەوە کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە هەر پیشەیەکی دیکە، ئەوانیش:

1- وانەوتنەوە چالاکییەکی پیشەیی پسپۆڕیی مەبەستدارە، واتە کارێکی ئامانجدارە، چینێکی دیاریکراو (مامۆستایان) لە لایەن کۆمەڵگەوە بە فەرمی ڕاسپێردراون پێی هەڵسن، لە چوارچێوەی دامەزراوە پەروەردەییەکان، ئەمەش دەخوازێت چینی مامۆستایان پڕچەك کرابن بە کارامەیی وانەوتنەوە و ئامادەکرابن بۆ پیشەی مامۆستایەتی، تا یارمەتیدەریان بێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیان و بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو.

2- ئەم چالاکییە لە لایەن مامۆستاوە ئەنجام دەدرێت لە چوارچێوەی سێ بواری پەیوەست بەیەك، ئەوانیش:

- پلاندانان: نەخشەدانانی پێشوەختە بۆ وانەوتنەوە.
- جێبەجێکردن: جێبەجێکردنی ئەوەی پلانی بۆ دارێژراوە لە چوارچێوەی پەروەردەییدا.
- هەڵسەنگاندن: ڕادەی سەرکەوتوویی پلانی وانەوتنەوە و جێبەجێکردنی لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکاندا.

3- ئامانجی سەرەکیی وانەوتنەوە یارمەتیدانی فێرخوازە بۆ فێربوون، بە مەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی دیاریکراو، ئامانجیش تەنها گواستنەوەی مەعریفە نییە بۆ فێرخواز.

---

[1] جابر عبدالحميد جابر: التدريس والتعلم، الأسس النظرية، دار الفكر العربي، القاهرة، 1998، ل35.

4- چالاکیی وانەوتنەوە بۆ ژمارەیەك پێکهاتەی بەشەکی و لاوەکی شیدەکرێتەوە، کە شایەنی تێبینیکردن و هەڵسەنگاندنن، ئەمەش بە ئامراز و پێوەری تایبەت ئەنجامدەدرێت، ئەگەر پێویستی کرد چاکسازییان تێدا دەکرێت و بەرەوپێش دەبرێن[1].

## 1- 3 کارامەیی وانەوتنەوە:

(لەقانی و جەمەل) وا پێناسەی دەکەن کە "کۆمەڵێك کارامەییە، پێویستە مامۆستا بەدەستیهێنابێت بەر لە مومارەسەکردنی وانەوتنەوە، دەرەنجامی تێپەڕبوونی بە بەرنامەیەکی خوێندنی دیاریکراو، ئەو کارامەییانەش پلان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە، تا نواندێکی سەرکەوتوو لە پیشەی وانەوتنەوە نیشان بدات"[2].

بە بڕوای (زەیتون) کارامەیی وانەوتنەوە "توانای نواندنی کارێك (چالاکییەك)ی دیاریکراوە، پەیوەستە بە پلانی وانەوتنەوە و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی. ئەم چالاکییەش شیدەکرێتەوە بۆ کۆمەڵە ڕەفتار (نواندن)ێکی مەعریفی، جوولەیی و کۆمەڵایەتی، دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی پێوەری وردیی لە ئەنجامدان و خێرایی بەدیهێنانی و توانای گونجانی لەگەڵ هەلویستی وانەوتنەوەی جۆراوجۆر، هەڵبسەنگێندرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە شێوازی تێبینیکردنی ڕێکخراو. دەشگونجێت لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە باشتر بکرێت"[3].

بەڵام (مەحموود) پێناسەی دەکات بە "نواندنی مامۆستا لە چوارچێوەی پرۆسەی فێرکردن، جۆر و چۆنێتیی نواندنەکەش بە گوێرەی بابەت، خەسڵەت، تایبەتمەندی، ئامانجی فێرکردن و فێربوونی وانەکە دەگۆڕێت"[4].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانە، کارامەیی وانەوتنەوە پێناسە دەکەین بە: کۆمەڵێك چالاکی و ڕەفتار کە مامۆستا لە وانەوتنەوەدا ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی بەدیهێنانی

---

[1] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل8- 11.

[2] أحمد حسین اللقاني و علي أحمد الجمل: معجم المصطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس، عالم الكتب، القاهرة، ط2، 1999، ل249.

[3] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل8.

[4] صلاح الدين عرفة محمود: تفريد تعليم مهارات التدريس بين النظرية والتطبيق، عالم الكتب، القاهرة، 2005، ل16.

چەند ئاماتجێکی دیاریکراو، ئەو ڕەفتارانەش بە شێوەی هەڵچوون و وەڵامدانەوەی جوولەیی و گوفتاری دەردەکەون، خەسڵەتی وردیی و خێرایی و گونجاویان لەگەڵ هەڵوێستی وانەوتنەوەدا هەیە، بە ئامرازی دیاریکراو پێوانە و تێبینی دەکرێن، بە ڕاهێنان و ئەزموونیش گەشە دەکەن.

کارامەیی وانەوتنەوە بە بنەمایەکی سەرەکیی پرۆسەی وانەوتنەوە دادەنرێت، ئەم کارامەییەش چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

1- کارامەیی وانەوتنەوە توانای ئەنجامدانی کارێک/ چالاکییەکی دیاریکراوە، پەیوەندیی بە پیشەی وانەوتنەوەوە هەیە، جا ئەو چالاکییە لە کاتی پلاندانان، یان جێبەجێکردن، یان هەڵسەنگاندنی وانەوتنەوەدا بێت.

2- دەتوانرێت هەر کارامەییەکی وانەوتنەوە بۆ چەند ڕەفتارێکی لاوەکی شیبکرێتەوە کە شایەنی تێبینیکردن بن.

3- کارامەیی وانەوتنەوە لە شێوەی چەند ڕەفتار (نواندن)ێکی مەعریفی و جوولەیی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، زۆرتریش لایەنی مەعریفی بەسەریدا زاڵە.

4- بوونی پاشخانی مەعریفی دەربارەی کارامەیی وانەوتنەوە، بە بنەمایەکی پێویست بۆ فێربوونی کارامەیی دادەنرێت.

5- ڕاهێنان و ممارەسەی پراکتیکیی کارامەیی وانەوتنەوە، بە مەرجێکی سەرەکیی شارەزابوونی دادەنرێت.

6- کارامەیی وانەوتنەوە بە وردیی و خێرایی لە ئەنجامدان و گونجان لەگەڵ دۆخی هەڵوێستی وانەوتنەوە هەڵدەسەنگێندرێت[1].

---

[1] حسن حسین زیتون: مهارات التدريس، ل11.

## چالاکیی

1- کارامەیی چییە؟ خەسڵەتەکانی چین؟

2- وانەوتنەوە چییە؟

2- جیاوازی چییە لە نێوان فێرکردن و فێربوون؟

3- بە بڕوای تۆ ئەو خەسڵەتانە چین کە پێویستە لە مامۆستادا هەبن، تا پێیبوترێت مامۆستایەکی کارامە؟

# 2- شیکردنەوەی ناوەڕۆك

ئامانجی چاوەڕوانکراو

چاوەڕواندەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:

- پێناسەی پەیڕەو بکات.
- بەراورد بکات لە نێوان تێڕوانینی کۆن و هاوچەرخ بۆ پەیڕەو.
- گرنگیی شیکردنەوەی ناوەڕۆك دیاری بکات.
- بوارەکانی ناوەڕۆکی فێربوون دیاری بکات.
- بەشەکانی پێکهاتەی بواری مەعریفی دەستنیشان بکات.
- بەشەکانی پێکهاتەی بواری کارامەیی دەستنیشان بکات.
- بەشەکانی پێکهاتەی بواری ویژدانی دەستنیشان بکات.
- ناوەڕۆکی فێربوون لە بواری پسپۆڕی خۆیدا شیبکاتەوە.

**وانەیەک لە سروشتەوە**

پیاوێکی دانا بڕیایدا چوار کوڕەکەی فێری ئەوە بکات کە هەرگیز پەلەنەکەن لە بڕیاردان لەسەر هەڵوێستەکانیان، بۆیە داوای لە هەریەکەیان کرد بچنە یەکێک لە دارستانەکان بۆ تێڕوانین لە سروشت، هەر یەکێکیشیان بە تەنیا و لە وەرزێکی جیاوازدا بڕۆن.

کوڕی یەکەمی لە زستاندا بەڕێکەوت، دووەمیان لە وەرزی بەهار، سێیەم لە هاوین، چوارەمیش لە پاییز.

کاتێک کۆتا کەسیان لە دارستان گەڕایەوە، باوکەکەیان کوڕەکانی کۆکردەوە، داوای لە هەریەکەیان کرد کە هەرشتێکی بینیوە لە دارستان باسی بکات.

کوڕی یەکەم کە لە وەرزی زستاندا ڕۆیشتبوو دەستی بە قسە کرد و وتی: دارەکان لە بێ ئومێدیدا دەژیان، قەدەکانیان رووتەن ببوون دوور لە گشت شێوەکانی ژیان.

کوڕی دووەم کە لە وەرزی بەهاردا ڕۆیشتبوو، قسەکانی بە براکەی بڕی و وتی: ئەوە راست نییە، چونکە دارەکانی دارستان بە رەنگی سەوزی دڵڕفێنی گەڵاکان داپۆشرابوون و رەنگیان لەگەڵ رەنگی گوڵ و گوڵزار تێکەڵ بوو، لەمەش جوانترین شێوە بوو کە تا ئێستا لە ژیانمدا بینیبێتم!

کوڕی سێیەم کە لە وەرزی هاویندا ڕۆیشتبوو وتی: تۆ زیادەڕۆیت کرد، شێوەکە بەم جوانییە نەبوو، بەڵکو درەختەکان لەبەر گەرمی گشتیان پوکابوونەوە و تیشکی خۆریش چاویلکەکەی لێ ون کردم. کوڕی چوارەمیش کە لە وەرزی پاییزدا ڕۆیشتبوو بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەوە دەڵێن چی؟ هیچ لەو شتانەی کە ئێوە باسی دەکەن نەمبینیوە، بەڵکو دارەکان لە بێ ڕەنگیاندا کاڵ بوون و هیچ میوەیەکیشی لێ نەبوو، گەڵای دارەکانیش زەردهەڵگەڕابوون و کەوتبوونە سەر زەوی!

باوکەکە زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ڕۆڵەکانم ئێوە هەموو ڕاست دەکەن، چونکە هەریەک لە ئێوە دارستانی تەنها لە وەرزێکدا بینیوە و لە وەرزەکانی تردا نەیبینیوە، بۆیە وەسفی هەریەکەتان جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانی تر، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕیار لەسەر هەر کەسێک بدات، پێویستە لەسەری لە نزیکەوە بیناسێت و لە هەموو لایەنەکانی ژیانیدا هەڵیسەنگێنێت، ئەوە بەس نییە کە تەنها یەک لایەنی ژیانی ببینێت، چونکە مرۆڤ لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوشێوەی وەرزەکانی ساڵن، یەک دەڕوا و بۆ پاشی خۆی جێدێڵێت، هەست بە خۆشی و ناخۆشی و تاڵی ژیان ناکەن، مەگەر گۆڕین لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، بەردەوامی ژیان تاسەر بەمشێوەیە[1]. لەم چیرۆکەوە بۆمان دەردەکەوێت مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە، ئەو ئاڵۆزییەش پێویستی بە پەروەردەیەکی فرەڕەهەند هەیە کە سەرجەم بوارەکانی بگرێتەوە، ناوەرۆکی فێرکردنیش دەبێت ڕەچاوی ئەو فرەڕەهەندییە بکات و زیاتر لە پێکهاتەیەک لە خۆبگرێت.

## 1-2 پەیڕەو (المنهج)

پەروەردەکاران لە کۆندا تێڕوانینێکی بەرتەسکیان بۆ پەیڕەو هەبوو، بۆیە پەیڕەویان وا پێناسە دەکرد کە: "کۆمەڵێک زانیاری و ڕاستییە خوێندنگە دەیداتە فێرخواز، بە مەبەستی گەشەپێدانی توانا و سوودوەرگرتن لەو زانیارییانە و ئامادەکردنی بۆ ژیان". بەوپێیەش ئەو زانیارییانە لە چوارچێوەی بابەتەکانی بیرکاری، زمان، مێژوو، زانست، جوگرافیا، ...

[1] گۆڤاری بڕیار- مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە (8) ساڵی یەکەم، کانوونی دووەم (2009)، ل41.

تاد، دەدرا بە فێرخواز، بابەتەکانیش بەسەر قۆناغ و ساڵەکانی خوێندندا دابەش دەکران. بەم مانایە پەیرەو کورتهەڵاتبوو لە کۆمەڵێك بابەتی خوێندن کە لە لایەن پسپۆڕانەوە لە چوارچێوەی کتێبێکدا داڕێژرابوو، فێرخواز لە قوتابخانە دەیخوێند[1].

بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی بواری پەروەردە، ئەو تێڕوانینە بەرتەسکە دووچاری ڕەخنەی زۆر بووەوە. پسپۆڕان و لێکۆڵەران هەوڵیان دا پێناسەی نوێ و گشتگیریان بۆ پەیرەو هەبێت، لەو چوارچێوەیەشدا لێرەدا چەند پێناسەیەك وەردەگرین، (گلاتهورن Glatthorn) وا پێناسەی پەیرەو دەکات کە "پلانێکی داڕێژراوە بۆ ئاراستەکردنی فێربوون لە قوتابخانەدا"[2]. (بارس Barth) پێناسەی پەیرەو دەکات بەوەی کە "تێکڕای ئەو خوێندن و چالاکی و شارەزاییە فێرخواز بەدەستیدەهێنێت، یان پێی هەڵدەستێت لەژێر سەرپەرشتی و ڕێنمایی خوێندنگە، جا لەناو خوێندنگە یان لە دەرەوەی بێت"[3]. هەروەها (پرات Pratt) وا پێناسەی دەکات کە "پلانی وانەوتنەوە و فێرکردنە"[4].

لەو پێناسانەی ئاماژەمان پێدان گشتگیرتر ئەوەیە کە پەیرەو "کۆمەڵێك شارەزایی (خبرة) پەروەردەییە کە خوێندنگە لە ناوخۆ و دەرەوەیدا بە شێوەیەکی مەبەستدار پێشکەشی فێرخوازی دەکات، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و گەشەی گشتگیر و ئەرێنی لای فێرخواز"[5]. لەبەر ڕۆشنایی ئەم پێناسەدا، تێڕوانینی هاوچەرخ و گشتگیر بۆ پەیرەو لە تێڕوانینی کۆن بۆ پەیرەو، بەم خاڵانە جیادەکرێتەوە:

1- دەرکەوتنی ئامانجە پەروەردەییەکان و باوەڕبوون پێی وەك ڕێبەر، کاری خوێندنگە، هەوڵدانێکە بۆ گۆڕینی ئامانجەکان بۆ هەڵوێست و چالاکیی فێرکاریی.

---

[1] حلمي أحمد الوكيل ومحمد امين المفتي: اسس بناء المناهج وتنظيماتها، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط5، 2012، ل17.

[2] رشدي أحمد طعيمة وآخرون: المنهج المدرسي المعاصر، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط3، 2011، ص18.

[3] محمد محمود الحيلة: طرائق التدريس واستراتيجياته، دار الكتاب الجامعي، العين، الإمارات العربية المتحدة، ط4، 2012، ص19.

[4] رشدي أحمد طعيمة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ص18.

[5] سەرچاوەی پێشوو ل21. حلمي أحمد الوكيل ومحمد امين المفتي: هەمان سەرچاوە، ل25.

2- بابەتەکانی خوێندن بوونە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، نەك خودی ئامانج خۆی بێت.

3- ناوەرۆکی پەیڕەو لە بواری زانیاریدا کورتهەڵنایەت، بەڵکو گرنگیدان بە کارامەیی و ئاراستەی تاك، ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە گەشەی کەسیی گشتگیر و تەواوکار.

4- ئەرکی مامۆستا تەنها تەلقین و گەیاندنی زانیاری نییە بە فێرخوان، بەڵکو ئەرکەکەی سەردەکێشێت بۆ گەشەپێدانی توانا و هۆش و بیری فێرخواز و ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکەسی لە نێوانیاندا.

5- پەیوەستکردنی خوێندن بە ژینگەی خوێندنگە و دەرەوە، بە شێوەیەك ماڵ و خوێندنگە کارلێکی پۆزەتیڤ دەکەن.

6- دەرکەوتنی هەڵسەنگاندنی گشتگیری کەسایەتیی فێرخواز، نەك تەنها پێوانەکردنی گەشە و فێربوونی فێرخواز بە تاقیکردنەوە و دەرچوون تێیدا، بەڵکو دەبێت لایەنەکانی ویژدانی و ڕەفتاری فێرخوازیش هەڵبسەنگێندرێن[1].


## 2-2 ڕەگەزەکانی پەیڕەو

هەروەکو ئاماژەمان پێدا، پەیڕەو تەواوی لایەنەکانی کەسێتی لەخۆ دەگرێت، پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەدەن کە پەیڕەو لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش: (ئامانجەکان، ناوەرۆك، ڕێگای وانەوتنەوە*، هەڵسەنگاندن)ن. ئەم چوار ڕەگەزەش پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە و کار لە یەکتری دەکەن، ئەمە وێڕای ئەوەی هەر ڕەگەزێکیان کۆمەڵێك پێکهاتە لەخۆ دەگرێت، شێوەی (3) ڕەگەزەکانی پەیڕەو و پەیوەندیان بە یەکەوە و کارلێکیان لە یەکتری ڕوون دەکاتەوە.

---

[1] أحمد إبراهيم قنديل: المناهج الحديثة، دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، المنصورة، ط3، 2005، ل5-6.

* هەندێك لە پسپۆڕان، ستراتیژی وانەوتنەوە، یان چالاکی لە جێی ئەم ڕەگەزە دادەنێن، ستراتیژ بەرفراوانترە لە ڕێگای وانەوتنەوە، لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە لەسەر ئەو زاراوانە بوەستین و باسیان لێوە بکەین (نووسەر).




**شێوەی (3) ڕەگەزەكانی پەیڕەو**

أ – ئامانجەكان*: ئەو مەبەستانەن كە دەویسترێت لە پرۆسەی فێركردن بەدیبهێنرێن[1].

ب – ڕێگای وانەوتنەوە: ڕەفتاری مامۆستا لەناو پۆل، بە هۆیەوە كارلێك لە نێوان فێرخواز و بابەتی وانەكە دروست دەكات، بە مەبەستی گەیشتن بە باشترین ئاستی بەدیهێنانی ئامانجەكان[2].

ج – هەڵسەنگاندن**: كردەوەیە، بە هۆیەوە بڕیار دەدرێت لەسەر ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییە ویستراوەكان و سەركەوتوویی پرۆسەی فێركردن بە سەرجەم ڕەگەزەكانیەوە[3].

---

* لە بەشی سێیەم بە درێژی باس لە ئامانجەكان دەكەین (نووسەر).

[1] سهيلة محسن كاظم الفتلاوي وأحمد هلالي: المناهج التعليمي والتوجه الإيدولوجي، النظرية والتطبيق، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2006، ل62.

[2] أحمد إبراهيم قنديل: هەمان سەرچاوە، ل17.

** لە بەشی هەشتەم بە درێژی باسی هەڵسەنگاندن دەكەین.

[3] سهيلة محسن كاظم الفتلاوي وأحمد هلالي: هەمان سەرچاوە، ل95.

د - نـاوەرۆك*: نـاوەرۆكی فێربـوون، یـان ئـەوەی پـەیڕەو لەخۆیـدەگرێت، بـواری مـەعریفی، كارامـەیی و ویـژدانی دەگرێتـەوە كـە نـاوەرۆك ئامـاژەی پێـدەدات، یاخود پەروەردەكاران بە پێویستی دەزانن لە میانەی پرۆسەی وانەوتنەوەدا پەرەی پێبدەن[1].

كاتێك پەروەردەكان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە بە پرۆسـەی پـەروەردە هەڵدەستن، چوار پرسیاری سەرەكی خۆی دەسەپێنێت و دەبێت وەڵامی بۆ ئامادەبكرێت، ئەوانیش:

- چ وانەیەك دەڵێینەوە؟
- بۆچی دەیلێینەوە؟
- چۆن دەیلێینەوە؟
- چۆن شوێنەواری ئەوە دیاری بكەین كە وتوومانەتەوە؟

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری یەكـەم، نـاوەرۆكی پـەیڕەو بـە فێرخـوازان دەڵێینـەوە، ئەمەش دەروازەیەكی سەرەكیی وانەوتنەوەیە، پرۆسەی وانەوتنەوەش بێ ئـەم دەروازەیە نایەتەدی، چونكە ناگونجێت مامۆستا وانەی وتبێتەوەو شتێكی نەدابێتە فێرخواز و هیچی فێرنـەكردبێت، دەگونجێـت ئـەوەی مامۆسـتا پێشكەشـی فێرخوازەكـانی كـردووە، یـان فێرخوازەكانی فێركردووە، زانیارییـەك بێـت وەك: زەریـای ئەتڵەسـی گـەورەترین زەریای جیهانە، یـان كارامەییـەك بێـت وەك: فێربـوونی بـەكارهێنانی كۆمپیوتـەر، یا وروژاندنی ویژدان و هەڵچوونیان بێت وەك: بەهای بەخشندەیی. هـەر یـەكێك لەوانـە لـە چوارچێوەی پرۆسـەی وانەوتنـەوە دەدرێنـە فێرخـواز، یـان هەوڵـدەدرێت فێرخـواز فێـری بكرێـت بـە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێكی دیاریكراو، بە ناوەرۆك ناوزەد دەكرێت[2]. لەبـەر ڕۆشنایی ئەو ڕوونكردنەوەدا، دەردەكەوێت كە ناوەرۆك كۆمەڵێك زانیاری و كارامەیی و بەهایە، كە دەگونجێت چەند ئامانجێكی پەروەردەیی بەدیبهێنێت.

---

* ناوەرۆك لە ئەدەبیاتی پەروەردەییدا بە زیاتر لە ناوێك ناودەبرێت، لەوانە: ناوەرۆكی فێربوون، ناوەرۆكی فێركردن، ناوەرۆكی خوێندن، ناوەرۆكی بابەتی خوێندن، بابەتی خوێندن، مشتومڕیش لە نێو پسپۆڕاندا هەیە لەسەر ئەوەی كام لەو ناولێنانە بەدیقەترە. (نووسەر).

[1] أحمد إبراهيم قنديل: هەمان سەرچاوە، ل11.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، رؤية منظومية، عالم الكتب، القاهرة، ط2، 2001، ل107- 108.

## 3-2 شیکردنەوەی ناوەرۆك

شیکردنەوەی ناوەرۆك شێوازی وەسفکردنی بابەتیی و ڕێکخراو و چەندێتی ناوەرۆکی فێرکردنە بەپێی چەند پێوەرێك کە پێشتر دانراون[1]. یان ئەو هەنگاو و ڕێکارانەیە مامۆستا ئەنجامی دەدات لە بەشبەشکردن و لێکهەڵوەشاندنی ناوەرۆك بۆ ڕەگەز و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لە هەرسێ بواری مەعریفی، کارامەیی و ویژدانی[2].

ناوەرۆکی فێرکردن لە کۆمەڵێك ڕەگەز پێکدێت، شیکردنەوەش واتای لێکجیاکردنەوە و پۆلێنکردنی بەسەر پێکهێنەرەکانی، ئەمەش یەکێکە لەو کارامەییانەی پێویستە لە مامۆستادا هەبێت، چونکە ئەمە یارمەتیی دەدات لە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکان، گرنگیی شیکردنەوەی ناوەرۆك وەکو کارامەییەکی مامۆستا، لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێت:

1- شیکردنەوەی ناوەرۆك یارمەتیی مامۆستا دەدات لە دانانی پلاندا، چونکە بە شێوەیەك مامۆستا ئاشنا دەکات بە پێکهاتەی ناوەرۆکی بابەتی خوێندن، کە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێك دابنێت و دووربکەوێتەوە لە وانەوتنەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی.

2- یارمەتیی مامۆستا دەدات لە ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکەکەسیی نێوان فێرخوازان و ئاشنابوون بە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون.

3- یارمەتیی مامۆستا دەدات لە ئاسانکردن و بەشەکیکردنی کارامەییە ئاڵۆزەکان بۆ کارامەیی سادە و لاوەکی، بە شێوەیەك فێربوونیان ئاسان بێت[3].

4- ئاسانکردنی دەستنیشانکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان.

5- هاوکاریی مامۆستا دەکات لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو، چونکە بە گوێرەی ناوەرۆك ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو دیاریدەکرێت.

6- یارمەتیی مامۆستا دەدات لە دەستنیشانکردنی ئامرازی هەڵسەنگاندنی گونجاو[1].

---


[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، دار صفا للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2011، ل55.

[2] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.uqu.edu.sa ڕۆژی 2012/12/15.

[3] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل65.

## 2-4 پۆلێنکردنی ناوەرۆك

پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی پۆلێنکردنی ناوەرۆك، ئێمە لێردەا هەوڵدەدەین ئەو پۆلێنکردنە وەربگرین کە زۆرترین شارەزایانی ئەو بوارە لەسەری کۆکن، ئەویش پۆلێنکردنی ناوەرۆکە بۆ سێ بواری سەرەکیی مەعریفی، کارامەیی و ویژدانی، شێوەی (4) بوارەکانی ناوەرۆکی فێربوون ڕووندەکاتەوە.




**شێوەی (4) پۆلێنکردنی ناوەرۆك**

### 2-4-1 بواری مەعریفی:

مەبەست لەو زانیارییانەیە لە چوارچێوەی پرۆسەی وانەوتنەوەدا دەدرێنە فێرخواز[2]، ئەمیش دابەشدەکرێت بەسەر چەند بەشێکدا:

1- ڕاستییەکان: مەبەست پێی ئاماژەیەك، یان ڕستەیەك، یان دەربڕینێکە کە بڕوا بە ڕاستییە[3]. ڕاستی ئەگەر ڕووداوی ڕابردوو و مێژوویی نەبێت، دەگونجێت تێبینی بکرێت، هەروەها ڕاستی لە زۆربەی بوارەکانی زانیاریدا دەکرێت دووبارە بکرێتەوە[4]. دەگونجێت ڕاستی ڕەها بێت، وەك: نوێژ پایەی دووەمی ئیسلامە، یاخود ڕێژەیی بێت وەك: ئاسن بە گەرمی دەکشێت، یاخود داتا بێت وەك: نزمترین پلەی گەرمای شاری سلێمانی لە مانگی ئەمووزدا (22) پلەی سەدییە.

---

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل135.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل109.

[3] جودت أحمد سعادة وعبدالله محمد إبراهیم: تنظیمات المناهج وتخطیطها وتطویرها، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، 2001، ل371.

[4] أحمد إبراهیم قندیل: هەمان سەرچاوە، ل12.

2- چەمك*: كۆمەڵە شتێكن لەسەر بنەمای سیفەت و خەسڵەتی هاوبەش كۆكراونەتەوە و بەگوێرەی پێوەرێكی دیاریكراو پۆلێنكراون[1]. یاخود وشەیەك یان زاراوەیەكە بۆ ناولێنانی شتێك كە لەسەر بنەمای كۆمەڵێك خەسڵەتی هاوبەش كۆكراونەتەوە[2]. چەمك لە دوو بەشی سەرەكی پێكدێت: ناوی چەمك كە وشەیەك یاخود زاراوەیەكە، بەشی دووەم ئاماژە یاخود پێناسەی زاراوەكە[3]. بۆ نموونە: لاكێشە: شێوەیەكە چوار لای هەیە، هەردوولای بەرانبەر یەكتر یەكسانن و چوار گۆشەی وەستاوی هەیە. لەم نموونەیەوە ڕووندەبێتەوە (لاكێشە) چەمكە و پێناسەیەكیشی بۆ كراوە كە خەسڵەتی هاوبەشی نێوان هەموو لاكێشەیەكی تێدا ڕوونكراوەتەوە.

هەندێك لە چەمكەكان بە هەستەوەرەكان هەستیان پێدەكرێت، بۆ نموونە: شێردەرەكان، سێگۆشە، دۆڵ، دەریاچە، باڵندە، ... هتد. بەڵام هەندێ چەمكی ڕووت هەن بە هەستەوەرەكان هەستیان پێناكرێت، بۆ نموونە: دیموكراسی، ئازادی، ڕەوشت، لێبوردەیی، ... تاد.

3- گشتاندن** (التعميم): گوزارشتێكە دوو چەمك یان زیاتر پێكەوە پەیوەست دەكات و بەوە دەناسرێتەوە كە بۆ هەموو كات و شوێنێك گونجاوە[4]. دەگونجێت گشتاندن پرەنسیپێك (مبدأ) بێت، واتە ڕوودانی شتێك یاخود دیاردەیەك پەیوەست بێت بە ڕووداوێكی ترەوە. بە مانایەكی تر، پرەنسیپ هۆكار و دەرئەنجامە و پەیوەندییەكی مەرجداری تێدایە، بۆ نموونە: (یاسای بۆیل: ئەگەر فشاری زیاتر خرایە سەر غاز قەبارەكەی بچووك دەبێتەوە)، مەبەستەكانی شەریعەت مرۆڤایەتی بەرەو بەختیاری دەبەن، ستەمكاری شارستانییەتەكان بەرەو داڕووخان دەبات، ئەگەر دوو ڕاستەهێڵ تەریب بن هەرگیز بە یەكتری ناگەن.

---

* لێرەدا چەمك و زاراوە لەژێر ئەم بەشەدا پۆلێنكراون و لێكجیانەكراونەتەوە.

[1] سهيلة محسن كاظم الفتلاوي وأحمد هلالي: هەمان سەرچاوە، ل155.

[2] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل66.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل112.

** هەندێك لە پسپۆڕان لەجیاتی گشتاندن زاراوەی پەیوەندییەكان بەكاردەهێنن.

[4] جودت أحمد سعادة وعبدالله محمد إبراهيم: هەمان سەرچاوە، ل371.

هەروەك دەگونجێت گشتاندن وەسف بێت، وەكو: هەموو بوونەوەرە زیندووەكان هەناسە دەدەن، كانزا بە گەرمی دەكشێت.

4- یاسا و ڕێساكان: یاسا، داڕشتنی چەندێتیی دیاردەیەك یان چەند دیاردەیەكی دیاریكراوە، ئەو گۆڕانكارییانە دەستنیشان دەكات كە بەسەریدا دێت لەژێر كاریگەریی چەندێتی و چۆنێتیی كارتێكەرێكی دیاریكراودا. ڕێساش هەمان پلەی یاسای هەیە، بەڵام زیاتر لایەنی چۆنێتی بەسەریدا زاڵە[1]. بۆ نموونە:

- یاسای ئۆرستد (كارۆموگناتیسی): هەر كاتێك تەزووی كارەبا بە گەیەنەرێكدا تێپەڕێت، بوارێكی موگناتیسی بەدەوری گەیەنەرەكەدا دروست دەبێت.

- یاسا بیركارییەكان.

- ڕێساكانی زمانی كوردی.

5- بیردۆز: دەربڕینێكی كورتە كۆمەڵێك دیاردە ڕاڤە دەكات، دەگونجێت ژمارەیەك گریمانە لەخۆبگرێت كە لە شێوەی پێشنیاركراوی گرفت یان چەند گرفتێكدا دەخرێتەڕوو، ناوەڕۆكەكەی كۆمەڵێك چەمك و ڕاستی لەخۆدەگرێت[2]. بۆ نموونە:

- تیۆری فرۆید لە بواری دەروونناسی دەربارەی گرێی دەروونی، كە دەڵێت گرێی دەروونی لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە و بە هۆی كارتێكەری دەرەكییەوە دروست دەبێت كە هەڵچوون لای منداڵ دروست دەكات.

- تیۆری ڕێژەیی.

- بیردۆزەكانی ئەندازە.

- بیردۆزی (فۆن تۆنن) لە بواری جوگرافیاوە، دەربارەی گواستنەوەی تێچوون، ئەو بەرهەمانەی زوو تێكدەچن نزیكی بەكارهێنەر بن، سنووری دەرەوەی شارەكان دابەش دەكات بۆ شەش پشتێن: سپیایی، دارستان، دانەوێڵە بە شێوەی چڕ، دانەوێڵە و ئاژەڵ لەوەڕاندن، دانەوێڵە بە شێوەی فراوان، ئاژەڵ لەوەڕاندن.

---

[1] أحمد إبراهیم قندیل: هەمان سەرچاوە، ل14.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل14.

## 2-4-2 بواری کارامەیی*:

مەبەست پێی ئەو کارامەییانەیە کە هەوڵدەدرێت لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا فێرخواز بەدەستیان بهێنێت، زۆرتر لە شێوەی نواندندا دەردەکەون[1]. کارامەیی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکرێت:

1- کارامەیی مەعریفی، بە کارامەیی عەقڵیش ناودەبرێت، ژمارەیەکی زۆری کارامەیی لەخۆدەگرێت، وەك: تێبینیکردن، وەسفی واقیع، پۆلێنکردن، نەخشەکێشان، جیاکاری، ڕاڤەکردن، شیکردنەوە[2]، کارامەیی بیری ڕەخنەگرانە، بەدواداگەڕانی زانستی، بیری داهێنەرانە، کۆکردنەوە، لێدەرکردن، دابەشکردن، لێکدان، خێرا خوێندنەوە، دەربڕینی وشە، ... هتد[3].

2- کارامەیی جووڵەیی، ئەم کارامەییە نواندی جووڵەیی ماسولکە و ئەندامەکانی لاشەی تێدا زاڵە و چەند کارامەییەکی لاوەکی لەخۆدەگرێت، وەکو:

- کارامەیی یارییە وەرزشییەکان و گاڵتەوتەگەپ: مەلەوانی، تۆپی پێ، تۆپی دەست، باسکە، هەڵپەڕکێ، پاسکیلسواری، ... تاد.

- کارامەیی پەرستن: دەستنوێژگرتن، نوێژکردن، ... تاد.

- کارامەیی زمانەوانی: وتاردان، دەربڕین بە جەستە، نواندنی بێدەنگ، قورئانخوێندن، ... تاد.

- کارامەیی هونەرەجوانەکان: مۆسیقاژەنین، وێنەکێشان، پەیکەرتاشی، وێنەگرتن، ... تاد.

- کارامەیی پیشەیی: وێنەی ئەندازەیی، بەکارهێنانی ئامێرەکان، چێشتلێنان، دروومان، سەرتاشین، لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، ... تاد.

- کارامەیی تاقیگە: توێکاری، پێوانە، کێشانە، دیاریکردنی چڕی، ئامادەکردنی غاز، ... تاد.

- کارامەیی پەیوەندیی کتێبخانە: چاپکردن، خۆشنووسی، ... تاد[4].

---

* هەندێکجار بە کارامەیی دەروونجووڵەیی ناودەبرێت.

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل120.

[2] أحمد إبراهیم قندیل: المناهج الحدیثة، ل15.

[3] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل121.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل121.

## 2-4-3 بواری ویژدانی:

مەبەست لە لایەنی ویژدانی و سۆزداریی فێرخوازە کە دەخوازرێت گەشەی پێبدرێت، گرنگترین پێکهێنەرەکانی:

1- حەز (المیل): مەبەست لە حەز، هەر شتێك یان چالاکییەك تاك گرنگیی پێبدات و لە چالاکیی تر بە چاکتری بزانێت، لە کاتی ئەنجامدانیشیدا هەست بە خۆشی و ئاسوودەیی بکات[1]، وەك: خوێندنەوە، گوڵڕواندن، وێنەکێشان، کۆکردنەوەی پوول، بەخێوکردنی باڵندە، گەشتکردن، ئینتەرنێت، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، ... تاد.

2- ئاراستە (اتجاه): خواستێکە تاك ئامادە دەکات بۆ وەڵامدانەوەیەکی ڕەفتاریی دیاریکراو بەرانبەر هزرێك، دۆخێك، شتێکی دیاریکراو، دیاردەیەك، ڕووداوێك یان کەسێك، جا وەڵامدانەوەکە پۆزەتیڤ، نێگەتیڤ یا بێلایەن بێت[2]. کاتێك تاك ڕووبەڕووی بابەتێك (کەسێك، هزرێك، دیاردەیەك، ڕووداوێك، ... هتد) دەبێتەوە، هەڵوێستێکی دیاریکراوی بەرانبەری دەبێت، هەڵوێستەکەش وەرگرتن و پێڕازیبوون بێت و پێی ئاسوودە و کامەران بێت، یان ڕەتیکاتەوە و پێی نیگەران و دڵتەنگ و ناڕەحەت بێت، یا هەر بەلایەوە گرنگ نەبێت و پشتگوێی بخات، ئەوا زاراوەی ئاراستە بەکاردێت وەکو ئاماژەدانێك بەو هەڵوێست و کاردانەوەیەی ئەو تاکە دەینوێنێت. کەواتە ئاراستە هەستێکی تاڕادەیەك جێگیری تاکە، وەڵامدانەوەکانی دیاریدەکات بەرانبەر بابەتێك، یان دۆخێکی دیاریکراو، ئیتر وەڵامدانەوە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە یان بێلایەن بوون بێت، ئاراستەش ئەم خەسڵەتانەی هەیە:

1- بوونی بابەتێك، دیاردەیەك، ... تاد، تا ئاراستەی لەسەر بنیاد بنرێت.

2- حوکم لەخۆدەگرێت.

3- ڕێژەییە.

4- ڕەفتاری لێدەکەوێتەوە[3].

---

[1] عایش محمود زیتون: الاتجاهات والمیول العلمیة في تدریس العلوم، دار عمان للنشر والتوزیع، عمان، 1988، ل58.

[2] سهیلة محسن کاظم الفتلاوي: المناهج التعلیمي والتدریس الفاعل، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، 2006، ل357.

[3] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل126.

نموونەی ئاراستە کە دەکرێت لە پرۆسەی پەروەردەدا نەشونما بکات، پۆزەتیڤ: زیادەڕۆینەکردن لە بەکارهێنانی وزە و ئاو، بەکارهێنانی خواردنی تەندروست، پاکڕاگرتنی ژینگە، ... تاد. ئاراستەی نێگەتیڤ کە دەکرێت خوێندکار والێبکرێت هاوڕابێت لەسەری: بەکارنەهێنانی ماددەی هۆشبەر، جگەرەنەکێشان، قۆپیەنەکردن لە تاقیکردنەوە، ... تاد[1].

3- بەها (القیم): بەها یەکێکە لەو چەمکانەی جۆرێک لە ناڕۆشنی و تێکەڵی لە بەکارهێنانیدا هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پسپۆڕان و شارەزایانی بوارە جیاوازەکانی مەعریفە قسەیان لەسەر ئەو چەمکە کردووە، ئایینناسان، ئابووریناسان، فەیلەسوفەکان، زمانناسان، کۆمەڵناسان، ... تاد، هەریەکەو پێناسەی خۆیان بۆ بەها بە شێوەیەک کردووە لەگەڵ پسپۆڕییەکەی خۆیاندا بگونجێت، ئەمە وێڕای ئەوەی پاشخانی ئایدۆلۆژی و ئەو تیۆرەی لە پشت ئەو پسپۆڕیەوەیە کاریگەریی هەیە لەسەر تێڕوانین بۆ چەمکی بەها[2].

(پاری Parry) پێیوایە "بەها واتە گرنگپێدان، ئەگەر شتێك لای تاك مایەی گرنگپێدان بوو ئەوە بێگومان بەها وەردەگرێت". بەڵام (بوگاردس Bogardies) پێیوایە "بەها هاوواتای ئاراستەیە و دووڕووی یەك دراون"[3]. لە فەرهەنگی (وێبستەر Webster)دا هاتووە "بەها پێوەر و بنەمایەکە بەکاردێت بۆ حوکمدان لەسەر شتەکان، کەسەکان و هەڵوێستەکان، بەوەی باش و ویستراوە، یاخود خراپ و نەویستراوە"[4]. (ئەحمەد) بەوە پێناسەی دەکات کە "کۆمەڵێك یاسا و پێوانەیە لەناو کۆمەڵێکدا دروست دەبێت، دەیکەنە پێوەری حوکمدان لەسەر کار و کردەوە ماددی و مەعنەوییەکان، بەشێوەیەك هێز و کاریگەریی هەیە لەسەر کۆمەڵ کە تاکەکانی پێوەی پابەند دەبن و شێوەیەکی گشتگیر

---

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل127.

[2] علي عباس: القیم السلوکیة، ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.schoolarabia.net ڕۆژی 2012/12/10.

[3] توفیق مرعي وأحمد بلقیس: المیسر في علم النفس الاجتماعي، دار الفرقان للنشر والتوزیع، عمان، ط2، 1984، ل216.

[4] علي عباس: القیم السلوکیة، ئینتەرنێت: www.schoolarabia.net

وەردەگرێت، هەر لادانێکیش لێی بە دەرچوون لە بنەماکانی کۆمەڵ و ئامانجە بەرزەکانی دادەنرێت"[1]. بەوەش پێناسە دەکرێت کە "کۆمەڵێك پێوەر و حوکمە لە ئەنجامی شارەزایی و کارلێك لەگەڵ کۆمەڵ، لای تاك دروست دەبێت، بە شێوەیەك یارمەتیی دەدات لە دیاریکردنی ئامانج و ئاراستەی ژیانی و خستنەگەڕی تواناکانی، ئەمەش لەو بەهایانەدا خۆی دەنوێنێت کە لە شێوەی گرنگیپێدان و ئاراستە و ڕەفتار و گوفتاری ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت"[2].

بەها، پێدراوێکی کۆمەڵایەتییە، تاك لەناو کۆمەڵ دەژی و چوارچێوەی هزر و بیرکردنەوەی دادەڕێژرێت، لێرەوە بەها بۆ شتەکانی دەوروبەری دادەنێت و حوکم دەدات بەسەریاندا، بۆیە بەها لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، تەنانەت هەندێك جار لەناو خودی کۆمەڵگەشدا بە شێوەیەکی ڕێژەی تێڕوانینی جودا بۆ بەها دروست دەبێت[3].

بە هەمان شێوەی پێناسەکەی، شارەزایان پۆلێنی جیاوازی بەها دەکەن. عەبدولڕەحمان بەدەوی دابەشی دەکات بەسەر سێ بواردا، ئەوانیش: بەهای عەقلی، بەهای جوانناسی و بەهای ڕەوشتی. بەڵام هەندێکی تر لە شارەزایان دابەشی دەکەن بۆ: بەهای تیۆری، بەهای ئابووری، بەهای جوانناسی، بەهای کۆمەڵایەتی، بەهای ئایینی، بەهای سیاسی، بەهای هونەری[4].

بەها بە بنەمایەکی سەرەکیی پرۆسەی پەروەردە ئەژمار دەکرێت، بۆیە ئەوەی لەسەر مامۆستا پێویستە هەڵهێنجانی بەهایە لە ناوەرۆکی پەیڕەو و دیاریکردنیەتی وەکو ئامانجێکی پەروەردەیی و کارکردن بۆ بەدیهێنانی. نموونەی ئەو بەهایانەی کە دەگونجێت مامۆستا لە دەروونی فێرخوازدا گەشەی پێبدات: هاوکاری، دەستپاکی، لێبوردەیی، دادپەروەری، بەخشین، ڕێزگرتن، خۆشەویستی، باوەڕ بە خوا، دڵسۆزی، هەستکردن بە

---

[1] لطفي بركات أحمد: في فلسفة التربية، دار المريخ للنشر، الرياض، 1986، ل250.

[2] فؤاد علي العاجز وعطية العمري: القيم وطرق تعلمها وتعليمها، دراسة مقدمة الى مؤتمر كلية التربية والفنون في جامعة اليرموك المنعقد في (27-29/7/1999) الاردن، ل5.

[3] القيم، ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.social.3abber.com ڕۆژی 2012/12/10.

[4] فؤاد علي العاجز وعطية العمري: هەمان سەرچاوە، ل9.

بەرپرسیاری، خۆڕاگری، داهێنان، بابەتیبوون، کراوەیی، خۆشەویستیی نیشتمان، .... تاد.

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە بەها هاوواتای ئاراستەیە، بەڵام زۆربەی شارەزایان پێیانوایە ئەو دوو چەمکە تەواو لە یەکتر جیاوازن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، لێرەدا ئاماژەیەك بە هەندێ جیاوازیی نێوان ئاراستە و بەها دەدەین:

– بەها خەسڵەتێکی کۆمەڵیی هەیە، بەشێکە لە کولتووری کۆمەڵگە و پەیوەستە بە تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ شتێك، بەڵام ئاراستە خەسڵەتێکی تاکگەرایی هەیە و بەشێك نییە لە کولتووری کۆمەڵگە، بەڵکو پەیوەستە بە تێڕوانینی تاك یان دەستەیەکی بچووکی ناو کۆمەڵ بۆ شتێك.

– بەها جێگیرترە لە ئاراستە و گۆڕانی زەحمەتە.

– بە زۆری بەها ئاسانتر پێوانە دەکرێت، چونکە خاوەنەکەی پێیخۆشە تێیدا ڕەنگبداتەوە.

– بەها هەمیشە پۆزەتیفە، بەڵام ئاراستە دەکرێت نێگەتیف و بێلایەنیش بێت.

– بەها دەبێت لەگەڵ کولتووری کۆمەڵگەدا کۆك و تەبا بێت، بەڵام مەرج نییە ئاراستە لەگەڵ بەهای باوی ناو کۆمەڵگە بگونجێت[1].

4– نرخاندن (التقدير): مەبەست لە نرخاندن ئاماژەیە بۆ چێژوەرگرتن لە لایەنی جوانناسی شتەکان. وەکو: ئەدەب، شیعر، هونەر، مۆسیقا، ... هتد. یاخود نرخاندن و قەدرزانینی کەسەکان و بوارەکانی زانست و مەعریفە[2]، بۆ نموونە: نرخاندنی ڕۆڵی زانستی بیرکاری و تەکنەلۆژیا لە ژیانماندا، نرخاندنی ڕۆڵی زانایانی کورد لە خزمەتکردنی ئیسلام، نرخاندنی ڕۆڵی قازی موحەممەد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان و خۆبەختکردنی لە پێناو دۆزی کورد، نرخاندنی ڕۆڵی ئەنشتاین لە بواری زانستی فیزیا، ... تاد.

لە کاتی شیکردنەوەی ناوەرۆك و بواری ویژدانی، دەبێت مامۆستا ئاگاداری ئەوەبێت کە ئەم بوارە لە هەردوو بواری مەعریفی و کارامەیی زەحمەتترە، چونکە ئەم لایەنە زۆرتر

---

[1] فؤاد علي العاجز وعطية العمري: هەمان سەرچاوە، ل10.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل125.

بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە ناوەڕۆکدا ئاماژەی پێدراوە، مامۆستای کارامە دەبێت لە نێو وشە و دێڕەکاندا بواری ویژدانی هەڵهێنجێت و لە شێوەی ئامانجی پەروەردەیی دایانڕێژێت.

دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە هەریەک لەو چوار پێکهێنەرەی بواری ویژدانی (حەز، ئاراستە، بەها، نرخاندن) سێ ڕەهەند لەخۆ دەگرن:

أ – ڕەهەندی مەعریفی: ئەمەش ئەو مەعریفە و زانستەیە کە پێکهێنەرەکەی لێ پێکدێت، بۆ نموونە: بەهای دەستپاکی، دەبێت فێرخواز مەعریفەی هەبێت کە دەستپاکی چییە، بەمەش ڕەهەندی یەکەمی ئەو بەهایە دێتەدی.

ب – ڕەهەندی ویژدانی: ئەمەش ئەو لایەنە ویژدانی و سۆزدارییەیە کە لای فێرخواز دروست دەبێت بەرانبەر ئەو پێکهێنەرە.

ج – ڕەهەندی ڕەفتاری: ئەو لایەنە ویژدانییەی لای فێرخواز دروست بووە، لە ڕەفتاریدا ڕەنگبداتەوە و جێبەجێی بکات، ئەمەش مانای وایە ئەو پێکهێنەرە هاتووەتەدی و ئامانجەکە پێکراوە[1].

[1] محمد محمود الحيلة: طرائق التدرييس واستراتيجياته، ل386-387.

## چالاکیی و هەڵسەنگاندن:

1 – ئەم چیرۆکە بخوێنەرەوەو وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە:

سێ گەنج کە باری گوزەرانیان باش بوو، لە شارێکی گەورەدا دەژیان. دایکێکی پیریان هەبوو لەگەڵ خزمەتکارەکەیدا لە خانووە کۆنەکەی خۆیدا دەژیا. خانووەکەشیان کەوتبووە گەڕەکێکەوە کە خزمەتگوزاریی زۆری تێدا نەبوو، بەڵام ئەو خانووە بۆ ئەو بیرەوەریی زۆری تێدابوو، دراوسێ کۆنەکانیشی کە لە کۆڵانەکەدا مابوون، یادگارییەکی تری ئەو ئافرەتە بوون و ڕۆژانە لە چێشتەنگاو یاخود عەسر سەردانیان دەکرد، کوڕەکانیش لە پشووی کۆتایی هەفتە پێکەوە سەردانی دایکیان دەکرد و کاتێکی خۆشیان دەگوزەراند.

ڕۆژێک خزمێکیان چووە لای سێ کوڕەکە و پێی وتن: شارەکە گەورەیە و ڕێگا قەرەباڵغە و ئێوەش دەتوانن ڕۆژانە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە دایکتانەوە بکەن و هەواڵی بپرسن، پێویست ناکات هەموو هەفتەیەک بچن بۆ لای، ئەگەر ئەمە بکەن بە سەرە و مانگی جارێک هەمووتان لای دایکتان کۆبنەوە، باشترە بۆ ئێوە.

کوڕە گەورەکە وتی: سەردانکردنی دایکم ناڕەحەت نییە، ئەگەر خەڵکی ئەمە ببیستن کە تۆ دەیڵێیت، چی دەڵێن؟

کوڕی ناوەنجی وتی: دایکم پەیوەندیی لەگەڵ خێزانەکەمدا باش نییە، ئەگەر هەفتەیەک نەچم بۆ لای، تۆمەتبارم دەکات بەوەی کە ژنەکەم هانیداوم نەچم بۆ لای، بۆچی ئەو کێشەیە بۆ خۆم دروست بکەم؟

کوڕە بچووکەکەش وتی: لەو ماڵە بچووکە کۆنەدا بە تەنها دایکم ناژی، بەڵکو بیرەوەریی باوکمی تێدایە، چۆن هەموو هەفتەیەک سەردانی نەکەم؟

پرسیار:

– خانووە کۆنەکە بەلای ئافرەتە پیرەکەوە چی دەگەیەنێت؟

– سووربوونی کوڕەکان لەسەر سەردانکردنی دایکیان هەموو هەفتەیەک چی دەگەیەنێت؟

– پاساوی هەریەک لە کوڕەکان بۆ ڕەتکردنەوەی پێشنیازی دۆستەکەیان ناودەنێیت چی؟

- ئایا ڕەفتاری هاوشێوەی ئەمە دەبینیت کە خەڵک دەیکات، بەڵام پاساویان جیاوازە[1]؟

2- ناوەرۆکی بەشێك، یان یەکەیەك لە کتێبی خوێندن لە بواری پسپۆڕیی خۆت شیبکەرەوە و پۆلێنی بکە بەسەر پێکهێنەرەکانیدا، بەوشێوەیەی لەم بەشەدا پۆلێنکراوە.

[1] صالح الدقلة: سمات القيم وارتباطاته، ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.bishaedu.gov.sa ڕۆژی 2012/12/5.

## فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن

| زنجیرە | کارامەیی شیکردنەوەی ناوەڕۆك | ئاستی نواندن: هەمیشە | ئاستی نواندن: هەندێکجار | ئاستی نواندن: هەرگیز |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەر لە دەستپێکردنی خوێندن، شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ کتێبی خوێندن دەکەم. | | | |
| 2 | ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی بواری مەعریفی شیدەکەمەوە. | | | |
| 3 | ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی بواری کارامەیی شیدەکەمەوە. | | | |
| 4 | ناوەڕۆکی کتێبی خوێندن بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی بواری ویژدانی شیدەکەمەوە. | | | |
| 5 | ساڵانە بە هاوکاری مامۆستایانی هاوپسپۆڕم، پێداچوونەوە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکانی خوێندن لە بواری پسپۆڕی خۆمدا دەکەم. | | | |

# 3- ئامانجەکانی وانەوتنەوە

ئامانجی چاوەڕوانکراو

چاوەڕواندەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:

- گرنگیی ئامانجی وانەوتنەوە لە پرۆسەی پەروەردەدا بخاتەڕوو.
- پۆلێنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە بکات.
- لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی دەخرێنەڕوو، بە دەربڕینی خۆی پێناسەی ئامانجی ڕەفتاری بکات.
- ئامانجە ڕەفتارییەکان پۆلێن بکات.
- مەرجەکانی ئامانجی ڕەفتاری باش دیاری بکات.
- ئاستەکانی ئامانجی ڕەفتاری بواری مەعریفی دیاری بکات.
- ئاستەکانی ئامانجی ڕەفتاری بواری ویژدانی دیاری بکات.
- ئاستەکانی ئامانجی ڕەفتاری بواری دەروونجووڵەیی دیاری بکات.
- ئامانجی ڕەفتاری لە پسپۆڕی خۆیدا لە بوارەکانی (مەعریفی، ویژدانی و دەروونجووڵەیی) دابڕێژێت.

### تەنها پێویستیت بە ئاراستەکردنە

ڕۆژێک گەشتیارێک لە نزیک گوندێک هەڵوەستەیەکی کرد و گومانی برد کە ڕێگاکەی هەڵەکردووە، لەبەر ئەوە لە جامی ئۆتۆمبیلەکەیەوە هاواری کرد لە یەکێک لە جووتیارەکان. کاتێک جووتیارەکە بە پیریەوە هات، وتی: من پێویستیم بە یارمەتیی تۆ هەیە، چونکە ڕێگاکەم هەڵەکردووە و ڕێگەی ڕاستم لێ ونبووە. کابرای جووتیار ساتێک سەرنجی دایە کابرای گەشتیار و پاشان پێی وت: ئایا دەزانیت تۆ ئێستا لە کوێیت؟ گەشتیارەکە وتی: بەڵێ پێش کەمێک لەمەوبەر ناوی گوندەکەتانم بینی لەسەر تابلۆیەک نووسرابوو. ئەی دەزانیت بەرەو کوێ هەنگاو دەنێیت؟ گەشتیارەکە وتی: بەڵێ. پاشان ئەو شوێنەی دیاری کرد کە بۆی دەچێت. جووتیارەکە ئەمجارە پێی وت: بزانە تۆ ڕێگاکەت هەڵەنەکردوە، بەڵکو تەنها پێویستیت بە ئاراستەکردن و ڕێنمایی هەیە! لەمەوە فێردەبین ئەگەر ئامانج و ڕێگا ڕوون بوون، تووشی سەرلێشێوان نابین[1].

---

[1] گۆڤاری بڕیار، ژمارە (20)، ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی 2010، ل5

هەروەکو لە بەشی پێشوو ئاماژەمان پێدا، ئامانجەکان ڕەگەزێکی پەیڕەون و ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. پەروەردەکاران گرنگییەکی زۆریان داوە بە ئامانجەکانی وانەوتنەوە*، بە شێوەیەک کە ڕوونیی ئامانجەکان لە پرۆسەی پەروەردەدا دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش بۆ ئەوەی پرۆسەکە بە ئاسانی و ڕێکخراوی پلانبۆدارێژراو بەڕێوەبچێت، بەمەش هەوڵەکان بەفیڕۆناچن و فێرخوازیش دەزانێت چی فێربووە و ئامانجەکانی لا ڕۆشن دەبێت. بە بڕوای زۆرێک لە شارەزایانیش پرۆسەی پەروەردە بە دیاریکردنی ئامانجەکان دەستپێدەکات و بە هەڵسەنگاندن کۆتایی دێت، هەڵسەنگاندنیش ڕادەی بەدیهاتنی ئامانجەکان دیاری دەکات و گونجاوییان لە پرۆسەی پەروەردە و ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ بەدیهێنانیان گیراونەتەبەر، دەستنیشان دەکات[1]. لەم ڕوانگەوە بە کورتی باس لە گرنگیی دیاریکردنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە دەکەین:

1- یارمەتیی مامۆستا دەدات پلان و چالاکیی گونجاو بۆ وانە و بابەتەکە دابنێت، بەمەش دووردەکەوێتەوە لە بەفیڕۆدانی کات و توانا.

2- یارمەتیی مامۆستا دەدات لە هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان، هەروەک چۆن یارمەتیی دەدات لە هەڵسەنگاندنی پەیڕەوی پرۆسەی پەروەردەیی.

3- هەڵبژاردنی ئامرازی فێرکردنی گونجاو و پەیوەست بە ئامانجەکان.

4- یارمەتیی فێرخواز دەدات گرنگی بدات بە بیرۆکەی سەرەکیی بابەتەکە.

5- متمانەی فێرخواز بە مامۆستا زیاتر دەکات و بە شێوەیەک لێی دەڕوانێت کە خەمخۆر و دڵسۆزە لە وانەوتنەوەدا و ئامانجێکی دیاریکراو هەیە دەخوازێت بەدیی بهێنێت.

6- ترس و دڵەڕاوکێی فێرخواز لە تاقیکردنەوەکان کەمدەکاتەوە، چونکە وای لێدەکات دەڕوانێت کە هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان[2].

---

* لە ئەدەبیاتی پەروەردەیدا زیاتر لە زاراوەیەک بۆ گوزارشتکردن لە ئامانجەکانی وانەوتنەوە بەکاردەهێنرێت لەوانە: ئامانجەکانی فێربوون، ئامانجی وانەوتنەوەی پلانبۆدارێژراو، ئامانجی فێربوونی ویستراو، ئامانجە پەروەردەییەکان، ئامانجەکانی فێرکردن.

1 نایفة قطامي: مهارات التدريس الفعال، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، 2004، ل64.

2 محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل44- 45.

7- یارمەتیی مامۆستا دەدات ستراتیژ و ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو هەڵبژێرێت کە لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکاندا گونجاو بێت، چونکە ئامانجەکان جۆراوجۆرن و بەدیهێنانیشیان ستراتیژ و ڕێگای جۆراوجۆری پێویستە[1].

## 1-3 پۆلێنکردنی ئامانجەکان

پەروەدەکاران ڕاجیان لە پۆلێنکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان، باوترین پۆلێنکردنیش پۆلێنکردنی دووانی و سیانییە، لێرەدا باس لەو دووجۆرە پۆلێنکردنە دەکەین.

### 1-1-3 پۆلێنکردنی دووانی:

1- ئامانجی پەروەردەیی گشتی (دوورمەودا): مەبەست پێی ئامانجە گشتگیرەکانی نەتەوە، یان کۆمەڵگەیە بە ڕەهەندەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە[2]، یان ئەو توانا و کارامەیی و حەز و ئاراستانەن کە فێرخواز دەتوانێت دەریبڕێت دوای خوێندنی یەکەیەکی خوێندن کە ژمارەیەک وانە لەخۆدەگرێت، لە ماوەی دوو هەفتە بۆ ساڵێکی خوێندن[3].

2- ئامانجی ڕەفتاری (کورتمەودا): ئەو ئامانجانەن کە لە ماوەیەکی کورت، بە وانەیەک دێنەدی، فێرخواز دەتوانێت بینوێنێت، بە زۆرییش مامۆستایان ئامانجی ڕەفتاری لە شێوەی ڕستەیەکی کورت دادەڕێژن کە دەبێت فێرخواز لە کۆتایی وانەکەدا فێربوبێت و بینوێنێت[4].

---

[1] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: طرائق التدريس العامة في عصر المعلومات، دار الكتاب الجامعي، العين، الإمارات العربية المتحدة، 2006، ل408.

[2] فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزه: المناهج المعاصرة، دار المنشأة المعارف، الاسكندرية، 2000، ل104.

[3] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل409.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل410.

## 2-1-3 پۆلێنکردنی سیانی:

1- ئامانجی گشتی: کۆمەڵێك ئامانجی سەرەکی و گشتگیرن، لە تێکڕای پرۆسەی پەروەردە یان قۆناغێکی خوێندندا دێنەدی، بە دەستەواژەی گشتگیر گوزارشتی لێدەکرێت[1]. ئامانجە گشتییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە ئاراستەکردنی پرۆسەی پەروەردە، ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێبینی و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، پێویستە بە شێوەی نووسراو بخرێنەڕوو، تا لەبەر ڕۆشناییاندا ئامانجە ناوەندی و تایبەتییەکان دابڕێژرێن[2]. بۆ نموونە بەپێی سیستمی نوێی خوێندن لە هەرێمی کوردستان ئامانجی وانەوتنەوە لە قۆناغی بنەڕەتی بریتییە لە "هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی بڕوا بەخۆ بوو، دیموکرات، دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان و دەروونتەندروست"[3].

2- ئامانجی فێرکاری (ناوەندی): ئەم ئامانجانە کەمتر گشتگیرترن بە بەراورد بە ئامانجە گشتییەکان، لە خوێندنی بابەتێکی دیاریکراو یان بەشێکی بابەتێك دێنەدی[4]، بۆ نموونە هەر کتێبێکی خوێندنگە دەبێت چەند ئامانجێکی ڕۆشن و دیاریکراو بێنێتەدی.

3- ئامانجە ڕەفتارییەکان: ئەو ئامانجە تایبەتییانەن کە بە شێوەیەکی ورد و دیاریکراو و لە ماوەیەکی کورت کە وانەیەکە دێنەدی[5]، هەر کاتێکیش ئامانجی وانەوتنەوە بە شێوەیەك دارێژرا کە ڕەفتارێك بنوێنێت و تێبینی و پێوانە بکرێت، پێیدەوترێت ئامانجی ڕەفتاری[6]، ئەمەش گرنگترین ئەو ئامانجانەن کە دەبێت مامۆستایان لە

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط3، 2009، ل73. محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل35.

[2] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە ل411.

[3] وەزارەتی پەروەردە: سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2009، ل10.

[4] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل73. محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل36.

[5] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل 73.

[6] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل184.

وانەوتنەوەدا ڕەچاوی بکەن و بە شێوەیەك لە پلانی ڕۆژنەدا دایانڕێژن کە لە کۆتایی وانەدا بێنەدی، لەبەر گرنگیی ئەم ئامانجانە کەمێك بە درێژی باسی دەکەین*.

ئامانجی ڕەفتاری بەوە پێناسە دەکرێت کە "وەسفی ئەو گۆڕنکارییەیە کە چاوەڕوان دەرکرێت لە کەسایەتیی فێرخوازدا ڕووبدات لە ئەنجامی تێپەڕبوونی بە شارەزاییەکی فێرکاری و کارلێکی لەگەڵ هەڵوێستێکی وانەوتنەوەی دیاریکراودا"[1]. (میگەر Mager) دەڵێت "گوزارشتێکە ویستێك دەنوێنێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراو لە ڕەفتاری فێرخوازدا"[2]. یان "جۆرێکە لە داڕشتنی زمانەوانی کە وەسفی ڕەفتارێکی دیاریکراو دەکات، کە فێرخواز بتوانێت لە کۆتایی چالاکیی فێرکردن و فێربووندا ئەنجامی بدات و پێوانە و تێبینی بکرێت"[3].

لە کاتی داڕشتنی ڕستەی ڕەفتاری پێویستە ڕەچاوی وردی بکرێت، بەشێوەیەك بێت ڕستەکە بە تەواوی گوزارشت لەو مەبەستە بکات کە لە پێناویدا داڕێژراوە، بۆ نموونە سەرنج لەم ڕستانە بدە کە چەند ئامانجێکی ڕەفتارین:

---

* دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین بەشێك لە شارەزایانی پەروەردە دژی بەکارهێنانی ئامانجی ڕەفتاری دەوەستنەوە و بە چەمکێکی خەڵەتێنەر و درۆزنانە ناوزەدی دەکەن، پوختەی سەرنجی نەیارانی ئامانجی ڕەفتاری لەم خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە:

1- لە ڕووی کردارییەوە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری قورسە و کات و توانایەکی زۆری پێویستە.

2- لە پلانی وانەوتنەوەدا بە شێوەیەکی شکڵی دەنووسرێن.

3- ڕێژەیەکی بەرچاوی ئامانجە ڕەفتارییەکان ئاستە نزمەکانی فێربوون دەنوێنن، بە تایبەت لە بواری مەعریفی.

4- ئامانجی ڕەفتاری پێشبینی ئەنجامەکانی فێربوونە بەر لە ڕوودانی.

5- دیاریکردنی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی تری فێربوون.

6- چالاکنەبوونی لە باشترکردنی دەستهاتووەکان خوێندن (تحصيل الدراسي).

7- گیانی داهێنان لای مامۆستا و فێرخواز سنووردار دەکات.

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ڕەخنانە و وەڵامی یارانی ئامانجە ڕەفتارییەکان بڕوانە: حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل243- 253.

[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، ل24.

[2] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل48.

[3] نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل81.

1- فێرخواز پلەی گەرمی ناوی کوڵهاتوو پێوانەبکات.

2- فێرخواز نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکێشێت.

3- فێرخواز شوێنی هەولێر لەسەر نەخشەی عێراق دیاری بکات.

4- فێرخواز دارشتنێك دەربارەی راپەرین بنووسێت.

5- فێرخواز بەشەکانی کۆئەندامی هەرسی مرۆڤ بژمێرێت.

6- فێرخواز رۆڵی زانایانی کورد لە نووسینەوەی مێژوو بنرخێنێت.

بە سەرنجدان لە هەریەکێك لەو رستانە، بۆمان دەردەکەوێت هەر یەکەیان لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

1- بکەری رەفتار، لە هەموو رستەکاندا (فێرخوان) بکەرە.

2- ناوەرۆکی رەفتار (تەواوکەر)، ئەو گوزارشتانەیە کە هێڵیان بەژێردا هاتووە، ناوەرۆکی ئەو رەفتارەیە کە چاوەڕوان دەکرێت فێرخواز بینوێنێت.

3- رەفتاری نوێنراو (کار)، هەریەکە لە وشەکانی (پێوانەبکات، بکێشێت، دیاری بکات، بنووسێت، بژمێرێت، بنرخێنێت) ئەو رەفتارانەن کە فێرخواز دەینوێنێت. دەگونجێت نواندنەکە گوفتاری بێت وەکو (بژمێرێت)، یان کرداری بێت وەکو (پێوانە بکات، بنووسێت)، هەروەکو چۆن دەشگونجێت رەفتارەکە راستەوخۆ تێبینی نەکرێت و پەیوەندی بە لایەنی ویژدانیی فێرخوازەوە هەبێت وەکو (بنرخێنێت). لەم شیکردنەوەیەدا روون دەبێتەوە رستەی دارێژراو کە رەفتار بنوێنێت، پێکدێت لە بکەر و تەواوکەر و کردار.

## 2-3 مەرجەکانی ئامانجی رەفتاری

شارەزایانی بواری پەروەردە چەند مەرجێکیان بۆ ئامانجی رەفتاری باش داناوە، هەندێك لەو مەرجانە بنەڕەتین، بە نەبوونیان ئامانجی رەفتاری هیچ مانایەکی نابێت، بەڵام هەندێك لەو مەرجانە وابەستەن بە دۆخێکی تایبەتەوە، دەگونجێت هەندێك جار رەچاو بکرێن. لێرە بە گشتیی هەموو مەرجەکان باس دەکەین:

1- دەبێت رەفتاری فێرخواز بنوێنێت، هەروەکو لە پێناسەکاندا ئاماژەی پێدراوە ئامانجی رەفتاری ئەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت فێرخواز ئەنجامی بدات.

2– دەبێت وەسفی دەرئەنجامەکانی فێربوون بکات نەك چالاکییەك کە خوێندکار پێی هەڵدەستێت.

3– دەبێت ئامانجەکە ڕوون و دیاریکراو بێت، ئەو ڕەفتارەی کە خوێندکار دەینوێنێت، جا ڕەفتارەکە (گوفتار، کردار، هەڵوێست) بێت، دەبێت بەشێوەیەك داڕێژرابێت ڕوون و ئاشکرا بێت و هیچ ڕاڤەیەکی تر هەڵنەگرێت، بۆ نموونە. (فێرخواز پلەی گەرمیی لەشی هاوڕێکەی پێوانە بکات)، لێرەدا دەبینین پێوانەکردن ڕوونە و هیچ ڕاڤەیەکی تر هەڵناگرێت.

4– بتوانرێت پێوانە و تێبینی بکرێت، ئامانجی ڕەفتاری باش ئەوەیە کە مامۆستا بتوانێت تێبینی و پێوانەی بکات. هەندێك وشە هەن ئەگەر لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری بەکاربێن، ناتوانرێت پێوانە بکرێن، بەمەش ئامانجەکە نایەتەدی. لەوانە: (تێبگات، چێژببکات، بیربکاتەوە، بڕوای وابێت، .... هتد)، بۆیە دەبێت مامۆستا لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری خۆی لە هاوشێوەی ئەو وشانە بەدووربگرێت. بۆ نموونە ئەگەر ئامانجی ڕەفتاری بەمشێوەیە داڕێژرا ناتوانرێت پێوانە بکرێت:

– فێرخواز چێژ لە خوێندنەوەی شیعر وەربگرێت.

– فێرخواز بڕوای وابێت فیزیا گرنگییەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە.

5– ڕەچاوی ئاستی زانستی و سروشتیی کەسایەتیی فێرخواز بکرێت، بە شێوەیەك کە لە توانای فێرخوازدا هەبێت بینوێنێت[1].

6– دەبێت لەگەڵ ئامانجە گشتییەکان و فەلسەفەی پەروەردەی کۆمەڵگەدا گونجاو بێت و ڕەچاوی توانا مرۆیی و ماددییەکان بکات[2].

7– پێوەر، مەبەست لە پێوەر ئاستی نواندنی ڕەفتاری فێرخوازە کە جێگەی قبوولکردنە و بەڵگەی بەدیهاتنی ئامانجەکەیە، لەبەر ڕۆشنایی پێوەردا پرۆسەی

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل75– 80.

[2] شكري حامد نزال: مناهج الدراسات الاجتماعية وأصول تدريسها، دار الكتاب الجامعي، العين، الإمارات العربية المتحدة، 2003، ل140.

هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت، پێوەر بە شێوەی چۆنێتی یان چەندێتی یان هەردووکیان دادەنرێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

أ- دیاریکردنی لای کەمی وەڵام، بۆ نموونە: فێرخواز بەلای کەمەوە سێ هۆکاری ڕاپەڕینی ئازاری 1991 لە باشووری کوردستان بنووسێت. لە نموونەکەدا دەردەکەوێت ئەگەر فێرخواز سێ هۆکاری نووسی ئەوا ئامانجەکە هاتووەتەدی.

ب – دیاریکردنی پێوەر بە ڕێژەی سەدی، بۆ نموونە: فێرخواز دە ئایەتی سەرەتای سورەتی کەهف بخوێنێتەوەو ڕێژەی (95%)ی خوێندنەوەکەی ڕاست بێت. لێرەدا دەردەکەوێت ئەگەر فێرخواز توانی تا ئەو ڕێژەیە ئایەتەکان بە ڕاستی بخوێنێتەوە، ئەوە ئامانجەکە هاتووەتەدی.

ج – دیاریکردنی پێوەر لەسەر بنەمای کات، بۆ نموونە: فێرخواز بە تاقیکردنەوە بیسەلمێنێت کە هەڵمی ئاو لە هەوادا هەیە لە ماوەی دوو خولەك تێپەڕ نەکات. کەواتە ئەگەر فێرخوازەکە لە ماوەی دوو خولەك تاقیکردنەوەکەی ئەنجامداو داواکراوی سەلماند، ئەوا ئامانجەکە هاتووەتەدی.

د – دیاریکردنی پێوەر لەسەر بنەمای چۆنێتی، بۆ نموونە: فێرخواز بە دەربڕینی خۆی پێناسەی مێژوو بکات. لێرەدا "دەربڕینی فێرخواز" پێوەرێکی چۆنێتییە.

ە – دیاریکردنی پێوەری چەندێتی و چۆنێتی پێکەوە، بۆ نموونە: فێرخواز ئەم ڕستەیە بێ هەڵەی زمانەوانی و لە ماوەی سێ خولەکدا وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی (زانست چرایەکە ئایندە ڕۆشنتر دەکاتەوە).

دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مەرجی پێوەر پەیوەستە بە جۆر و ناوەڕۆکی بابەت و تایبەتمەندیی فێرخواز و ئەو پسپۆڕییەی دەیخوێنێت، لە کاتی هەڵسەنگاندن مامۆستا بەکاریدەهێنێت. هەندێك حاڵەتیش هەن بە ناچاری دەبێت بەکاربهێنرێت، بە تایبەت لەو بوارانەی پەیوەستن بە کاتەوە، بۆ نموونە لە بواری فریاگوزاریی سەرەتایی و بەرگریی شارستانی و پزیشکی و ... تاد[1].

---

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل196 – 198.

8- دۆخ (مەرج): هەندێك جار دەبێت لە دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری باسی ئەو دۆخە بکرێت کە ڕەفتارەکەی تێدا دەنوێنرێت و ڕەفتارەکە مەرجدار دەکرێت بە دۆخێکی تایبەتەوە[1]، بۆ نموونە:

- فێرخواز دەقی یاسای بویل بەوشێوەی لە کتێبی خوێندندا هاتووە، بنووسێت.

- ئەگەر خوێندکار نەخشەیەکی بێدەنگی عێراقی بدرێتێ، لە ماوەی دوو خولەکدا شارەکانی سلێمانی و بەغداد و بەسرە و ئەنباری لەسەر دیاری بکات.

## 3-3 هەندێك هەڵەی باو لە دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان

پێشتر ئامازە درا بە پێکهێنەر و مەرجەکانی دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری، هەڵبەتە لەبەرچاوگرتنی مەرجەکان لە کاتی دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری یارمەتیدەرێکی باشی مامۆستا دەبێت تا باشترین ڕەفتار لە پلانی وانەوتنەوەدا دیاری بکات، بەڵام هەندێك لە مامۆستایان لە کاتی دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری دەکەونە هەڵەوە، باوترین ئەو هەڵانەش کە مامۆستایان و پەروەردەکاران لە کاتی دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری تێیدەکەون، ئەمانەن:

1- دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری بە شێوەیەك کە وەسفی ڕەفتار یان چالاکیی مامۆستا بکات، ڕەفتار دەبێت وەسفی ئەو گۆڕانکارییانە بکات کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕەفتاری فێرخوازدا ڕووبدات، بەڵام ئەگەر وەسفی ڕەفتار یان چالاکییەکی کرد کە مامۆستا لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا ئەنجامی دەدات، ئەوە پێیناوترێت ئامانجی ڕەفتاری[2]، هەروەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- ناساندنی بەشەکانی کۆئەندامی هەناسە بە فێرخواز.

- زیادکردنی توانای بیرکردنەوەی فێرخواز.

ئەوەی لەو دوو نموونەدا باسکراون، هیچیان وەسفی ڕەفتاری فێرخواز ناکەن، بەڵکو چالاکییەکە مامۆستا ئەنجامی دەدات، ئەمەش پێی ناوترێت ئامانجی ڕەفتاری.

---

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل199.

[2] فخرالدین القلا ویونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل417. فوزي طه ابراهیم ورجب احمد الكلزە: هەمان سەرچاوە ل133.

2- وەسفکردنی پرۆسەی فێرکردن نەک ئامانجی فێربوون[1]، سەرنج لەم دوو نموونەیە بدە

- فێرخواز زانیاری دەربارەی بنچینەکانی نەخشەکێشان بەدەستبهێنێت.

- گەشەپێدانی کارامەیی فێرخواز لە کۆکردنەوەی ژمارەی دوو ڕەنووسی.

هەروەکو لە نموونەکاندا دەردەکەوێت، ئەوەی باسکراوە پرۆسەی فێرکردنە نەک ئامانجی پرۆسەکە.

3- دیاریکردنی ناوەڕۆکی بابەتی فێرکردن لەجیاتی دەرئەنجامەکانی فێربوون وەکو ئامانجی ڕەفتاری[2]، بۆ نموونە:

- هۆکارەکانی ڕوودانی بوومەلەرزە.

- یاساکانی کارەبا.

- پێکهاتەی کۆئەندامی هەناسە.

ئەوەی لەو نموونانەدا هاتووە، بابەت و ناوەڕۆکی فێرکردنن لە کاتی وانەوتنەوەدا دەخوێندرێن و باسیان لێوەدەکرێت، نەک ئامانجی ڕەفتاری.

4- دانانی زیاتر لە دەرئەنجام و ڕەفتارێک لە ئامانجێکدا[3]، بۆ نموونە:

- فێرخواز شەڕی چاڵدێران پێناسە بکات و هۆکارەکانی ئەو شەڕە دیاری بکات.

- فێرخواز گرنگیی خێزان لە کۆمەڵگەدا باس بکات و هۆکارەکانی لاوازیی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان خێزانەکاندا شیبکاتەوە.

- فێرخواز هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە دیاری بکات و بە هاوکاریی سێ هاوڕێی پەخشێکی سەر دیوار لەوبارەوە ئامادە بکات.

هەروەکو دەبینین، لە هەر ڕستەیەکدا زیاتر لە ڕەفتارێک و دەرئەنجامێکی فێربوون لە فێرخواز داواکراوە، ئەگەر هەریەک لەوانە بکرێنە دوو ئامانجی سەربەخۆ لە دوو ڕستەی گونجاو و تەواوە، بۆ نموونە ڕستەی یەکەم ئاوای لێبکرێت:

---

[1] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل417. فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزة: هەمان سەرچاوە، ل133.

[2] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل418. فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزة: هەمان سەرچاوە، ل134.

[3] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل418. فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزة: هەمان سەرچاوە، ل135.

- فێرخواز شەڕی چاڵدێران پێناسە بکات.
- فێرخواز هۆکارەکانی شەڕی چاڵدێران دیاری بکات.

5- دارشتنی ئامانجی دوورمەودا و گشتی لەجیاتی ئامانجی ڕەفتاری. هەندێك جار لە کاتی دارشتنی ئامانجەکاندا، هەندێك ئامانج دیاری دەکرێن کە ناتوانرێت لە وانەیەکدا بەدی بهێنرێن، یان ئامانجی گشتین و بەو شێوەیە دارێژراون[1]، بۆ نموونە:

- گەشەپێدانی بیری داهێنەرانە لای فێرخواز.
- فێرخواز خۆی بگونجێنێت لەگەڵ گۆڕنکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

6- دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری بە شێوەیەکی نادیار[2]، هەندێك جار وشەیەك بۆ وەسفی ڕەفتارەکە بەکاردەهێنرێت کە ناتوانرێت تێبینی و پێوانە بکرێت، بۆ نموونە:

- فێرخواز لە یاسای کێشکردن تێبگات.
- فێرخواز چێژ لە خوێندنەوەی چیرۆك وەربگرێت.
- فێرخواز هەست بکات بە گرنگیی ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی.

ئەو کردارانە تێبینی و پێوانەکردنیان ئاسان نییە، بۆیە دەبێت لە دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری خۆبپارێزرێت لەم وشانە و هاوشێوەکانیان.

## 4-3 سەرچاوەی دارشتنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە

تا ئێستا مشتومڕ لە نێوان شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونناسی هەیە لەمەڕ سەرچاوە سەرەکییەکانی ئامانجەکانی وانەوتنەوە، هەندێك جەخت لەوە دەکەنەوە کە سروشتی فێرخواز و حەز و کێشە و گرفتەکانی گرنگییەکی گەورەیان هەیە، بۆیە دەبێت ئەوە ببێتە سەرچاوەی سەرەکیی دارشتنی ئامانجی وانەوتنەوە. هەندێکی تر وایدەبینن کە خودی زانست و کەڵەکەبوونی مەعریفە و ئەو پێشکەوتنانەی لە هەر بوارێکدا دێنەدی،

[1] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل418. حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل209.

[2] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل418. حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل210.

خۆیان وەك ئامانجی وانەوتنەوە دەسەپێنن و لەسەر دامەزراوەی پەروەردە پێویستە ئەر زانیارییانە بداتە قوتابی. هەروەکو هەندێکی تر پێیانوایە کۆمەڵگە و گیروگرفتەکانی و پێویستییەکانی دەبنە سەرچاوەی سەرەکیی داڕشتنی ئامانج لە پرۆسەی پەروەردەدا، بەڵام تێڕوانینی هاوچەرخ لەویارەیەوە ئەوەیە کە زیاتر لە سەرچاوەیەك کاریگەریی هەب لەسەر داڕشتنی ئامانجی وانەتنەوە، بۆیە دەبێت لە پرۆسەی پەروەردە و دانانی پەیڕەوی خوێندن و دیاریکردنی ئامانجەکانی وانەوتنەوەدا، لەبەرچاو بگیرێن، ئەوانیش:

1- فەلسەفەی کۆمەڵگە و پەروەردە: کۆمەڵگە سەرچاوەی سەرەکیی ئامانجی پەروەردەییەکانە، ئایین و کولتوور و تایبەتمەندیی هەر کۆمەڵگەیەك دەبێتە خاڵێکی جیاکاری نێوان کۆمەڵگەکان، فەلسەفەی پەروەردەش لەبەر ڕۆشنایی سروشتی کۆمەڵگە دادەنرێت و دەبێت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە بێت، بە شێوەیەك فێرخواز لە پرۆسەی پەروەردە زانیاری و کارامەییەك بەدەستدەهێنێت کە بەشداری بکات لە خزمەتکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەی[2]، هەر بۆیە دەبێت ئامانجی پەروەردەی کوردستان ڕەنگدانەوەی کولتوور و ئایین و پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری بێت، ئەوەش دەبێتە خاڵێکی جیاکاری فەلسەفەی پەروەردەی کوردستان لەگەڵ فەلسەفەی پەروەردەی کۆمەڵگاکانی تر. هەڵبەتە ئەمەش بەو مانایە نییە کە خاڵی هاوبەش لە نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی خاڵە جیاوازەکانی هەر کۆمەڵگەیەك، دەیان خاڵی هاوبەش هەن و دەکرێت کۆمەڵگەکان لە یەکتریی وەربگرن، هەر بۆیە نابێت کولتووری کۆمەڵگە بکرێتە پاساو بۆ ڕێگرتن لە سوودوەرگرتن لەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگەکانی تر بەدەستیان هێناوە.

2- سروشت و تایبەتمەندیی فێرخواز: دەبێت لە داڕشتنی ئامانجی وانەوتنەوەدا حەز و توانا و قۆناغی گەشە و ویست و کەسایەتیی فێرخواز لەبەرچاوبگیرێن. ئەگەر سادەترین پێناسەی فێرکردن بریتیبێت لە چاکسازی لە ڕەفتاردا، ئەوا ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییە لە ڕەفتاری فێرخوازدا ڕوودەدات، چونکە لە فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخدا فێرخواز

---

1 فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزة: هەمان سەرچاوە، ل106.

2 عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل41.

چەقی پرۆسەی پەروەردەیە، پەروەردەش گرنگی دەدات بە گەشەپێدانی هەموو لایەنەکانی مەعریفی، دەروونجووڵەیی و ویژدانی تاك، بە شێوەیەك کە کەسایەتییەکی گشتگیر و تەواو و هاوسەنگی لێدەرچێت[1].

3- پێشکەوتنی زانست: لە ئێستادا زانست بە شێوەیەکی خێرا لە گەشەکردندایە، داهێنانی زۆر و نوێ و خێرایی بووەتە خەسڵەتی سەرجەم بوارەکانی مەعریفە، ئەمەش دەخوازێت لەبەر رۆشنایی ئەو گۆرانکارییە گەورانەدا ئامانجی نوێی پەروەردەیی دابرێژرێن، کە بە هۆی پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا هاتوونەتەدی[2]، هەر بە نموونە، بواری ئینتەرنێت و پێشکەوتنی ئەو بوارە بە شێوەیەك کاری کردووەتە سەر پرۆسەی پەروەردە، کە بە لای کەمەوە کۆمپیوتەر وەکو بابەتێك لە قۆناغەکانی خوێندن بخوێندرێت.

4- ژینگەی فێرخواز: ژینگەی فێرخوازیش رۆڵی خۆی هەیە لە دیاریکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان، هەربۆیە لە کاتی دارشتنیان ئاماژە دەدرێت بە ئاشناکردنی فێرخواز بە ژینگەکەی و سامانی سروشتی و چۆنێتی بەگەرخستنی سامانی وڵات و کۆمەڵگەکەی و پارێزگاریلێکردنی[3].

5- بابەتی وانەوتنەوە: هەر بابەتێکی وانەوتنەوە کە لە لایەن پسپۆران و دارێژەرانی پلانی پەروەردەییەوە دادەنرێت، ئامانجگەلێکی لە پشتەوەیە و دەویسترێت بهێنرێنەدی، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە لە سەرەتای هەر کتێبێکی خوێندن و لە رێبەریی مامۆستادا ئامانجی بابەتی بریارلەسەردراو روونبکرێتەوە، تا مامۆستا و فێرخواز کار بۆ بەدیهێنانیان بکەن[4]. بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، فیزیا، زمانەکان، ... هتد، لەگەڵ بوونی چەند ئامانجی هاوبەش لە نێوانیاندا، بەڵام بە هەموویان کەسایەتیی فێرخواز لە سەرجەم لایەنەکانەوە دادەرێژن و تەواوی دەکەن.

---

[1] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل41. فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزة: هەمان سەرچاوە، ل109.


[2] فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزة: هەمان سەرچاوە، ل112.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل113.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل114.

6- سایکۆلۆژیای فێرکردن: سایکۆلۆژیای پەروەردەیی و ئەو تێڕوانینانەی لەو بوارەدا هەن، ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە داڕشتنی ئامانجەکانی وانەوتنەوە. بۆ نموونە کاتێک سایکۆلۆژیای پەیروەردیی باس لە سروشتی فێرخواز دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە توانا و ئامادەیی فێرخواز لە پرۆسەی پەروەردەدا هاوتا و هاوئاست نین، دەبێت ئامانجەکان جۆراوجۆر و فرەئاست دابڕێژرێن و ڕەچاوی جیاتاکی فێرخوازان بکرێت[1].

شارەزایانی پەروەردە پلەبەندییان بۆ ئامانجەکنی وانەوتنەوە کردووە، ئامانجەکان لە فەلسەفەی پەروەردەوە سەرچاوە دەگرن و ڕەنگڕێژی بۆ کراوە، بە ئامانجی ڕەفتاری دێنەدی و دەنوێنرێن، ئەمەش شێوەی قووچەکێکی هەڵگەڕاوەی وەرگرتووە، شێوەی (5) پلەبەندیی ئامانجەکانی وانەوتنەوە ڕووندەکاتەوە[2].




شێوەی (5) پلەبەندی ئامانجەکانی وانەوتنەوە


---

[1] فوزي طه ابراهیم ورجب أحمد الکلزە: هەمان سەرچاوە، ل116- 117.

[2] بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: محمد سلمان فیاض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل38، نایفە قطامي: هەمان سەرچاوە، ل73.

## 3-5 بوارەکانی ئامانجی ڕەفتاری

ئامانجە ڕەفتارییەکان بەسەر سێ بواردا دابەش دەبن، ئەوانیش: مەعریفی، ویژدانی و دەروونجووڵەیی، وەنەبێت ئەو سێ بوارەش لێکدابڕاو بن، بەڵکو تێکەڵن و پێکەوە پەیوەستن و لێکجیانابنەوە. ئەگەر ئامانجی ڕەفتاری لە بواری مەعریفی بۆ بابەتێك دانرا، ئەوە مانای ئەوە نییە دوو بوارەکەی تری تێدا نییە، دەگونجێت لە هەمان ناوەڕۆك ئامانجی بواری ویژدانی و دەروونجووڵەییش دابڕێژرێت، یان هەمان ئامانج کە داڕێژراوە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەر سێ بوارەکە لەخۆ بگرێت. شێوەی (6) پەیوەندیی نێوان بوارەکانی ئامانجی ڕەفتاری ڕووندەکاتەوە[1].




**شێوەی (6) پەیوەندی نێوان بوارەکانی ئامانجی رەفتاری.**

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە، سەرنج لەم ڕستەیە بدە کە ئامانجێکی ڕەفتارییە و هەوڵدەدەین لە وانەیەکی تایبەتدا بەدییبهێنین.

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل88.

– فێرخواز وتارێك بنووسێت ئەو بۆچوونانە بەرپەرچبداتەوە کە دەڵێن ئەلفبێی زمانی کوردی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ناگونجێت.

ئەم ئامانجە لە بنەڕەتدا مەعریفییە، دەبێت فێرخواز کۆمەڵێك ڕاستی و زانیاری دەربارەی تایبەتمەندیی ئەلفبێی کوردی بخاتەڕوو، هاوکات بۆچوونی کەسانی تر ببینێت و وەڵامیان بداتەوە، بەڵام ڕەهەندێکی ویژدانیشی هەیە کە وا لە فێرخواز دەکات زمانەکەی خۆشبوێت و شانازیی پێوە بکات و بەرگریی لێبکات، هەروەك چۆن ڕەهەندێکی دەروونجووڵەییشی هەیە کە فێرخواز هەستاوە بە نووسینی وتارێك.

### 1-5-3 بواری مەعریفی:

لایەنەکانی مەعریفە و کردارەکانی عەقڵ دەگرێتەوە بە سەرجەم ئاستەکانیەوە. زانای بواری پەروەردە "بلۆم" ئەم بوارەی دابەشکردووە بەسەر (6) ئاستدا، کە بە شێوەی قووچەکێك دەردەکەون و هەتا بەرەو لووتکەی قووچەکەکە بڕۆین، کردارە عەقلییەکان ئاڵۆزتر دەبێت. شێوەی (7) ئاستەکانی بواری مەعریفی ڕووندەکاتەوە[1].




**شێوەی (7) ئاستەکانی ئامانجی بواری مەعریفی بە پێی پلەبەندی بلۆم**

---

[1] فخرالدین القلا ویونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل421.

1- ئاستی زانین یان لەبەرکردن: ئاستی زانین و لەبەرکردن نزمترین ئاستی بواری مەعریفییە بە گوێرەی پۆلێنکردن و پلەبەندیی بلۆم، لەبەرکردنیش دووبارە گێڕانەوەی ئەو زانیاری، ڕاستی، بیرۆکە، ڕێسا، تیۆر و چەمکانەیە کە پێشتر فێرخواز فێری بووە، مەرجیش نییە فێرخواز لەو زانیارییانە تێگەیشتبێت، یاخود بتوانێت شیتەڵ و ڕاڤەیان بکات[1]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئەم ئاستەدا بەکاردێن: پێناسەی بکات، جیای بکاتەوە، ناوی ببات، دیاریی بکات، بیژمێرێت، بیناسێنێت، ڕوونی بکاتەوە، ڕێکی بخات، دووبارەی بکاتەوە، لەبەری بکات[2]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئاستی لەبەرکردن:

- فێرخواز پێناسەی چوارگۆشە بکات، هەروەکو لە کتێبی خوێندندا هاتووە.
- فێرخواز ڕەنگە گەرمەکان بژمێرێت.
- فێرخواز ناوی سەرۆکی کۆماری کوردستان لە مهاباد دیاری بکات.

2- ئاستی تێگەیشتن یان وەرگرتن (الفهم أو الاستيعاب): مەبەست لەم ئاستە درککردنە بە واتای ناوەرۆکی فێرکردن و توانای گێڕانەوەی زانیاری و تێگەیشتن لە مانای ڕاستەقینەی و گوزارشتلێکردنی بە زمانی فێرخواز، لەگەڵ هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە لەناو پۆل و ژیانی ڕۆژانەدا[3]، هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئەم ئاستەدا بەکاردێن: وەریبگێڕێت، ڕاڤەی بکات، دایبڕێژێت، گوزارشتی لێبکات، شیبکاتەوە، هەڵیبژێرێت، ڕوونیبکاتەوە، لەبارەیەوە بدوێ، هەڵیهێنجێت، دەریببڕێت، پوختەی بکات، کورتی بکاتەوە، نموونە بهێنێتەوە، گفتوگۆی لەبارەوە بکات، دیاریی بکات[4]، نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئاستی وەرگرتن:

---

[1] وليد أحمد جابر: طرق التدريس العامة، تخطيطها وتطبيقاتها التربوية، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، ط4، 2011، ل318.

[2] نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل99. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل91.

[3] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل425. شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل142.

[4] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل426. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل99.

– فێرخواز وتارێکی کورت بە دەربڕینی خۆی دەربارەی ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبدا بنووسێت.

– فێرخواز مانای کێشکردن شیبکاتەوە.

– فێرخواز بە سەرنجدان لە شوێنی جوگرافیی کوردستان، هۆکاری چاوتێبڕینی دەوڵەتانی دراوسێ لە خاکی کوردستان هەڵهێنجێت.

– فێرخواز هۆکاری گرنگیدان بە ئەدەبی منداڵان ڕوونبکاتەوە.

– فێرخواز پوختەیەك دەربارەی سوودەکانی ڕاهێنانی وەرزشی بەیانیان بنووسێت.

3– ئاستی جێبەجێکردن: ئەوەی فێرخواز فێری بووە، لە هەڵوێست و دۆخی نوێدا جێبەجێی بکات، ئاستی جێبەجێکردن ئەم لایەنانە لەخۆ دەگرێت:

أ – جێبەجێکردنی چەمك، بنەما، گشتاندن، ڕاستی، یاسا، ڕێسا و تیۆرییەکان لە هەڵوێستی نوێدا.

ب – شیکارکردنی بابەتەکانی بیرکاری.

ج – دروستکردنی نەخشە و هێڵکاریی شێوە بەیانی.

د– ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو بۆ ئەو پرسیارانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی فێرخواز دەبنەوە[1].

هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئەم ئاستەدا بەکاردێن: هاوسەنگی بکات، پێوانەی بکات، بکێشێت، دیاریی بکات، بدۆزێتەوە، جێبەجێی بکات، نموونە بهێنێتەوە، هەڵبـژێریت، ڕێکبخـات، کاریپێبکـات، بـەکاربهێنێت، شـیبکاتەوە، پیـادەی بکـات، لێیدەربکات، کەرەتی بکات، دابەشی بکات، تاقیی بکاتەوە، ئامادەی بکات، دارێژێت، لە خشتەدا دایبنێت[2]، نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئاستی جێبەجێکردن:

– فێرخواز نەخشەی هەرێمی کوردستان بکێشێت و بەنداوەکانی لەسەر دیاری بکات.

– فێرخواز هاوکێشەی کیمیایی سادە هاوسەنگ بکات.

– فێرخواز ڕووبەری شێوە لاکێشە بدۆزێتەوە.

– فێرخواز ژمارەی دوو ڕەنووسی کۆبکاتەوە.

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل92.

[2] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل429. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل99.

4- ئاستی شیتەڵکردن: ئەم ئاستە ئەوە دەخوازێت فێرخواز ناوەڕۆکی فێربوون دابەش و شیبکاتەوە بۆ پێکهێنەرە سەرەکییەکانی و لە یەکەیەکەی ئەو پێکهێنەرانە و پەیوەندییان بەیەکترەوە تێبگات[1]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئاستی شیتەڵکردن بەکاردێن: پۆلێنیبکات، بەراوردبکات، شیبکاتەوە، دیاری بکات، هەڵوەشێنێت، پارچەپارچەی بکات، لێکیبکاتەوە، جیایبکاتەوە، ئاماژەی پێبدات، دابەشی بکات، وردبینیی بکات، ئەزمونی بکات، شیتەڵی بکات، پێکهێنەرەکانی بناسێنێت، ڕەگەزەکانی دیاری بکات، جیاکاری بکات، جیاوازیی بکات، ئەژماری بکات، لێکبترازێنێت[2]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئەم ئاستە:

- فێرخواز جیاوازی بکات لە نێوان ئابووریی ئازاد و ئابووریی ئاراستەکراو.
- فێرخواز ڕستەی (کۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە) شیبکاتەوە.
- فێرخواز بەراورد بکات لە نێوان چوارگۆشە و سێگۆشە.
- فێرخواز پۆلێنی ئاژەڵە شیردەرەکان بکات.

5- ئاستی پێکهێنان: ئەم ئاستە پێچەوانەی ئاستی شیتەڵکردنە، لەم ئاستەدا فێرخواز بەشەکانی ناوەڕۆکی فێرکردن پێکەوەدەنێت و پێکهاتەیەکی نوێی لێ دروستدەکات کە بەرئەنجامی کاری فێرخوازە، ئەوەش ڕەفتارێکی داهێنەرانەی فێرخوازە، نەك چاولێکردنی ئەوانی تر. توانا و کارامەیی فێرخوازیش لە شیتەڵکردن و پێکهێنانی شتی نوێ زیاد دەکات[3]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاریی ئەم ئاستە بەکاردێن: دروستبکات، بخاتەڕوو، دابنێت، پوختەبکات، کۆبکاتەوە، بنووسێت، دابهێنێت، دابڕێژێت، پێکەوەبنێت، پێکبهێنێت، ڕێکبخات، پلاندابڕێژێت، یەکسانی بکات، بەرهەمبهێنێت، پێشنیاز بکات، هەماهەنگی بکات، پەیوەستی بکات[4]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئەم ئاستە:

- فێرخواز لە وشەی پچڕپچڕ ڕستە دروستبکات.

---

[1] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل319.

[2] نابغة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل99. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل93.

[3] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل431.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل432. نابغة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل100.

بخاتەڕوو. پلانی خۆی بۆ پاراستنی ژینگە بخاتەڕوو.

- فێرخواز لە ڕاپۆرتێکدا پلانی خۆی بۆ پاراستنی ژینگە بخاتەڕوو.

- فێرخواز کتێبێك دەربارەی شیعری کلاسیکی پوختە بکات.

- فێرخواز پلانێك بۆ ئاهەنگی ڕۆژی قوتابخانە بخاتەڕوو.

6- ئاستی هەڵسەنگاندن: بەرزترین ئاستی ئامانجی ڕەفتارییە لە بواری مەعریفی و لووتکەی قووچەکەدایە، چونکە زۆرێك لە ئاستەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت، ئەمەش بە واتای نرخاندن و حوکمدان لەسەر ڕووداو، کەس، دامەزراوە، پرۆژە، سیستەم، یاسا، ... تاد، لەسەر بنەمای چەند پێوەرێك دەبێت کە پێشتر دانراون[1]. هەڵسەنگاندنەکەش دەگونجێت چۆنێتی یان چەندێتی بێت. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری ئاستی هەڵسەنگاندن بەکاردێن: بڕیار بدات، هەڵسەنگێنێت، بەراورد بیکات، بنرخێنێت، بەهای دیاری بکات، بەپێی گرنگی ڕیزی بکات، پاڵپشتی بکات، داکۆکی بکات، بۆچوونی خۆی ڕوونبکاتەوە، لەبارەیەوە بدوێ، ڕاستیبکاتەوە، هەڵهێنجێت[2]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئەم ئاستە:

- فێرخواز ناونیشان بۆ پەخشانێك دابنێت.

- فێرخواز ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی بنرخێنێت.

- فێرخواز گرنگیی بوونی شوێنەوار لە گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار هەڵبسەنگێنێت.

- فێرخواز ڕۆڵی ئینتەرنێت لە لاوازکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەڵبسەنگێنێت.

**سەرنج:**

لە کاتی پۆلێنکردن و دابەشکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکانی بواری مەعریفی بەپێی ئاستەکاندا، دەبێت ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکەین:

أ – مەرج نییە بە شێوەی ڕیزبەندی مامەڵە لەگەڵ ئاستی ئامانجەکاندا بکرێت، هەمیشە بە لەبەرکردن دەستپێبکرێت و بە هەڵسەنگاندن کۆتایی بێت، دەگونجێت مامۆستا بە لەبەرکردن دەستپێبکات و پاشان بچێتە سەر جێبەجێکردن، دواتر بۆ

---

[1] فخرالدین القلا ویونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل433.

[2] نایفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل100. محمد محمود الجیلة: مهارات التدریس الصفي، ل95.

شیکردنەوە، ئنجا بگەڕێتەوە بۆ لەبەرکردن و لەوێشەوە بچێتە ئاستێکی تر، بێنەوەی بە پیزبەندیی ئاستەکاندا تێپەڕێت.

ب - بەگوێرەی قۆناغی خوێندن، ئاستی ئامانجەکان دەگۆڕێت، لەوانەیە قۆناغی سەرەتایی ئەوە بخوازێت کە جەخت لەسەر لەبەرکردن و تێگەیشتن و جێبەجێکردن بکرێتەوە، بەڵام قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی ئەوە بخوازێت کە ئاستی عەقڵی باڵا بەکاربێت، وەکو شیکردنەوە و پێکهێنان و هەڵسەنگاندن.

ج - بەگوێرەی بابەتی خوێندن، ئاستی ئامانجەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆ نموونە، داڕشتن و دەربڕین زۆرتر ئاستی پێکهێنانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لەبەرکردنی قورئان، یان دێڕە شیعرێك لە ئاستی لەبەرکردندایە[1].

## 2-5-3 بواری ویژدانی:

بێگومان بواری مەعریفی گرنگییەکی گەورەی هەیە لە ژیانی تاکدا، چونکە ژیان پڕە لە ڕووداو و کێشە، ئەمەش پێویستی بە باگراوندێکی مەعریفی هەیە تا مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام ئەگەر مەعریفە بەها و ئاراستەی گونجاوی لەگەڵ نەبێت، هیچ گرنگییەکی نییە. لەم ڕووانگەوە، پەروەردەکاران گرنگییان بە ئامانجی ویژدانی داوە، ئەو لایەنەش هەست و سۆز و حەز و ئاراستە و نرخاندن دەگرێتەوە، هەرچەندە بەدیهێنانی ئامانجی بواری ویژدانی قورسترە بە بەراورد بە ئامانجی بواری مەعریفی، چونکە لایەنی ویژدانی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەست و سۆز و ئەوەی لە دەروونی مرۆڤدایە، تێبینیکردنی ئەمەش لە ڕەفتاری تاکدا قورسە، پەروەردەکاری ناودار (کراسۆل krathwohl) بواری ویژدانیی پۆلێنکردووە و دابەشی دەکات بەسەر (5) ئاست، ئاستەکان لە شێوەی قووچەکێك لە ساکارەوە کە لە بنکەی قووچەکەکەدایە، بەرەو ئاڵۆز کە لە لووتکەدایە، دەڕۆن[2]. شێوەی (8) ئاستەکانی بواری ویژدانی دەخاتەڕوو.

---

[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل28.

[2] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل435. شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل145.




**شێوەی (8) ئاستەکانی ئامانجی بواری ویژدانی بە پێی پلەبەندی کراسۆل**

1- ئاستی پێشوازی یان وەرگرتن (الاستقبال أو التقبل): نزمترین ئاست و هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی فێربوون و گەڵاڵەبوونی ئامانجی ویژدانییە. ئاماژەیە بۆ ئامادەباشی و گرنگیدان و سەرنجڕاکێشان و جووڵاندنی هەست و ئاراستەکردنی تاک بۆ پێشوازیکردن و وەرگرتنی شتێك، دیاردەیەك، بیرۆکەیەك ... تاد[1]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری بواری ویژدانی ئاستی پێشوازی بەکاردێن: گوێلێبگرێت، گوێڕادێرێت، وەریبگرێت، گرنگیپێبدات، پێشوازلێبکات، ئامادەبێت، پرسیاربکات، سەرنج بدات، هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەیەوە بدات، بەکاربهێنێت[2]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئەم ئاستە:

- فێرخواز گوێبگرێت لە وتارێك دەربارەی مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە.
- فێرخواز سەرنج بدات لە پاکراگرتنی پۆلەکەی.

[1] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل436. شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل146.

[2] نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل112.

- فێرخواز گرنگی بدات بە سوودوەرگرتن لە کاتی پشووەکانی.
- فێرخواز دەربارەی یاساکانی تەجوید پرسیار بکات.

2- ئاستی وەڵامدانەوە (الاستجابة): لەم ئاستەدا فێرخواز بەوەوە ناوەستێت کە پێشوازی لە دیاردە، شتێك، بیرۆکەیەك، ... تاد بکات، بەڵکو وەڵامدانەویەکی سنوورداری دەبێت کە ئاماژەیە بۆ ڕازیبوون و وروژاندنی حەز و ویستی فێرخواز لە بەرانبەر کارتێکەرەکاندا کە ئاراستەی کراوە[1]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئاستی وەڵامدانەوە بەکاردێن: دەستپێشخەری بکات، پێبڕازی ببێت، هاوڕا بێت، کاتی بۆ تەرخان بکات، یارمەتی بدات، مومارەسەی بکات، لەبارەیەوە بدوێت، گفتوگۆ لەبارەیەوە بکات، هاوکاری بکات، لەبارەیەوە بنووسێت، لێی نزیك ببێتەوە[2]. نموونەی ئامانجی ئاستی وەڵامدانەوە:

- فێرخواز بەشداریی خۆبەخشانە بکات لە هەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ هەژاران.
- فێرخواز بەشداریی گفتوگۆیەك بکات دەربارەی نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە.
- فێرخواز بەشێك لە کاتی خۆی تەرخان بکات بۆ خوێندنەوەی بابەتێك دەربارەی چۆنێتیی ڕوودانی بوومەلەرزە.

3- ئاستی نرخاندن: لەم ئاستەدا فێرخواز نرخ بۆ کارتێکەر (بیرۆکە، ڕووداو، زانیاری، کەس، ... تاد) دادەنێت و وەریدەگرێت، حەز و ویستی فێرخواز بەرانبەر کارتێکەرەکە بە جۆرێکە کە وەریدەگرێت و دەیکاتە بەشێك لە پێکهاتەی دەروونی لە ڕووی حەز و ئاراستە و نرخاندن و بەهاوە، کاتێکیش فێرخواز ئەوە دەردەبڕێت کە بەهای کارتێکەرەکەی وەرگرتووە، یان لەوانی تر بە باشتری دەزانێت و لەناو چەند بەهایەکدا هەڵیدەبژێرێت، یاخود پێوەی پابەند دەبێت، کە ئاماژەیەکە بۆ هاتنەدیی ئەم ئامانجە[3]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئاستی نرخاندن بەکاردێن: گوێڕایەڵی بکات، پشتیوانی بکات، پشتگیری بکات، داکۆکی لێ بکات، پاڵپشتی بکات، دژایەتی بکات، نکوڵی بکات،

---

[1] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل63.

[2] نایفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل112. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل98.

[3] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل320.

بەشداری بکات، هاوبەشی بکات، بانگەشە بکات، بانگەواز بکات، پابەند بێت، گەرەنگ بێت، بە باشتری بزانێت، لە بەرانبەریدا بووەستێت[1]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئەم ئاستە:

- فێرخواز داکۆکی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات.
- فێرخواز پابەند بێت بە بەجێهێنانی نوێژە فەرزەکان لە کاتی خۆیدا.
- فێرخواز دەستپێشخەری بکات لە دروستکردنی گرووپی خۆشنووسیی قوتابخانە.
- فێرخواز پشتیوانیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری بکات.

4- ئاستی ڕێکخستن: ڕێکخستنی بەها، ئاستی چوارەمە لە ئامانجە ویژدانییەکان، ئەویش دەخوازێت فێرخواز بتوانێت ژمارەیەك بەها کۆبکاتەوە و بەراوردیان بکات، خاڵی هاوبەش و ناکۆکیان بە شێوەیەکی ورد دیاری بکات. ئەگەر فێرخواز گەیشتە ئەو ئاستە، ئەوا متمانەی بەو گوفتار و ڕەفتارانە زیاتر دەبێت کە بوونەتە بەها لە لای، چونکە فێرخواز بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕەفتار ناکات، بەڵکو هۆشیاریی هەیە بەرانبەر بەهاکان و لە ویژدانیدا ڕەگی داکوتاوە و دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ڕەفتارەکانی[2]. هەندێك لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئاستی ڕێکخستن بەکاردێن: ڕێکبخات، بەراوردی بکات، هەماهەنگی بکات، هەڵبژێرێت، بڕیار بدات، هەڵوێست دەربڕێت، پلاندابڕێژێت[3]. نموونەی ئامانجی ئاستی ڕێکخستن:

- فێرخواز بەراوردی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکانی ژینگەی خۆی بکات بە بەها گشتییەکانی کۆمەڵگە.
- فێرخواز پلان دابنێت بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی هەفتەی کتێبخوێندنەوە لە قوتابخانە.
- فێرخواز بڕیار بدات لە شیاویی مامەڵەکردنی هاوڕێکانی لەگەڵ یەکتر.

5- ئاستی بەرجەستەبوون بە بەها، یان پێکهێنانی خود (تقمص القيم أو تشكيل الذات): ئەمە بەرزترین ئاستی ئامانجی ویژدانییە، لێرەدا ئەو بەهایانەی تاك وەریگرتووە

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل99.

[2] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل321.

[3] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل147.

وەکو خەسڵەتێکی تاک دەخەملێن، بە جۆرێک کە بەهاکان یەکتری تەواو دەکەن و هەماهەنگی لە نێوانیاندا دروست دەبێت و کەسێتیی تاک پێکدەهێنن و تێیدا بەرجەستە دەبن، وەکو یەکەیەکی گشتگیر و تەواو لە ڕەفتاریدا ڕەنگدەدەنەوە. ئەمەش دەبێتە پاڵنەری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و جۆرێکی دیاریکراو لە مامەڵەکردن و دید و تێڕوانین، کە جیای دەکاتەوە لەوانی تر[1]. متمانەبەخۆبوون، کۆمەڵکاری، بابەتیبوون لە چارەسەری گرفت، مامەڵەی تەندروست و هاندانی خەڵکی تر بۆ پابەندبوون پێوەی، وردی لە کار و چالاکیدا، بەڵگەیەکی ڕوونن لە بەرجەستەبوونی بەها و جێبەجێبوونی ئەم ئاستە[2]. ئەو کردارانەی لە دارشتنی ئامانجی ئەم ئاستە بەکاردێن: متمانەی هەبێت، باوەڕی وابێت، شانازیی پێوە بکات، بەکاری بهێنێت، تێیدا ڕەنگبداتەوە، ڕۆڵبگێڕێت، داکۆکیی لێبکات، بیگۆڕێت، داوا بکات، لێی دووربکەوێتەوە، دروستی بکات، بەردەوامبێت لەسەری، ڕێزی بگرێت[3]. نموونەی ئامانجی ئەم ئاستە:

- فێرخواز بابەتییانە دەربارەی کێشەیەکی ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا گفتوگۆ بکات.
- فێرخواز متمانەی بە بەرهەمی ناوخۆیی هەبێت.
- فێرخواز ڕێز لە قورئان بگرێت بە بێدەنگبوونی، لە کاتی بیستنی قورئاندا.

**سەرنج:**

لە کاتی دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری لە بواری ویژدانی، دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت:

أ – بەدیهێنانی ئاماجی ویژدانی بە وانەیەك و دووان نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە کاتی زۆرە، هەندێك لە پەروەردەکاران پێیانوایە سێ مانگ زیاتری پێویستە.

ب – پێوانەکردنی ئامانجی ویژدانی قورسە، بۆیە زۆرێك لە مامۆستایان خۆیانی لێ بەدوور دەگرن و تەنها ئامانجەکانی بواری مەعریفی و دەروونجووڵەیی دادەڕێژن[4].

---

[1] فخرالدین القلا ویونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل442.
[2] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل148.
[3] فخرالدین القلا ویونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل443.
[4] محمد سلمان فیاض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل30.

### 3-5-3 بواری دەروونجووڵەیی:

ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە کردارەکانی عەقڵ و جووڵەی ئەندامەکانی لەش، زۆرتر خەسڵەتی وردی و خێرایی تێیدا ڕەنگدەداتەوە[1]. پەروەردەکاران و شارەزایانی پەروەردە چەند پۆلێنێکیان بۆ بواری دەروونجووڵەیی کردووە، باوترین ئەو پۆلێنکردنانەش پۆلێنی (کیبلەر Kibler) و (سیمپسۆن Simpson)ن، کە لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین.

#### 1-3-5-3 پۆلێنی کیبلەر:

بواری دەروونجووڵەیی دابەشدەکات بەسەر چوار ئاستدا، ئەوانیش:

1- ئەو ئامانجانەی پەیوەستن بە جووڵەی لەش: هەموو ئەو جۆرانەی جووڵە لەخۆدەگرێت کە پێویستی بە هەماهەنگیی نێوان هەستەکان و خێرایی و وردیی لە ئەنجامداندا هەیە، بۆ نموونە: بڕینی دووریی 50 مەتر بە مەلەکردن لە خولەکێکدا.

2- ئەو ئامانجانەی پەیوەستن بە وردی و هەماهەنگی: ئەو جۆرەیە لە جووڵە کە پێویستی بە هەماهەنگی و وردیی زۆر هەیە لە جێبەجێکردن، یاخود نواندن. لەوانە: نووسین، خوێندنەوە، تایپکردن، کۆمپیوتەر، شۆفێری، ... تاد، ئەم کارانە پێویستیان بە ئامادەبوونی هۆش و وردیی لە جێبەجێکردندا هەیە.

3- ئەو ئامانجانەی پەیوەستن بە پەیوەندیی ناگوفتاری: ئەو جۆرە جووڵە و ئاماژانە دەگرێتەوە کە قسە و دەنگیان تێدا بەکارناهێنرێت و چەند ئەندامێکی لەشیان تێیدا بەکاردێت، وەکو جووڵاندنی سەر، دەستەکان، دەموچاو. بۆ نموونە: فێرخواز بە ئاماژەیەک سوپاسگوزاری دەربڕێت.

4- ئەو ئامانجانەی پەیوەستن بە گوفتارەوە: ئەو جووڵانەن کە پەیوەستن بە زمان و دەربڕین و گوزارشتکردن لە هەست و سۆز و بیر، ئەمانەش لە کاتی خوێندنەوە، وتاردان، نواندن، ... تاد بەکاردێن[2]. بۆ نموونە: فێرخواز ڕۆڵی فرۆشیارێکی گەڕۆک ببینێت.


---

[1] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل65.

[2] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل322- 324.

### 2-3-5-3 پۆلێنی سیمپسۆن:

یەکێکە لە باوترین پۆلێنکردنەکانی بواری دەروونجوولەیی، ئەویش لە شێوەی قووچەکێکدا (7) ئاست لەخۆدەگرێت[1]، شێوەی (9) ئاستەکانی ئامانجی بواری دەروونجوولەیی ڕووندەکاتەوە.




**شێوەی (9) ئاستەکانی ئامانجی بواری دەروونجوولەیی بە پێی پلەبەندی سیمپسۆن.**

1- درککردن: ئەمە نزمترین ئاستی ئامانجی دەروونجوولەییە. لێرەدا دەبێت فێرخواز هۆشیار بێت و پەی ببات بە هەڵبژاردنی ئەو ئەرکەی دەبێت ئەنجامی بدات[2]. هەندێک لەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئاستی درککردن بەکاردێن: هەڵبژێرێت، وەسفی بکات، بیدۆزێتەوە، جیایبکاتەوە، جیاکاریی بکات، دیاریی بکات، کەنارگیری بکات، پەیوەستی بکات[3]. نموونەی ئامانجی ئەم ئاستە:

---

[1] شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل149. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل102.

[2] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل102.

[3] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل451. شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل150.

- فێرخواز ڕەنگی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ کێشانی نەخشەی سروشتیی هەرێمی کوردستان.
- فێرخواز جلوبەرگی گونجاو دیاری بکات بۆ گەشتی ئەشکەوتی قزقاپان.

2- ئامادەسازی (الاستعداد): ئەم ئاستە ئامادەسازی و حەزی فێرخواز بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو دەگرێتەوە، ئامادەسازی و حەزەکە هەر سێ بواری عەقڵی، لەشیی و دەروونی دەگرێتەوە، چونکە بێ بوونی ئەو ئامادەباشییە گشتگیرە، زەحمەتە فێرخواز کارەکە بە شێوەیەکی گونجاو ئەنجام بدات. ئەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ئاستی ئامادەسازی بەکاردێن: پەیوەندی بکات، ڕاڤە بکات، بجووڵێت، ببزوێت، وەڵامیبداتەوە، خۆبەخشانە بەشداری بکات، حەزی خۆی بۆ دەربڕێت، ئامادەیی خۆی دەربڕێت، ئامادەبێت، دەستپێشخەری بکات[1]. نموونەی ئامانجی ئاستی ئامادەسازی:

- فێرخواز حەزی خۆی دەربڕێت بۆ نووسینی چیرۆکێك لە زمانی ئاژەڵانەوە.
- فێرخواز ئامادەبێت بەشداریی شانۆیەك بکات دەربارەی کەسایەتیی قازی محەمەد.
- فێرخواز پەیوەندی بکات بە کۆمەڵەی خۆبەخشی قوتابخانەوە.

3- وەڵامدانەوەی ئاراستەکراو: قۆناغی دەستپێکی لاساییکردنەوە و ئەنجامدانی کارە. ئەگەر لە دوو ئاستی پێشوو فێرخواز درکی بە شتەکان کرد و ئامادەسازیی بۆ کرد، لێردا بە کردەیی مومارەسەی کارێك دەکات، قۆناغی بەئەزموونکردنی کارامەییە. دەشێت فێرخواز هەنگاو بە هەنگاو شوێن پێی مامۆستا یان ڕاهێنەر هەڵبگرێت و کارەکەی دووپاتبکاتەوە، یان تاقیکردنەوە بکات و ئەگەر کەوتە هەڵەوە، ڕاستیبکاتەوە، تا دواتر مومارەسەیەکی تەندروست بکات. ئەو کردارانەی لە داڕشتنی ئامانجی ڕەفتای ئەم ئاستە بەکاردێن: لاسایی بکاتەوە، ئەزموونی بکات، دووبارەی بکاتەوە، تاقیی بکاتەوە، ڕاستی بکاتەوە، پەیوەستی بکات، بنیادی بنێت، دروستی بکات، شیبکاتەوە، پێوانەی بکات، ڕێکیبخات[2]. نموونەی ئامانجی ئەم ئاستە:

- فێرخواز هاوشێوەی مامۆستا پەخشانێك بخوێنێتەوە.
- فێرخواز کارلێکی کلۆریدی سۆدیۆم و ترشی کبریت لە تاقیگەدا تاقی بکاتەوە.
- فێرخواز ڕۆڵی شێخ مەحموودی حەفید لە شانۆیەکدا لە کاتی دادگایکردنیدا بنوێنێت.

---

[1] شکری حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل150

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل150. فخرالدین القلا ویونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل453

## 6-3 هەنگاوەکانی داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری

بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن بە شێوەیەکی کرداری و ئاسان ئامانجە ڕەفتارییەکان داڕێژن، پلانێکی پێشنیازکراو لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

1- شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فێربوون و ئاشنابوون بە پێکهێنەرەکانی، هەروەکو لە بەشی دووەم باسی لێوەکراوە.

2- دروستکردنی لیستێکی سەرەتایی ئامانجی ڕەفتاری لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی شیکراوە.

3- هەڵسەنگاندنی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە گوێرەی ئەو مەرجانەی پێشتر باسکراون.

4- بژارەکردنی لیستی ئامانجە ڕەفتارییەکان و لابردنی ئەو ئامانجانەی مەرجەکانی تێدا نییە.

5- ئامادەکردنی لیستی هەڵبژاردە و کۆتایی ئامانجە ڕەفتارییەکان.

دوابەدوای ئەو هەنگاوانە، ستراتیژ و ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو بۆ وتنەوەی وانەکە دەستنیشان دەکرێت. بە مەبەستی ئاسانکاری لە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان، دەگونجێت کارتێک دروست بکرێت[1]. شێوەی (10) کارتی هەڵسەنگاندنی ئامانجە ڕەفتارییەکان ڕووندەکاتەوە.

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل239.

| زنجیره | ئامانجی ڕەفتاری | مەرجەکانی ئامانجی ڕەفتاری | | | | | | | | ئامانجی ڕەفتاری دوای بژارەکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | |
| -1 | | | | | | | | | | |
| -2 | | | | | | | | | | |
| -3 | | | | | | | | | | |
| -4 | | | | | | | | | | |
| -5 | | | | | | | | | | |

نیشانەی (√) لە بەرامبەر هەر ئامانجێك و لە ژێر هەر مەرجێكدا دابنێ كە لە ئامانجە ڕەفتارییەكەدا هەیە.

شێوەی (10) كارتی هەڵسەنگاندنی ئامانجە ڕەفتارییەكان.

4- ئاستی ڕاهاتن یان بەئامێربوون (میکانیکی): لەم ئاستەدا فێرخواز بە شێوەیەکی خۆڕسك، ورد، ڕەوان، بە کەمترین کات و ماندوبوون، جووڵەی خوازراو دەنوێنێت. فێرخواز ڕاهاتووە لەسەر دووپاتکردنەوەی کارەکە، بێ ئەوەی چاوەڕێی هەنگاوی هەڵەی لێبکرێت. ئەو کردارانەی لە دارشتنی ئامانجی ئەم ئاستە بەکاردێن: دروستی بکات، بنیادبنێت، پێوانەی بکات، ڕێکیبخات، ئەنجامی بدات، بەکاری بیهێنێت[1]. نموونەی ئامانجی ئەم ئاستە:

- فێرخواز فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بەکاربهێنێت بۆ دۆزینەوەی (10) وشە لە ماوەی پێنج خولەکدا.

- فێرخواز ڕووبەری پۆلەکەی لە ماوەی پێنج خولەکدا پێوانە بکات.

- فێرخواز بە ئامێری بارانپێو پێوانەی بڕی دابارین بکات.

5- وەڵامدانەوەی ڕووکەشیی ئاڵۆز: ئەمیش درێژکراوەی ئاستی پێشووە، بە دوو خەسڵەت لێی جیادەکرێتەوە:

أ – ئەم ئاستە تایبەتە بەو کارامەییانەی ئاڵۆز و وردن.

ب – فێرخواز بە متمانە و بڕوابەخۆبوونەوە بە خێرایی و وردیی ئەنجامی دەدات[2]. هەمان ئەو کردارانەی ئاستی پێشووش لە دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری ئەم ئاستە بەکاردێن، دەکرێت دەستەواژەی وردیی و خێرایی لە دارشتنی ئامانج بنووسرێت. نموونەی ئامانجی ئەم ئاستە:

- فێرخواز پێشانگایەك بۆ نەخشە جوگرافییەکان ڕێکبخات.

- فێرخواز هەڵەی ڕێنووسی دارشتنی هاوڕێکەی لە ماوەی کەمتر لە پێنج خولەك ڕاستبکاتەوە.

6- گونجان: لەم ئاستەدا کارامەیی فێرخواز لە پلەی بەرزیدایە، بە شێوەیەك کە دەتوانێت گۆڕانکاریی بەسەردا بیهێنێت و چاکسازیی تێدا بکات، تا لەگەڵ هەڵوێستێکی نوێدا بگونجێت. ئەمەش لە ئەنجامی مومارەسەی ئەو کارامەییەوە بە شێوەیەك کە دەتوانێت کارامەیی خەڵکانی تر لەو بوارەدا هەڵبسەنگێنێت، ئەو کردارانەی لە دارشتنی

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل104.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل105.

ئامانجی ئاستی گونجان بەکاردێن: دووبارە ڕێکی بخاتەوە، پێکیبهێنێتەوە، بژارەی بکات، چاکسازیی تێدا بکات، حوکم بدات لەسەری، بگونجێت، گۆڕانکاریی تێدا بکات[1]. نموونەی ئامانجی ڕەفتاری ئاستی گونجان:

– فێرخـواز هەڵـەی قورئانخوێنـدنی هاوڕێکـەی بـە گـوێرەی یاسـاکانی تەجوید ڕاستبکاتەوە.

– فێرخواز بە بەکارهێنانی بەرنامەی فۆتۆشۆپ، ڕەنگەکانی وێنەیەکی شێواو لەسەر کۆمپیوتەر ڕاستبکاتەوە.

7– داهێنـان: داهێنـان بـەرزترین ئاسـتی ئامـانجی دەروونجووڵەییـە و لـە لووتکەی قووچەکەکەدایە. کاتێك فێرخواز دەگاتە ئەم ئاستە کە لاساییکردنەوە و شوێنپێهەلگرتنی ئەوانی تری تێپەڕاندبێت، گەیشتبێتە ئاستێکی کارامەیی وا کـە داهێنانێك و شتێکی نوێ پێشکەش بکات بەڵگەبێت لەسەر لێهاتوویی، ئەو کردارانەی لـە داڕشتنی ئامـانجی ئاستی داهێنان بەکاردێن: دروستی بکـات، دابهێنێـت، بنیادیبنێـت، بەرهـەمبێنێت، بیدۆزێتەوە[2].

نموونەی ئامانجی ئەم ئاستە:

– هۆنراوەیـەك بنووسـێت کـە یارمـەتیی فێرخـوازانی باخچـەی سـاوایان بـدات لـە لەبەرکردنی ڕۆژەکانی هەفتە.

– فێرخواز داهێنان بکات لـە دروستکردنی تابلۆیـەکی بەرجەسـتە (مجسم) کە تێیدا چۆنێتیی شەڕی دەربەندی بازیان ڕوونبکاتەوە.

**سەرنج:**

دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئامانجی دەروونجووڵـەیی بـەپێی بابـەت و پسپۆڕی دەگۆڕێت، لە بابەتەکانی وەرزش و هونەر و بـوارە پیشـەییەکاندا زۆرتـر بـەکاردێت لەچاو بابەتەکانی تر[3].

---

[1] فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: هەمان سەرچاوە، ل456. شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل152.

[2] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل106.

[3] شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە،ل149.

## چالاكیی و هەڵسەنگاندن

– بە بڕوای تۆ جگە لەوانەی باسكراون، ئامانجی وانەوتنەوە هیچ گرنگییەكی تری هەیە؟

– ئەو مەرجانەی بۆ دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری دانراون، چەند لەگەڵ پسپۆڕیی تۆدا گونجاون و دەتوانیت لە دارشتنی ئامانجی ڕەفتاری ڕەچاویان بكەیت؟

– یەكەیەك، یان بەشەوانەیەك لە كتێبی خوێندنگە لە بواری پسپۆڕیی خۆت وەربگرە و لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەكانی ئەم بەشە ئامانجی ڕەفتاریی بۆ دابڕێژە.

– بۆ هەر یەكێك لە ئاستەكانی هەر سێ بواری مەعریفی، ویژدانی و دەروونجووڵەیی، دوو نموونەی ئامانجی ڕەفتاری دابڕێژە.

## فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن

| زنجیرە | کارامەیی داڕشتنی ئامانجی ڕەفتاری | ئاستی نواندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
| 1 | ئامانجە ڕەفتارییەکان لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە گشتییەکانی پەروەردە دادەڕێژم. | | | |
| 2 | کتێبی خوێندنگە دەکەم بە سەرچاوەی سەرەکیی داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان. | | | |
| 3 | ئامانجەکانی بواری مەعریفی بەسەر ئاستەکانی بلۆمدا دابەش دەکەم. | | | |
| 4 | ئامانجەکانی بواری ویژدانی بەپێی پۆلێنی کراسۆل دابەش دەکەم. | | | |
| 5 | ئامانجەکانی بواری دەروونجووڵەیی بەپێی پۆلێنی سیمپسۆن دابەش دەکەم. | | | |
| 6 | ئامانجە ڕەفتارییەکان بە شێوازێك دادەڕێژم کە تێبینی و پێوانە بکرێن. | | | |
| 7 | پێوەری گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکانی فێربوون دیاری دەکەم. | | | |
| 8 | ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەفتارییەکان دیاری دەکەم. | | | |
| 9 | چالاکیی دەرەوەی پۆل دیاری دەکەم کە یارمەتیی بەدیهێنانی ئامانجە ڕەفتارییەکان دەدات. | | | |

# 4- پلانی وانەوتنەوە

ئامانجی چاوەڕوانکراو

چاوەڕواندەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:

- گرنگیی پلان لە وانەوتنەوەدا ڕوونبکاتەوە.
- مەرجەکانی پلانی باش دیاری بکات.
- ئاستەکانی پلان دەستنیشان بکات.
- جیاوازی بکات لە نێوان پلانی ساڵانە/ وەرزی و پلانی ڕۆژانە.
- پلانی ساڵانە/ وەرزی لە بواری پسپۆڕیی خۆیدا دابنێت.
- پلانی ڕۆژانە لە بواری پسپۆڕیی خۆیدا دابنێت.

**پاشایەکی لاو**

دەگێڕنەوە، لە ناوچەیەکدا گەلێک دەژیا، جیاواز لە گەلانی تر نەریتیان وابوو کە هەموو ساڵێک پاشایەکیان هەڵدەبژارد، دوای تەواوبوونی ماوەی حوکمڕانییەکەی کە ساڵێک بوو، دەیاننارد بۆ دوورگەیەک کە پڕبوو لە ئاژەڵی دڕندە، تا ئەو تەمەنەی ماویەتی لەوێ بەسەری بەرێت. بۆیە خەڵکی خۆیان دەبوارد لە خۆپاڵاوتن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، چونکە چارەنووسی دوای دەسەڵات، گواستنەوە بوو بۆ دوورگە ترسناکەکە. چەند ساڵێک خەڵکی بێ پاشا مانەوە، تا ڕۆژێک گەنجێک ئامادەیی خۆی نیشاندا ببێتە پاشا، ئەمەش خەڵکی تووشی سەرسوڕمان کرد، هەرچەندە پێیان وت کە چارەنووسیکی خراپی دەبێت و دوای ساڵێک دەینێرن بۆ دوورگە ترسناکەکە، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی ببێتە پاشا. دوای چەند ڕۆژێک ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان بەڕێوەچوو.

دوای مانگێک پاشای لاو بڕیاری دا لەگەڵ وەزیرەکانی گەشتێک بکات بۆ دوورگە ترسناکەکە، کاتێک گەیشتنە دوورگەکە، دارستانی چڕ و دەنگی ئاژەڵ و باڵندە و هەندێک ئێسکو پروسکی ئەو پاشایانەیان بینی کە پێشتر دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، بەڵام دوای تەواوبوونی ماوەی ساڵێک لە حوکمڕانییان نێردراونەتە دوورگەکە

و ئاژەڵی دڕندە خواردوونی، پاشا دوای گەڕانەوەی، پلانی دانا بە نهێنی تیمێکی پیشەگەر و بیناساز بنێرێت تا لە دوورگەکەدا کۆشک و تەلار و شوێنی مانەوەی بۆ دروست بکەن، نۆ مانگ تێپەڕی کۆشک و تەلار بنیادنرا، کاتێکیش ماوەی حوکمڕانیی پاشا تەواو بوو، خەڵکی کۆبوونەوە تا لە ڕێوڕەسمێکدا پاشا بەرەو دوورگە ترسناکەی بەڕێبخەن، بێئاگا لەوەی پاشا پلانڕێژیی بۆ ئایندەی خۆی کردووە. خەڵکی بەلایانەوە سەیر بوو پاشا بە زەردەخەنەوە خواحافیزی لە خەڵکی دەکات! کاتێک پاشا سواری بەلەمەکە بوو، ڕوویکردە خەڵکەکەو وتی: من ئەم ڕۆژەم لەبەرچاوو بوو، بۆیە لە دوورگەکە ئەوەندەم کۆشک بنیادناوە کە لە مەترسیی ئاژەڵی دڕەندە بمپارێزێت. ئەم قسانە بووە مایەی تێڕامانی خەڵکەکە، بۆیە بڕیاریان دا چەند کەسێک بنێرنە دوورگەکە تا ڕاستیی قسەکانی پاشایان بۆ دەرکەوێت. کاتێک ژمارەیەک کەس چوونە دوورگەکە و گەڕانەوە، ڕاستیی قسەکانی پاشایان بۆ دەرکەوت و ئەوەشیان بۆ خەڵکی باسکرد. دانیشتووانی ناوچەکەش بڕیاریان دا پاشای لاو بکەنە پاشای هەمیشەیی خۆیان و واز لە نەریتی خۆیان بهێنن، چونکە پاشای لاو لە بیری ئایندەدایە و پلانی بۆ دادەنێت[1].

## 1-4 پلاندانان چییە؟

پلاندانان پرۆسەیەکی ڕێکخراوە، کۆمەڵێك ڕێوشوێن و بڕیار لەخۆ دەگرێت، بە مەبەستی گەیشتن بە چەند ئامانجێکی دیاریکراو[2]. لە پرۆسەی وانەوتنەوەشدا، مەبەست لە پلان بیرکردنەوەیەکی ڕێکخراوی هەماهەنگی پێشوەختە کە مامۆستا دەخوازێت لەگەڵ فێرخوازەکانیدا جێبەجێی بکات، لەپێناو گەیشتن بە چەند ئامانجێکی فێرکاریی دیاریکراو[3]. یان ئامادەکردنی وانە و پلانێکە کە مامۆستا پابەند دەبێت بە جێبەجێنانیەوە،

---

[1] ئینتەرنێت، بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە www.anfaas.com ڕۆژی 2013/2/10.

[2] احمد حسين اللقاني وعودة عبدالجواد أبوسنينة: أساليب تدريس الدراسات الاجتماعية، مكتبة الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، 1999، ل55.

[3] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: الدراسات الاجتماعية، طبيعتها وطرائق تعليمها وتعلمها، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، 2010، ل290.

5- واقیعی بێت، لەگەڵ توانا ماددی و مرۆییەکاندا گونجاو بێت و بتوانرێت جێبەجێ بکرێت[1].

6- لەبەر ڕۆشنایی ئامانجێکی دیاریکراودا دانرابێت.

7- ورد و ڕوون بێت و هیچ ناڕۆشنییەکی تێدا نەبێت[2].

8- ڕەچاوی جیاتاکی نێوان فێرخوازان بکان.

9- ڕێوشوێن و شێوازی وانەوتنەوە و ئامرازی فێرکاری هەڵبژێردراو پەیوەست بن بە ئامانجە دیاریکراوەکانەوە[3].

## 2-4 ئاستەکانی پلاندانان

پلانی وانەوتنەوە بەسەر دوو ئاستدا دابەش دەبێت:

### 1-2-4 پلانی ساڵانە/ وەرزی:

پلانێکی دوورمەودایە و مامۆستا لەگەڵ کۆی بابەتی خوێندن و چالاکییەکانی پەیوەست پێوەی مامەڵە دەکات. هەماهەنگی لە نێوان بابەتی خوێندن و ساڵ/ وەرزی خوێندندا دەکات، بە شێوەیەك کە مامۆستا ناوەرۆکی پەیڕەو دابەش دەکات بەسەر کۆی بەشەوانەکانی بابەتێکی دیاریکراو بە درێژایی ساڵ یان وەرزی خوێندن[4].

هەرچەند لە نێوان شارەزایانی پەروەردە دید و بۆچوونی جیاواز هەیە دەربارەی ڕەگەزەکانی پلانی ساڵانە، بەڵام لێرەدا ئاماژە بەو ڕەگەزانە دەکەین کە زۆرترینی شارەزایان بە گرنگیان داناون، یان بە پێویستی دەزانن لە پلانی ساڵانەدا هەبن:

1- ناونیشانی پلان: ئەمە زۆر جار بە پێکهێنەری ڕۆتینی ناودەبرێت و چەند شتێک لەخۆدەگرێت، ئەوانیش: جۆری پلان، ناوی بابەت، ساڵی خوێندن، و[illegible] خوێندن، پۆل.

---

[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل78. أحمد حسين اللقاني وعودة عبدالجواد أبوسنينة: هەمان سەرچاوە،، ل56.

[2] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل78.

[3] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل290.

[4] محمود حسان سعد: التربية العملية بين النظرية والتطبيق، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2000، ل275.

2- ئامانجی گشتی (ئامانجی بابەتەکە): مەبەست لەو ئامانجانەیە کە دەویسترێت لە ماوەی ساڵ یان وەرزی خوێندن بهێنرێنەدی. دەبێت ئامانج لەگەڵ ئاستی گەشەی فێرخوازاندا گونجاو بێت و ڕەچاوی حەز و ئاراستەیان بکات.

3- کاتی دیاریکراو: مامۆستای کارامە بابەتەکانی پەیڕەو دابەش دەکات بەسەر مانگ، هەفتە و ڕۆژەکاندا، تێیدا ڕەچاوی پشوو، بۆنە، بەشەوانە، سروشتی بابەت و حەز و پێویستیی خوێندکارەکان دەکات.

4- ناوەرۆکی فێربوون: پێویستە ناونیشانی بەش، یەکە، بابەت و بیرۆکە سەرەکییەکان بەرانبەر مانگ، هەفتە و ڕۆژە دیاریکراوەکان بە ڕوونی بنووسرێن. ناوەرۆکیش لە کتێبی خوێندنگە و هەر سەرچاوەیەکی فێرکاریی تر وەردەگیرێت کە بەردەستە و ئامانجە خوازراوەکان بەدیدەهێنن.

5- چالاکیی: هەردوو چالاکیی فێرکاری – ئەوەی مامۆستا پێیهەڵدەستێت -، چالاکیی فێربوون – ئەوەی فێرخواز پێیهەڵدەستێت – دەگرێتەوە، کە مەبەست لێی گواستنەوەی زانیاری و کارامەییە لە زەینی مامۆستاوە بۆ زەینی فێرخواز. لەوانە: پێداچوونەوەی پەیڕەوی خوێندن، دیاریکردنی سەرچاوەی ئامرازە فێرکارییەکان، ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیاریی نێوان فێرخوازان، گەشت و سەردان، پرۆژە، ڕاپۆرت، لێکۆڵینەوە، پێشانگا، .... تاد.

6- هەڵسەنگاندن: پێویستە ئامراز و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی گونجاوی تێدا ڕوونبکرێتەوە، بە شێوەیەك کە بتوانێت ئاست و ڕادەی بەدیهاتنی ئامانجەکان پێوانە بکات، دەبێت وا لە هەڵسەنگاندن بڕوانرێت کە پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکورتییەکان و خستنەڕووی چارەسەری پێویست، تا ئامانجە ویستراوەکان بێنەدی، نەك تەنها بۆ دانانی نمرە و دەرچوون بۆ قۆناغێکی تر.

7- لیستی سەرچاوەکان: مامۆستا هەندێك سەرچاوەی پەیوەندار بە بابەتەکەوە دیاری دەکات، کە دەکرێت مامۆستا و خوێندکار بۆ زیاتر سوودوەرگرتن و قاڵبوونەوە لە بابەتەکەدا بۆی بگەڕێنەوە و یارمەتیدەریان بێت لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا.

- وای لێدەکات باری دەروونیی جێگیربێت و بە متمانەبەخۆبوونەوە وانە بڵێتەوە[1].

- بەرچاوڕوونیی دەداتێ لە دیاریکردنی ئاست و توانا و زانیاریی پێشتری فێرخوازەکان و ڕەچاوکردنی جیاتاکی فێرخوازان[2].

پلاندانان کاریگەریی لەسەر فێرخوازیش هەیە و لەو ڕووەوە گرنگییەکەی لەوەدایە کە:

- یارمەتیی دەدات لە ڕێکخستنی کاتی خوێندن و دابەشکردنی کاتەکانی بەپێی گرنگیی بابەتەکان.

- توانای وەرگرتنی زیاتر دەبێت، چونکە هەست دەکات وانەکە پلانبۆداڕێژراوە و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە و دوورە لە وشکی و قورسی و تێنەگەیشتن.

- ئاراستەیەکی پۆزەتیف لە دەروونی خوێندکار بەرانبەر مامۆستا دروستدەکات، وا دەروانێتە مامۆستا کە دڵسۆزیەتی و گرنگیی پێدەدات و پلانی داناوە بۆ فێربوونی.

- کاریگەر دەبێت بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مامۆستا، بە تایبەت لە بواری ڕێکخستنی کات و بەفیڕۆنەدانی دەرفەت، مامۆستا دەبێتە سەرمەشقێکی کردەیی بۆی[3].

بۆ ئەوەی پلاندانان بە ڕێکوپێکی و دروستی دابڕێژرێت، دەبێت لەسەر بنەمایەکی زانستی بێت و لە کاتی دانانیدا ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکرێت:

1- بەردەوامی: نەپچڕان تا گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان و کەمکردنەوەی کاریگەریی بەربەستەکان.

2- ڕیزبەندی بە گوێرە گرنگی و کات.

3- گشتگیری و تەواوکاری، بەشێوەیەک سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون لەخۆبگرێت.

4- نەرم بێت، بە شێوەیەک کە بتوانرێت لەگەڵ دۆخ و پێشهاتە نوییەکاندا و بەپێی پێویستیی هەڵوێستەکان گۆڕانکاریی گونجاوی تێدا بکرێت.

---

[1] عبدالله علي أبو لبدة وخليل يوسف الخليلي وفريد كامل أبو زينة: المرشد في التدريس، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، 1996، ل86.

[2] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل298.

[3] عبدالله علي أبو لبدة وخليل يوسف الخليلي وفريد كامل أبو زينة: هەمان سەرچاوە، ل86.

پارمەتیی دەدات لە دەستنیشانکردنی ئەو بابەت و ڕێسایانەی لەگەڵ فێرخوازدا دەگونجێن. تێیدا ڕێگا و ئامرازە فێرکارییەکان و چالاکی و شێوازەکانی هەڵسەنگاندنی بابەتەکە و ئەو کتێب و سەرچاوانە دەستنیشان دەکات کە گەیاندنی ناوەڕۆکی فێربوونی بۆ ئاسان دەکەن. هاوکات دابەشکردنی ناوەڕۆك و بابەتەکانی کتێبی خوێندنگە بەسەر کاتی دیاریکراودا لەخۆدەگرێت، بە شێوەیەك کە هەماهەنگی لە نێوان ناوەڕۆکی بابەت و کاتی ڕاستەقینەی تەرخانکراو بۆ خوێندن بەدیبێنێت[1].

پلانی وانەوتنەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی بە چالاکبوونی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونەوە هەیە. پلانی باش و گونجاو لەگەڵ ئامانجە دیاریکراوەکان و سروشتی بابەت و فێرخوازان گونجاوە، بە شێوەیەك مامۆستا بتوانێت جێبەجێی بکات، ڕێگەخۆشکەر دەبێت تا پرۆسەی وانەوتنەوە سەرکەوتوو بێت و ئامانجەکانی بێنێتەدی[2]. بەڵام ئەگەر هەڵە یاخود کەموکورتی لە پلاندا هەبوو، ئەوا لە جێبەجێکردندا ناڕێکی و لاوازی دەردەکەوێت، چونکە پلاندانان بناغەی پرۆسەی وانەوتنەوەیە و کاریگەری لەسەر هەنگاوەکانی دوای خۆی جێدێڵێت. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە گرنگیی پلان بۆ مامۆستا و فێرخواز، لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بە گرنگیی پلاندانان بۆ مامۆستا دەدەین.

گرنگیی پلان بۆ مامۆستا لەوەدایە کە:

– پارمەتیی دەدات لە دیاریکردنی ئەو ئامانجانەی دەخوازێت بیانهێنێتەدی.

– هاوکاریی دەکات لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی چالاکی و ئامرازی فێرکاری و ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو.

– پارمەتیی دەدات لە دابەشکردنی ناوەڕۆك و یەکەکانی بابەتەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر کات و ڕۆژ و وەرزی خوێندندا، بە جۆرێك هەر بەشێك مافی خۆی پێبدرێت و کات بەفیڕۆ نەدات.

– دەتوانێت شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکان بگرێتەبەر.

---

[1] ولید أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل290.

[2] شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل103.

8- تێبینی: تێیدا مامۆستا سەرنج و تێبینیی خۆی تۆمار دەکات، یاخود ئەو کێشە و گرفتانەی تێدا تۆمار دەکات کە لە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکەدا تووشی بوون، تا لە سالی داهاتوو بەرنامەڕێژیی وردتریان بۆ بکات[1].

---

[1] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل295- 300. شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل107- 110.

ناونیشانی پلان:

بابەت: سالی خوێندن: وەرز: پۆل:

| ئامانجی گشتی | کاتی دیاریکراو | | ناوەرۆکی فێربوون | چالاکی | هەڵسەنگاندن | لیستی سەرچاوەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مانگی یەکەم | هەفتەی 1 | | | | | |
| | | هەفتەی 2 | | | | | |
| | | هەفتەی 3 | | | | | |
| | | هەفتەی 4 | | | | | |
| | مانگی دووەم | هەفتەی 1 | | | | | |
| | | هەفتەی 2 | | | | | |
| | | هەفتەی 3 | | | | | |
| | | هەفتەی 4 | | | | | |
| | مانگی سێیەم | هەفتەی 1 | | | | | |
| | | هەفتەی 2 | | | | | |
| | | هەفتەی 3 | | | | | |
| | | هەفتەی 4 | | | | | |

**شێوەی (11) پلانی ساڵانەی پێشنیارکراو**

## 2-2-4 پلانی ڕۆژانە:

پلانێکی کورتمەودایە، مەبەست لێی دیاریکردنی ئەو ئامانجە ڕەفتارییانەیە کە دەخوازرێت لە وتنەوەی وانەیەکدا بەدیبهێنرێن، ئەویش ستراتیژ و خستنەڕووی وانە و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن و ئاستی بەدیهێنانی ئامانجە ویستراوەکان لەخۆدەگرێت[1]. بە هەمان شێوەی پلانی ساڵانە، ڕاجیایی لە نێوان شارەزایانی پەروەردەدا هەیە سەبارەت بە ڕەگەزەکانی پلانی ڕۆژانە. لێرەدا نموونەیەک دەخەینەڕوو کە بڕوا وایە گونجاوترینە:

1- ناونیشانی پلان: پێکهێنەرە ڕۆتینییەکانە، وەکو: ناونیشانی بابەت، مێژوو، ڕۆژ، پۆل، هۆبە.

2- ئامانجی ڕەفتاری: تێیدا ئامانجە ڕەفتارییەکان لەسەر هەر سێ ئاستی مەعریفی، ویژدانی و دەروونجووڵەیی بە شێوەیەک دادەڕێژرێن کە بتوانرێت پێوانە و تێبینی بکرێن*.

3- کەرەستەی بەکارهێنراو، مەبەست لەو کەرەستانەیە کە بۆ خستنەڕووی ئامرازە فێرکارییەکان بەکاردەهێنرێن.

4- ئامرازی فێرکاری، مەبەست لەو ئامرازانەیە کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە و بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بەکاردەهێنرێن.

5- ڕێگای وانەوتنەوە: لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکان و ناوەڕۆکی فێربوون، بە ڕەچاوکردنی ئاست و گەشەی فێرخوازەکان، ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو دیاری دەکرێت.

6- کاتی دیاریکراو: مەبەست لە ڕێکخستن و دابەشکردنی کاتی وانەکەیە بەسەر برگە و بەشەکان، بە شێوەیەک کە کات بەفیڕۆ نەدات و هەر بەش و برگەیەک مافی خۆی بدرێتێ. هەروەها جێبەجێکردنی وانەکە هەنگاو بە هەنگاو هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی دەستنیشاندەکرێت، بەشێوەیەکی گشتیی ئەم برگانە دەبێت کاتی بۆ دیاریبکرێت: پێشەکیی، خستنەڕوو، هەڵسەنگاندن، ئەرکی ماڵەوە.

---

[1] هشام يعقوب مريزيق وفاطمة حسين الفقيه: أساليب تدريس الإجتماعيات، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان، 2008، ص137.

* لە بەشی سێیەم بە درێژی باس ئامانجە ڕەفتارییەکان کراوە.

7- تێبینی و خۆراکپێدانەوە (feedback): مامۆستا بەردەوام تێدەکۆشێت ئامانجە دەستنیشانکراوەکان بهێنێتەدی، گونجاویی ڕێگای وانەوتنەوە و چالاکی و ئامرازە فێرکارییەکان دیاری دەکات، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی دەربارەی چۆنێتیی بەڕێوەچوونی وانەکە و ئەو هۆکارانەی ڕێگربوون لەبەردەم جێبەجێکرنی پلانەکە، تۆمار دەکات. بە واتایەکی تر، لایەنی لاواز و بەهێزی وانەوتنەوەکەی دیاری دەکات، هارکات پێشنیار و چارەسەری گونجاویش بۆ باشترکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە دەخاتەڕوو.[1]

---

[1] محمود حسان سعد: هەمان سەرچاوە، ل280- 285.

**ناونیشانی بابەت:**

**مێژوو:** **ڕۆژ:** **بابەت:**

**پۆل:** **هۆبە:**

**یەکەم: ئامانجی ڕەفتاری:**

**دووەم: کەرەستەی بەکارهێنراو:**

**سێیەم: ئامرازی فێرکاری:**

**چوارەم: ڕێگای وانەوتنەوە:**

**پێنجەم: کاتی دیاریکراو:**

1- پێشەکیی

2- خستنەڕوو

3-هەڵسەنگندن

4-ئەرکی ماڵەوە

**شەشەم: تێبینی و خۆراکپێدانەوە**

**شێوەی (12) پلانی ڕۆژانەی پێشنیارکراو**

## چالاکیی و هەڵسەنگاندن

1- بە بۆچوونی تۆ، پلان چ گرنگییەکی هەیە؟

2- لەبەر ڕۆشنایی ئەو مەرجانەی بۆ پلانی باش دیاریکراون، پلانێکی وەرزی لە بواری پسپۆڕیی خۆتدا دابنێ.

3- ئەم وتەیە شیبکەرەوە: "ئەگەر شکستت هێنا لە پلاندانانـدا، ئـەوا پلانتـداناوە بۆ شکست".

4- پێنج ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو دەستنیشان بکە، کە بە بڕوای تـۆ گونجاوترینن لەگەڵ پسپۆڕی و ئەو قۆناغەی وانەی تێدا دەڵێیتەوە.

5- پلانێکی ڕۆژانە لە بواری پسپۆڕیی خۆت لەبـەر ڕۆشـنایی ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی پلانی ڕۆژانە کە لەم بەشەدا خرانەڕوو، دابنێ.

6- چۆن دەڕوانیتە بۆچوونی ئەو مامۆستایەی دەڵێت: لە وانەوتنـەوەدا قاڵبووماتـەوە و پێویستیم بە پلاندانان نییە؟

## فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن

| زنجیره | کارامەیی پلاندانان | ئاستی نواندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
| 1 | بەر لە دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن پلانی ساڵانە/ وەرزی دادەڕێژم. | | | |
| 2 | لە پلانی ساڵانەدا ڕەچاوی ڕەگەزە سەرەکییەکانی پلان دەکەم. | | | |
| 3 | لە پلانی ڕۆژانەدا ڕەچاوی ڕەگەزە سەرەکییەکانی پلان دەکەم. | | | |
| 4 | ستراتیژ و ڕێگای وانەوتنەوەی گونجاو بۆ بەشەکانی وانەکە دیاری دەکەم. | | | |
| 5 | ئامرازی فێرکاریی گونجاو لەگەڵ ئاستی فێرخوزان دیاری دەکەم. | | | |
| 6 | بە شێوەیەکی گونجاو چالاکییەکان بەسەر کاتی تەرخانکراوی وانەکە دابەش دەکەم. | | | |
| 7 | ئەرك و چالاکیی دەرەوەی پۆل بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەفتارییەکان دەستنیشان دەکەم. | | | |
| 8 | لە هەڵبژاردنی چالاکییەکاندا ڕەچاوی جیاتاکی فێرخوازان دەکەم. | | | |
| 9 | پێوەر و شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاو دیاری دەکەم. | | | |
| 10 | سەرنج و تێبینی دەربارەی چۆنێتیی بەڕێوەچوونی وانەوتنەوە تۆمار دەکەم. | | | |

# 5- بەڕێوەبردنی پۆل

**ئامانجی چاوەڕوانکراو**

**چاوەڕواندەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:**

- **چەمکی بەڕێوەبردنی پۆل شیبکاتەوە.**
- **خەسڵەتی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو دیاری بکات.**
- **تایبەتمەندیی هەندێك لە شێوازەکانی ڕێکخستنی پۆل بەراورد بکات.**
- **گرنگیی دیسپلینی پۆل ڕوونبکاتەوە.**
- **جۆرەکانی دیسپلین دیاری بکات.**
- **ڕێساکانی پۆل پێناسە بکات.**
- **مەرجەکانی ڕێساکانی پۆل دەستنیشان بکات.**
- **هۆکارەکانی کێشەی پۆل دیاری بکات.**
- **گرنگیی کارلێکی پۆل لە پرۆسەی وانەوتنەوە شیبکاتەوە.**
- **گرنگیی سازاندی کەشی پۆل لە پرۆسەی وانەوتنەوە دیاری بکات.**
- **کاریگەریی پاڵنەرایەتی لە پرۆسەی فێربوون شیبکاتەوە.**

**وانەیەکی تەواونەکراو**

مامۆستای زمانی عەرەبی چووە پۆلەوە، دواى بەیانی باش، بە خوێندکارەکانی وت: وانەی ئەمڕۆمان باسی جۆەکانی کردار (فعل)ە، پاشان دەستی کرد بە نووسینی چەند ڕستەیەک لەسەر تەختەڕەش. هەرچەندە گوێی لە دەنگەدەنگی چەند خوێندکارێک بوو، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو لەسەر نووسین. کاتێک لە نووسینی ڕستەکان تەواو بوو، ئاوڕیدایەوە لای خوێندکارەکان، بینیی هەموویان لە بەشی پشتەوەی ژوورەکە لە دەوری خوێندکارێک کۆبوونەتەوە، مامۆستا بەمە زۆر نیگەران بوو، بە دەنگی بەرز قیژاندی و وتی: خێرا بچنەوە شوێنی خۆتان و لەسەر کورسییەکانتان دابنیشن، خوێندکارەکان لە شوێنی خۆیان دانیشتن. مامۆستا پرسیی: بۆچی هەمووتان لە دواوە کۆبووبوونەوە؟ هیچ خوێندکارێک وەڵامی نەدایەوە. چەند خولەکێک مامۆستا کەوتە

سەرزەنشتکردنی خوێندکارەکان و پاشان دەستی کرد بە شیکردنەوەی بابەتەکە و ئەو ڕستانەی لەسەر تەختەکە نووسیبوونی. لەناکاو گوێی لە دەنگێک بوو، مامۆستا پرسی: کێ بوو؟ خوێندکارێک لە ڕیزی ناوەڕاست وتی: مامۆستا، چرۆی هاوڕێم پێیداکێشام. مامۆستا لێیان نزیکبووەوە و دوای مشتومڕێکی زۆر، چرۆی کردە دەرەوە. مامۆستا گەڕایەوە لای تەختەکە تا لەسەر شیکردنەوەی بابەتەکە بەردەوام بێت، زۆری نەخایاند زەنگی کۆتایی وانە لێیدا، ناچار مامۆستا کۆتایی بە وانەکە هێنا و لەگەڵ خوێندکارەکان هاتە دەرەوە.[1]

پەروەردەکاران پێناسەی جیاوازیان بۆ بەڕێوەبردنی پۆل کردووە، ئەمەش بە گوێرەی ئەو فەلسەفە پەروەردەییەی پەروەردەکار بڕوای پێیەتی و لەژێر کاریگەرییدایە. هەندێک پێیانوایە جەوهەری بەڕێوەبردنی پۆل دیسپلینی سیستمی خوێندنگەیە. هەندێکی تر وای دەبینن پێدانی ئازادییەکی زۆرە بە خوێندکار. هەندێکی تر پێیانوایە گەشەپێدان و جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەفتاری گونجاو. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، لێرەدا چەند پێناسەیەک بە نموونە وەردەگرین.

(ڕەشایدە) پێیوایە بەڕێوەبردنی پۆل "کۆمەڵێك چالاکی و جموجوولە، بە هۆیەوە مامۆستا دەخوازێت ژینگەیەکی وا لە پۆلدا بەدیبهێنێت کە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێجابی لە نێوان مامۆستا و خوێندکاراندا بێتەدی، بە ئامانجی پرۆسەی فێرکردن و فێربوونی چالاك"[2]. (مولیکین Mulikan) وا پێناسەی دەکات کە "تێکڕای کارەکانی مامۆستا دەگرێتەوە کە ئەنجامیاندەدات بۆ ڕێکخستنی خوێندکارەکان و بەگەڕخستنی کەرەستە و بابەتە فێرکارییەکانی پۆل، تا خوێندکارەکان بە ڕێگایەکی ئەرێنیی چالاك فێربین و بەرزترین دەستهاتی خوێندن (التحصيل الدراسي) بەدەستبهێنن"[3].

---

[1] بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل253.

[2] محمد صبح الرشايدة: الإدارة الصفية والمعلم الناجح، دار يافا، عمان، 2008، ل11. وەرگیراوە لە: مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: الإدارة الصفية، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، 2012، ل26.

[3] Mulikan, I: effective school and effedive, classroom, deparment of education, USA, 1987, P73. وەرگیراوە لە: مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل24.

(جابر) وا پێناسەی دەکات کە "کۆمەڵێك چالاکییە مامۆستا ئەنجامیدەدات بۆ گەشەپێدانی ڕەفتاری خوازراو و سڕینەوەی ڕەفتاری نەشیاو لە خوێندکاردا، لەگەڵ گەشەپێدانی پەیوەندیی مرۆیی باش و دروستکردنی کەشێکی کۆمەلایەتیی چالاك و بەرهەمهێن و پارێزگاریکردن لە بەردەوامبوونی ئەو کەشە"[1].

لەو چەند پێناسەیەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە: بەڕێوەبردنی پۆل پرۆسەیەکی گشتگیر و فرەلایەنە، ڕێکخستنە، دیسپلینە، ڕێنمایکردنە، بەدواداچوونە، هەڵسەنگاندنە، گەیاندنی بابەتە بە خوێندکار، کارلێکی نێوان مامۆستا و خوێندکارە. بە تەنها لەوەدا کورتهەڵنایەت کە بریتیبێت لە بێدەنگکردنی خوێندکارەکان و پۆلێکی هێمن، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەدیهێنانی ژینگەیەکی تەندروستە کە تێیدا پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بە سەرکەوتوویی بێتەدی. توێژینەوەکانی تایبەت بە بواری بەڕێوەبردنی پۆل، ئەو ئەنجامە دەدەن بە دەستەوە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ژینگەی پۆل و بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکاندا هەیە، هەروەها پەیوەندی هەیە لە نێوان پەیوەندیی ئەرێنیی نێوان مامۆستا و خوێندکاران لە پۆلدا و گەشەکردنی ڕەفتاری خوازراو لە خوێندکاراندا و ئاستی زانستی و ئاراستەیان بەرانبەر خوێندنگە[2].

پرۆسەی فێربوونی خوێندکار لە پۆلدا، لە دوو پەیڕەو (المنهج)ەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکەمیان پەیڕەوی خوێندنە، ئەوی تر پەیڕەوی شاراوە (المهج الخفی) کە مەبەست لێی ئەو ڕەفتارانەیە خوێندکار لەناو پۆلدا لە مامۆستا و هاوڕێکانی وەریدەگرێت. بۆ نموونە: متمانەبەخۆبوون، کۆمەڵکاری، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، پارێزگاری لە سیستەم، ڕێزگرتنی هەستو ڕای ئەوانی تر، ئەمانە کۆمەڵێك ڕەفتاری ئەرێنین کە دەتوانرێت لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی پۆل بە شێوەیەکی گونجاو و دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست لە پۆلدا، لە ڕەفتاری خوێندکاردا بەرجەستە ببن و گەشەیان پێ بدرێت[3].

[1] جابر عبدالحمید جابر: مهارات التدريس، دار النهضة العربية، القاهرة، ط3، 1996، ل36. وەرگیراوە لە: مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل24.

[2] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل396.

[3] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: الإتصال الإنساني بين المعلم والطالب، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، 2012، ل 220.

شارەزایان قسەی زۆریان لەسەر خەسڵەت و تایبەتمەندیی بەڕێوەبردنی پۆل کردووە، لەو نێوەندەشدا دوو جۆر بەڕێوەبردنیان دەستنیشان کردووە، ئەم جیاکارییەش لەسەر بنەمای ژینگە و دۆخی پۆل و ئەو چالاکییانەی مامۆستا تێیدا ئەنجام دەدات:

1- بەڕێوەبردنی دیموکراسییانەی پۆل: ئەو شێوازەی بەڕێوەبردنی پۆلە کە ژینگەیەکی هێمن و دڵنیایی و متمانە و ڕێزی هەست و ڕای بەرانبەر و ئازادیی ڕادەربڕینی بابەتییانە و کارلێکی تەندروست باڵی بەسەردا کێشاوە، پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بە شێوەیەکی سیستماتیکیی گونجاو دەڕوات بەڕێوە، کارلێك و پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار لەسەر بنەمایەکی مرۆییانەیە[1].

2- بەڕێوەبردنی پاوانخواز (دەسەڵاتخوان)یانەی پۆل: لەم جۆرە بەڕێوەبردنەدا خوێندکار بوونەوەرێکی نەرێنییە و جموجووڵ و چالاکیی سنووردارە، گوێڕایەڵ و ملکەچ بۆ فەرمان و ڕێنماییەکانی مامۆستا. زۆرجاریش بچووکترین سەرپێچی سزای بەدواوەیە[2].

بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی پۆل، کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەیە کە دەکرێت ببنە بنەما و ناسنامە بۆی، ئەوانیش:

1- مامۆستا لە ڕووی زانستی و پیشەییەوە ئامادەکراوە و پیشەکەی خۆشدەوێت.

2- ژینگەی فیزیایی پۆل ڕێکخراوە، ڕووناکی و هەواگۆڕکێی پێویستی تێدایە، کورسییەکانی لەگەڵ گەشە و قۆناغی خوێندن و ئامانجی وانەکەدا گونجاون.

3- پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار لەسەر بنەمایەکی دیموکراسییە و بە گیانێکی مرۆییانە مامەڵە دەکەن.

4- متمانە و ڕێزی بەرانبەر و خۆشەویستی باڵی کێشاوە بەسەر پەیوەندییەکانی مامۆستا و خوێندکار و خودی خوێندکاراندا.

5- پارێزگاری لە سیستەمی خوێندنگە و پۆل دەکرێت.

---

[1] نایلة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل372. مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل28.

[2] نایلة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل374. مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل28.

6- له ڕێکخستنی پرۆسەی فێرکردن ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتیی خوێندکاران کراوە.

7- کاتی پێویست دیاریکراوە بۆ تێبینی و چاودێری و هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی فێرکردن و ئەنجامی کارەکان[1].

## 1-5 ڕێکخستنی پۆل

مەبەست لە پۆل، ئەو چوارچێوە فیزیاییەیە کە پرۆسەی وانەوتنەوەی تێدا بەڕێوەدەچێت. بە شێوەیەکی گشتی ژینگەی پۆل کورسی و مێز و ڕووناکی و هەواگۆڕکێی گونجاو و کەرەستە و ئامرازە فێرکارییەکان دەگرێتەوە، کە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بەکاردێن.

ڕێکخستنی ژینگەی فیزیایی پۆل بەشێکی گرنگی بەڕێوەبردنی پۆلە و کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر پرۆسەی وانەوتنەوە. ئەو توێژینەوانەی لەو بوارەدا ئەنجامدراون، جەخت لەسەر گرنگیی ڕێکخستنی پۆل دەکەنەوە. (گویرنزی Guernsy) لە توێژینەویەکدا گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ڕێکخستنی پۆل کاریگەریی لەسەر گۆڕانی ڕەفتاری منداڵ بەرەو باشتر هەیە. ئەو پێیوایە ڕێکخستنی کورسییەکان بەشێوەیەك کە تا ڕادەیەکی گونجاو لە یەکتری و لە دەرگا و پەنجەرە و ڕەفەی کتێبەکانەوە دوور بن، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پەرشبوونی زەینی خوێندکاران و سەرنجڕاکێشانی زیاتریان بۆ لای مامۆستا. بە هەمان شێوە، (شورز و هاوڕێکانی) لە توێژینەوەیەکدا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بوونی بۆشاییی گونجاو لە نێوان کورسیی خوێندکاراندا، ڕۆڵی هەیە لە کەمبوونەوەی ڕەفتاری نەشیاو و پشێویی پۆل، هەروەك چۆن نزیکیی خوێندکاران لە یەکتریەوە دەبێتە هۆی پەرشبوونی زەینی خوێندکار و بێئاگابوونی لە مامۆستا و وانەکە. لە توێژینەوەیەکیشدا (سمیس و ڕیڤرا) ئاماژە بە گرنگیی ڕێکخستنی پۆل دەدەن کە چ کاریگەرییەك دەکاتە سەر وانەوتنەوە، بەشێوەیەك کە قەرەباڵغیی پۆلەکان و نزیکیی کورسیی خوێندکاران لە یەکترەوە، دۆخێکی گونجاون بۆ دروستکردنی پشێویی ناو پۆل[2].

---

[1] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل400.

[2] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: هەمان سەرچاوە، ل241- 242.

ڕێکخستنی ژینگەی فیزیایی پۆل کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان. لێرەوە ئەرکی مامۆستایە پلانی گونجاوی هەبێت تا ژینگەیەکی لەبار بەدیبهێنێت، لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکاندا، بەمەش پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بە باشترین شێوە دێتەدی و گۆڕانکاریی ویستراو لە ڕەفتاری خوێندکاردا ڕوودەدات[1]. لە کاتی ڕێکخستنی پۆلدا، دەبێت مامۆستا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

1- ڕێکخستنی پۆل بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەیی و چالاکییە فێرکارییەکان گونجاو بێت.

2- ئاسانیی هاتووچۆکردن و گەیشتن بە دەرگا و تەختەڕەش و سەبەتەی خۆڵ و ڕەفەی کتێب و ... تاد.

3- دڵنیابوون لەوەی مامۆستا هەموو خوێندکارەکان دەبینێت.

4- دڵنیابوون لەوەی خوێندکارەکان چالاکی و بابەتی پێشکەشکراو دەبین.

5- دانانی ئامراز و کەرەستە فێرکارییەکان لە شوێنی گونجاو، بە شێوەیەک کە بە ئاسانی خوێندکاران پێی بگەن[2].

6- گونجاویی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ.

لەبەر گرنگیی ڕێکخستنی پۆل لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، لێرەدا چەند شێوەیەک لە ڕێکخستنی کورسییەکان و دانیشتنی خوێندکاران لە پۆلدا بە نموونە وەردەگرین و سەرنج و تێبینیان لەمەڕ دەخەینەڕوو[3].

---


[1] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل44.

[2] فاديا أبوخليل: إدارة الصف وتعديل السلوك الصفي، دار النهضة العربية، بيروت، 2011، ل66.

[3] تێکڕای شێواز و نموونەکان وەرگیراون لە: فاديا أبوخليل: هەمان سەرچاوە، ل69- 80. مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل47- 59. حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل34- 39. توفيق أحمد مرعي ومحمد محمود الحيلة: هەمان سەرچاوە، ل113- 125.

## 1-1-5 شێوازی فێربوونی کۆمەڵی:

**1- شێوازی تەقلیدی:**




**شێوەی (13) ڕێکخستنی تەقلیدی کورسییەکانی پۆل**

**چەند سەرنجێك:**

- ئەم شێوازە بۆ ڕێگای وانەوتنەوەی وانەبێژی (المحاضرة) گونجاوە.
- مامۆستا ڕێبەر و سەرکردە و بڕیاردەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوونە.
- ئەم شێوازە زۆرتر لەو کاتانەدا بەکاردێت کە بابەتی نوێ پێشکەش دەکرێت، یان ئامرازی فێرکردن دەخرێتەڕوو، یان هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بە شێوەی کۆمەڵی ئەنجام دەدرێت.
- کاریگەریی فێربوون لاوازە.
- ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکایەتی زەحمەتە، یان هەر نییە.
- خوێندکاران حەز و ئاراستەی نەرێنییان بەرانبەر بابەتەکە و مامۆستا لا دروست دەبێت.

2- شێوازی پیتی (U)




شێوەی (14) ڕێکخستنی کورسییەکانی پۆل بە شێوازی پیتی (U)

**چەند سەرنجێك:**

- بۆ ڕێگای وانەوتنەوەی گفتوگۆ (المناقشة) گونجاوە.
- مامۆستا ڕێبەر و ڕێکخەری گفتوگۆیە.
- دەتوانرێت ڕاستەوخۆ فێرکردن و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت.
- دەتوانرێت ئامرازی فێرکاریی جۆراوجۆر بەکاربێت.
- لەوانەیە سەرجەم خوێندکاران بەشداریی گفتوگۆ نەکەن.
- کارلێکی تەواو لە نێوان خوێندکاران نایەتەدی.
- لەوانەیە حەز و ئاراستەی نەرێنییانە لای خوێندکار بەرانبەر مامۆستا دروست ببێت.

3- شێوازی بازنەیی:




**شێوەی (15) ڕێکخستنی بازنەیی کورسییەکانی پۆل**

**چەند سەرنجێک:**

- بۆ ڕێگای وانەوتنەوەی گفتوگۆ (المناقشة) گونجاوە.
- مامۆستا ڕێبەر و ڕێکخەری گفتوگۆیە.
- نابێت ژمارەی خوێندکاران لە (20) کەس زیاتر بێت.
- دەتوانرێت ڕاستەوخۆ فێرکردن و هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت.
- لەوانەیە سەرجەم خوێندکاران بەشداریی گفتوگۆ نەکەن.
- کارلێکی تەواو لە نێوان خوێندکاراندا نایەتەدی.
- لەوانەیە حەز و ئاراستەی نەرێنییانە لای خوێندکار بەرانبەر مامۆستا دروست ببێت.

## 2-1-5 شێوازی فێربوونی تاکەکەسی:




شێوەی (16) ڕێکخستنی کورسییەکانی پۆل بۆ فێربوونی تاکەکەسی

چەند سەرنجێك:

- بۆ وانەی پراکتیکیی وەکو کۆمپیوتەر گونجاوە.
- مامۆستا سەرپەرشتیار و ڕێبەرێکی گەڕۆکە.
- خوێندکاران بە شێوەی تاکەکەسی و سەربەخۆ و بە گوێرەی توانا و لێهاتوویی فێردەبن.
- دەتوانرێت تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بکرێت.

### 3-1-5 شێوازی گرووپ:

1- شێوازی گرووپی گفتوگۆ:




شێوەی (17) ڕێکخستنی کورسییەکانی پۆل بۆ گرووپی گفتوگۆ

چەند سەرنجێك:

- بۆ ئەو بابەتە مرۆییانە گونجاوە کە زارەکین و خوێندکاران گفتوگۆی لەبارەوە دەکەن.
- مامۆستا چاودێر و ڕێبەرێکی گەڕۆکە.
- خوێندکاران لەسەر بنەمای توانا و حەز و ئامانجی وانەکە بەسەر گرووپەکاندا دابەشدەکرێن.
- نابێت ژمارەی خوێندکاران لە هەر گرووپێك (13) کەس زیاتر بێت.
- ئەگەری هەیە حەز و ئاراستەی ئەرێنیی خوێندکار بەرانبەر مامۆستا و بابەتەکە و هاوڕێکانی گەشە بکات.
- پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان مامۆستا و سەرۆکی گرووپەکاندا دروستدەبێت.

2- شێوازی گرووپی چالاکی:



شێوەی (18) ڕێکخستنی کورسییەکانی پۆل بۆ گرووپی چالاکی

چەند سەرنجێك:

- بۆ ڕێگای وانەوتنەوەی گرووپ گونجاوە.
- مامۆستا ڕێبەر و چاودێرێکی گەڕۆکە.
- خوێندکاران بەپێی حەز، توانا، ئامانج و سروشتی بابەتەکە بەسەر گرووپەکاندا دابەش دەکرێن.
- خوێندکاران چالاکی ئەنجام دەدەن، وەکو: شیکاریی پرسیار، نووسینی ڕاپۆرت، ... تاد.
- مامۆستا دەتوانێت لە کاتی پێویستدا ڕێنمایی بداتە هەمووان.
- باشتر وایە ژمارەی ئەندامانی گرووپ لە (6) خوێندکار تێپەڕ نەکات.

## 2-5 دیسپلینی پۆل:

مەبەست لە دیسپلین، پرۆسەی وەرگرتنی ڕێنمایی تایبەت بە خوێندکاران بۆ ساناکردنی ئەنجامدانی ئەرك و کارەکان[1]. یان کۆمەڵێك پێوەر و ڕێنماییە ڕەفتاری خوێندکار لەناو پۆل و دەرەوە ئاراستە دەکات لە چوارچێوەی چالاکی و ئەرکەکانیان کە ئەنجامی دەدەن، بە مەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی ویستراو[2].

دیسپلینی پۆل بە تەنها ئەرکێك نییە مامۆستا بەجێی بێنێت، بەڵکو بەشێکی زیندووی بەڕێوەبردنی پۆلە، کە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی زیاتری خوێندکار بۆ لای بابەتەکە و گەرموگوڕبوونی وانەوتنەوە و جۆش و خرۆشی زیاتری خوێندکاران. هاوکات کارلێکی نێوان مامۆستا و خوێندکار بە شێوەیەکی ئەرێنی دێتەدی و کاتی وانەوتنەوە بەفیڕۆ ناڕوات[3]. دیسپلین بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت:

1- دیسپلینی ستوونی: مەبەست لەو دیسپلینەیە کە لەسەرەوە (مامۆستا، کارگێڕیی قوتابخانە) بەسەر خوێندکاراندا دەسەپێنرێت، بەمەش جووڵە و ئازادیی خوێندکار سنووردار دەکرێت[4]. لەم جۆرە دیسپلینەدا خوێندکار بەشێوەی زۆرەملێ بە ڕێسا و ڕێنماییەکانەوە پابەند دەکرێت، خوێندکار هەست دەکات ئازادیی زەوتکراوە، ئەمەش دەرفەتی فێربوون کەمدەکاتەوە و کارلێکی خوێندکار لەگەڵ مامۆستا و قوتابخانە و بابەتی خوێندن لاواز دەبێت[5].

2- دیسپلینی ئاسۆیی (خودی): ئەمەیان جۆرێك لە هەماهەنگی لە نێوان خوێندکار و ڕێسا و ڕێنماییەکانی خوێندنگە دروست دەبێت، خوێندکار بە گفتوگۆ و ڕوونکردنەوەی ڕێساکانی خوێندنگە و بەشداریکردن لە دانانیدا، خودی خۆی پابەند دەکات پێیانەوە[6].

---

[1] فادیا أبوخلیل: هەمان سەرچاوە، ل87.

[2] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 143.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل 141.

[4] فادیا أبوخلیل: هەمان سەرچاوە، ل87. عبدالله العامري: المعلم الناجح، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2009، ل110.

[5] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 143.

[6] فادیا أبوخلیل: هەمان سەرچاوە، ل87. عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل110.

ئەم جۆرە لە دیسپلین بە تەنها پابەندبوون نییە بە ڕێسا و ڕێنماییەکانی خوێندنگەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی پەروەردەییانەیە و خوێندنگە ئەنجامی دەدات، تا یارمەتیی خوێندکار بدات هەست بکات لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی ئازاد و ڕێکخراوە و ڕێزی بۆچوونەکانی دەگیرێن و دوورە لە دەسەڵاتخوازی و پشێوی و توندوتیژی. خوێندنگە لای خوێندکار دەبێتە ژینگەیەکی تەندروست و ڕێساکانیشی بۆ بەرژەوەندیی خوێندکارانە، نەک سەپاندنی بۆچوونی مامۆستا و کارگێڕیی قوتابخانە[1]. هەندێك لەو توێژینەوانەی دەربارەی گرنگیی بەڕێوەبردنی پۆل ئەنجامدراون، ئەوە ڕووندەکەنەوە کە مامۆستای کارا یارمەتیدەرو ڕێنیشاندەری خوێندکارانە بۆ بەرجەستەکردنی دیسپلینی خودی و ئاشناکردنیان بە ڕێساکانی پۆل[2]، ئەمەش گرنگیی دیسپلینی ئاسۆیی دەخاتەڕوو.

گومانی تێدا نییە جۆری دووەمیان پەروەردەییانەیە و کاریگەریی ئەرێنیی هەیە لەسەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون. لێرەشدا بە کورتی ئاماژە بە گرنگیی دیسپلین لە پرۆسەی پەروەردەدا دەکەین:

1- دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ تەرخانکردن و بەگەڕخستنی زۆرترین کات بۆ پرۆسەی فێرکردن.

2- بوونی ڕێنمایی ڕوون و ئاشکرا لە خوێندنگە و ڕێساکانی پۆلدا، وا لە خوێندکار دەکات پەیرەوی بکات و پابەند بێت پێوەی.

3- ئەو هەستە لای خوێندکار گەشەپێدەدات کە پەیوەندییە مرۆییەکان هەرەمەکی نین و وابەستەی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسان، پابەندبوون پێیانەوە مرۆڤ دەکاتە کەسێکی ڕێزدار لەناو کۆمەڵگەیەکی گەورەدا.

4- هەندێك سیمای کەسایەتی لە دەروونی خوێندکاردا گەشەپێدەدات، وەکو: متمانەبەخۆبوون، دەستپێشخەریی کاری چاك، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.

---

[1] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 144.

[2] راشد حماد الدوسري: تقويم المعلم، مقاربات جديدة وأساليب حديثة، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2009، ل39.

5- هەستێکی وا لە دەروونی خوێندکاردا دروست دەکات کە پابەندییەکی ڕەوشتیی بە یاساوە هەبێت، پابەندبوون بە یاساوە لەپێناو ڕێزگرتنی یاسا، نەك پابەندبوون لە ترسا.

6- هاوسەنگیی دەروونی و سۆزداری لای خوێندکار دروستدەکات، چونکە ڕێساکان ڕوون و ئاشکران و دەزانێت چۆن مامەڵە دەکات[1].

## 1-2-5 ڕێساکانی پۆل:

مەبەست لە ڕێساکانی پۆل، ئەو ڕێنماییانەیە کە پەیوەستن بە ڕەفتاری خوێندکارەوە و چاوەڕواندەکرێت لەناو خوێندنگە و پۆلدا بینوێنێت. دەگونجێت ئەو ڕێسایانە بەشێوەیەك داڕێژرابن کە ڕەفتارێکی ئەرێنی یان ڕێگرتن لە ڕەفتارێکی نەرێنی بنوێنن[2]. ڕێساکانی پۆل بە کۆڵەکەی سەرەکیی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو و دیسپلینی پۆل دادەنرێن لە پرۆسەی پەروەردەدا[3]. توێژینەوەکانی بواری بەڕێوەبردنی پۆل جەخت لەوە دەکەنەوە کە هۆکارێکی سەرەکیی کێشەی خوێندکاران لە پۆلدا بێئاگایی خوێندکارانە لە ڕێساکانی پۆل و ئەو ڕێنماییانەی مامۆستا و کارگێڕیی قوتابخانە دایانناون[4].

دیداری یەکەمی مامۆستا و خوێندکار لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن گرنگییەکی گەورەی هەیە. لەو دیدارەدا تێڕوانینێکی تایبەت لە مێشکی خوێندکار بەرانبەر مامۆستا دەچەسپێت، هەروەکو وتراوە "سەرنجی یەکەم، سەرنجی کۆتاییە"[5]. ئەنجامی چەند توێژنەوەیەکیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە یەکەم دیداری مامۆستا لەگەڵ خوێندکاران لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندنەوە، کە مامۆستا بە هاوکاریی خوێندکارەکان چەند ڕێسایەك بۆ پۆل دابنێن، کاریگەریی ئەرێنی دروستدەکات لەسەر دیسپلینی پۆل، هاوکات ئەو هەستەش لای خوێندکار دروست دەکات کە گرنگیی پێدراوە، بۆیە لە یەکەم وانەدا ڕا و

---

[1] مريم سليم: علم النفس التربوي، دار النهضة العربية، بيروت، 2004، ل343- 346.

[2] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 157.

[3] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: هەمان سەرچاوە، ل242.

[4] راشد حماد الدوسري: هەمان سەرچاوە، ل40.

[5] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل47.

بۆچوونی وەرگیراوە، بەشداربووە لە دانانی ڕێساکانی پۆل، هەر ئەمەش وای لێدەکات زۆرترین گەردنگیری و پابەندیی پێیانەوە هەبێت[1].

(زەیتون) لە کتێبی (مهارات التدریس) چەند وێنایەکی جیاوازی دیداری یەکەمی دەداتێ، کە زۆرێك لە مامۆستایان پەیڕەویی لێدەکەن:

1- سەربڕی پشیلە*: مامۆستایەکە دەخوازێت لە یەکەم دیدار شکۆی خۆی بۆ خوێندکارەکان دەربخات، لەوانەیە بکەوێتە لێدان و شکاندنی خوێندکارێك، تا ببێتە پەند بۆ ئەوانی تر و سڵی لێ بکەنەوە.

2- تاوس: مامۆستایەکە لەگەڵ چوونە پۆل، باڵ ڕادەوەشێنێ، هەروەکو تاووس دەکەوێتە باسی خۆی کە مامۆستایەکی بەئەزموونە، وێنەی نییە لە زیرەکی و لێهاتوویی سالآنە ڕێژەی دەرچوونی بەرزە، .... تاد.

3- پەلەپەلکەر: مامۆستایەکە هەموو خەمی ئەوەیە خێرا دەست بکات بە وانەخوێندن. تەنیا ڕۆژباشێك لە خوێندکاران دەکات و دەستدەکات بە نووسین لەسەر تەختەڕەشەکە و شیکردنەوەی بابەتەکە.

4- کورتکەرەوە: ئەمیش خێرا خۆی بە خوێندکاران دەناسێنێت و بە کورتیی بابەتی خوێندن و شێوازی وانەکە بۆ خوێندکاران باس دەکات، ڕێگا نادات خوێندکاران هیچ گفتوگۆیەك لەسەر بابەتەکە بکەن و ئەو پرسیارانەی لە مێشکیاندا دەبزوێت وەلامی وەربگرنەوە، ئیتر خواحافیزی دەکات و دەڵێت: وانەی داهاتوو دەستدەکەین بە خوێندنی وانەکە.

5- کەمتەرخەم: مامۆستایەکە بەرچاوڕوونیی تەواوی لە بابەتەکەی خۆیدا نییە وەلامی تەواوی پرسیارەکانی خوێندکاران ناداتەوە، هەندێك بابەت بە هەڵپەسێراوی دەهێڵێتەوە بۆ وانەکانی داهاتوو، بە دەستبەتاڵی خوێندکارەکانی جێدێڵێت.

---

[1] مفضي عايد الساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 157.

* (زەیتون) ئەم ناونیشانەی لە کولتووری میللیی میسرەوە وەرگرتووە، کە دەبوو زاوا لە یەکەم شەوی زاوایەتیدا پشیلەیەك لەبەردەم بووکدا سەربڕێت، ئەمەش وەکو ئاماژەیەك بۆ دەسەلآت و شکۆی پیاو، بەمەش زاوا پەیامێك دەداتە بووك کە ئەگەر لە گوێڕایەڵی دەرچێت ئەوە چارەنووسیەتی.

6- شکێنەری بەستەڵەك: شتێکی ڕوونە کاتێك مرۆڤ یەکەمجار بە کەسێك دەگات، هەستێکی نائاسایی لە دەروونیدا دروست دەبێت، مامۆستای سەرکەوتوو و کارا ئەوەیە پلانی بۆ یەکەم دیداری لەگەڵ خوێندکاران دارشتووە، پلانی داناوە بە قسەی خۆش و ئەرمونیانی ئەو بەستەڵەکە بشکێنێت کە لە دەروونی خوێندکاراندا هەیە، ئەمەش وا دەکات خوێندکاران پێوەی پەیوەست بن، کارلێك لەگەڵ خۆی و وانەکەیدا بکەن. بەمەش دەروازەیەکی سەرەکی لەبەردەم پرۆسەی فێربوون دەکرێتەوە. مامۆستای کارا دەبێت لە یەکەم دیدار خۆی بە خوێندکاران بناسێنێت، وردەکاریی پێویست و تەواو دەربارەی بابەتەکەی بداتە خوێندکاران، بە هاوکاریی خوێندکاران ڕێساکانی پۆل دابڕێژێت، دەبێت دیدارێکی هێندە بەچێژ بێت خوێندکاران بە درێژایی تەمەنیان یان ساڵی خوێندن، لە مێشکیاندا بمێنێتەوە[1].

چالاکی:

1- بیربکەرەوە، ئەگەر پێشتر وانەت وتووەتەوە، لە یەکەم دیدار نموونەی کام لەو مامۆستایانە بوویت کە باسکران؟ ئەی دەتەوێت لەمەودوا کام نموونەیان بیت؟

2- بە بڕوای تۆ، جگە لەو چەند وێنەیەی باسکران، هیچ وێنەیەکی تری مامۆستا هەیە لە یەکەم دیداری لەگەڵ خوێندکاران؟

---

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل49- 56.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، دەبێت لە یەکەم دیداردا مامۆستا بە هاوکاریی خوێندکاران ڕێساکانی پۆل دابنێت، بەشداریی خوێندکارانیش لەم پرۆسەیەدا و شیکردنەوەی ڕێساکان بۆیان*، گرنگییەکی زۆری هەیە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، لەو گرنگییانەش:

1- یارمەتییان دەدات لە تێگەیشتن لەوەی ئەم ڕێسایانە پێویستییەکی سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوونن.

2- پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکاران، خودی خوێندکاران بە یەکتری ڕێکدەخات.

3- یارمەتیی خوێندکاران دەدات لە تێگەیشتن و پابەندبوون بە دیسپلینی پۆل و گواستنەوەی ئەو ڕەفتارانە بۆ ژیانی واقیعی لە دەرەوەی خوێندنگە.

4- دەرفەتێکە بۆ ڕاهێنان و پەیوەستبوون و ڕێزگرتنی یاسا و سیستەم.

5- یارمەتییان دەدات لەوەی تێبگەن کە پەیڕەوی ڕێسا و سیستمی قوتابخانە یارمەتیدەریانە لە سەرکەوتنیان لە خوێندن و دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست و گونجاو لەگەڵ هاوڕێکانیان و ئەندامانی کۆمەڵگە[1].

---

* پێویستە لە دانانی ڕێساکانی پۆل ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە:

1- لە پۆلە سەرەتاکانی قۆناغی بنەڕەتی، خوێندکار توانای ئەوەی نییە بەشداری بکات لە دانانی ڕێساکانی پۆل، بۆیە دەگونجێت مامۆستا یان بەڕێوەبەری قوتابخانە دایبنێن و قوتابیان تێ بگەیەنرێن و ڕابهێنرێن لەسەر پەیڕەوکردنی.

2- دەشێت ڕابەری هەر پۆلێك لە جیاتی مامۆستاکانی قۆناغێك، بە هاوکاری خوێندکارەکان ڕێساکان دابنێت و مامۆستای سەرجەم بابەتەکان پابەند بن پێوەی. هەر مامۆستایەکیش لە یەکەم دیدار زیاتر جەخت لەسەر ڕێکارەکانی پەیوەست بە بابەتەکەی خۆی بکات لەبەر ڕۆشنایی ڕێسا پەسەندکراوەکان.

3- دەبێت مامۆستا بە هاوکاری بەڕێوەبەری خوێندنگە و توێژەری کۆمەلایەتی پلانی پێشوەختی هەبێت بۆ ئەو ڕێسایانەی دەیانەوێت لە تێکڕای پۆلەکاندا بچەسپێن و پەیوەستە بە سیستمی گشتیی قوتابخانەوە، لە کاتی گفتوگۆکردنی مامۆستا و خوێندکارەکان دەربارەی ڕێساکان، ڕەزامەندی لەسەر بنوێنرێت.

[1] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل158. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، 361.

دانانی ڕێساکانی پۆل پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و بەرچاوڕوونی هەیە، دەبێت لە دانانیاندا مامۆستا ڕەچاوی ئەم چەند مەرجە بکات:

1- ژمارەی ڕێسا و ڕێنماییەکان کەم بێت.

2- بە زمانێکی سادە بنووسرێن و ڕوون و ئاشکرا و مانادار بن.

3- لەگەڵ تەمەن و قۆناغی خوێندن گونجاو بن.

4- بنەمای ڕەوشتی و یاسایی و فێرکارییان هەبێت.

5- لە دیدی خوێندکارانەوە داڕێژرابن.

6- باشوایە مامۆستا لەسەر هەر ڕێسایەك نموونەیەکی کرداری بداتە خوێندکاران، تا مەبەستی ڕێساکە لای خوێندکاران ڕوون بێت و ئەو چوارچێوەیە بزانن کە ڕێساکە دەیگرێتەوە.

7- ماوە ماوە ڕێساکان بیری خوێندکاران بهێنرێنەوە، تا ڕادەی پەسەندی و جێبەجێکردنیان بزانرێت.

8- بە گوزارشتی ئەرێنی داڕێژرابن و خۆ بەدوور بگیرێت لە گوزارشتی نەرێنی.

9- دەبێت ڕێسا پەسەندکراوەکان لە تابلۆیەکدا لە پۆلدا هەڵواسرێن و وەکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نێوان مامۆستا و خوێندکار لێی بڕوانرێت[1].

لێرە چەند داڕشتنێکی نەرێنی و ئەرێنیی ڕێساکانی پۆل بە نموونە دەنووسین:

- لەجێی خۆتەوە وەڵامی پرسیار مەدەرەوە. (نەرێنی)

دەکرێت یەکێك لەم گوزارشتانە لەجێی ئەوە بەکاربێت:

- کە ڕێگەم پێدرا وەڵامی پرسیار دەدەمەوە.
- ئەگەر ویستم قسە بکەم، ڕووخسەت لە مامۆستا وەردەگرم.

- قۆپیەکردن لە تاقیکردنەوەدا قەدەغەیە. (نەرێنی)

دەکرێت یەکێك لەم گوزارشتانە لەجێی ئەوە بەکاربێت:

---

[1] فادیا أبوخلیل: هەمان سەرچاوە، ل 40- 44. فاطمة عبدالرحیم النوایسة: هەمان سەرچاوە، ل242- 243.

پشت به خۆم دەبەستم.
- لە تاقیکردنەوەدا پشت بە خۆم دەبەستم.
- لە تاقیکردنەوەدا پشت دەبەستم بە توانا و ماندووبوونی خۆم.
- ڕێگە نادرێت بە جلی قوتابخانەوە وەرزش بکەیت. (نەرێنی)
دەکرێت یەکێك لەم گوزارشتانە لەجێی ئەوە بەکاربێت:
- لە وانەی وەرزشدا بە جلوبەرگی وەرزشییەوە ئامادە دەبم.
- بە جلوبەرگی وەرزشییەوە بەشداریی وانەی وەرزش دەکەم.

وەکو ئاماژەمان پێدا، دەبێت ژمارەی ڕێسا و ڕێنماییەکانی پۆل کەم بن، دەشتوانرێت ڕێساکان تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی گشتگیر دابڕێژرێن، بە شێوەیەك کە هەریەکەیان بوارێك بە تەواوی بگرێتەوە. لێرەدا نموونەی ڕێسایەکی پۆل دەخەینە بەردەست کە لە (6) یاسای سەرەکی پێکهاتووە و دەتوانرێت وەکو بنەمایەکی سەرەکیی ڕێساکانی پۆل سوودی لێوەربگیرێت:

**یاسای یەکەم: لە کاتی هاتنم بۆ قوتابخانە، کەرەستەی پێویست لەگەڵ خۆم دەهێنم.**

**یاسای دووەم: کاتێك مامۆستا قسە دەکات، لە جێی خۆم دادەنیشم و گوێدەگرم.**

**یاسای سێیەم: ڕێزی ڕای بەرانبەر دەگرم.**

**باسای چوارەم: پارێزگاری لە پاکوخاوێنی و کەرەستەکانی ناو پۆل و قوتابخانە دەکەم.**

**یاسای پێنجەم: پابەند دەبم بە ڕێنماییەکانی قوتابخانە و کاتی وانەکان.**

**یاسای شەشەم: ئەرکی ماڵەوە بەجێدێنم و بەشداریی چالاکییەکانی ناو پۆل و قوتابخانە دەکەم.**

ئەم (6) یاسایە، هەریەکەیان کۆمەڵێك ڕەفتاری لاوەکی لەخۆ دەگرێت، کە دەبێت خوێندکار پێوەی پابەند بێت. بۆ نموونە یاسای دووەم (**کاتێك مامۆستا قسە دەکات، لە جێی خۆم دادەنیشم و گوێدەگرم.**). مانای وایە لە کاتی شیکردنەوەی وانە لە لایەن مامۆستاوە، یان کاتێك خوێندکارێك وەڵامی پرسیاری مامۆستا دەداتەوە، دەبێت خوێندکار لە شوێنی خۆیەوە گوێبگرێت. ئەگەر ویستی قسە بکات، دەبێت دەستهەڵبڕێت و مۆڵەت لە مامۆستا بخوازێت، هاوکات ئەوەش لەسەر خوێندکار پێویست دەکات کە خۆی بەدوور بگرێت لە قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی.

ڕێساکانی پۆل وەکو بەشێکی سەرەکیی دیسپلینی پۆل ئەژمار دەکرێن. دەبێت چاوەڕوانی پێشێلکاری و یاساشکێنیش لە خوێندکار بکرێت، ئەمەش پێویستیی سزا دەسەپێنێت. شارەزایانی بواری پەروەردە مشتومڕی زۆریان هەیە لەسەر بەکارهێنانی سزا. بەشێکی زۆر لەگەڵ ئەوەن سزا هەبێت، بەڵام بە مەرجێك سزاکە پەروەردەییانە بێت و دووربێت لە توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی[1]. دەبێت بە هەمان شێوەی ڕێساکان، سزای سەرپێچیش بۆ خوێندکاران ڕوونبکرێتەوە و بەرچاوڕوونییان بدرێتێ. باشتریش وایە سزاکە بێبەشکردنی خوێندکار بێت لە وەرزش، یان لە چالاکییەك کە بەلای ئەوەوە چێژبەخش و گرنگە، یان شکاندنی نمرە، ... تاد.

دەبێت لە بەرانبەر سزادا پاداشتییش هەبێت. دەگونجێت پاداشتەکە تاکی بێت، بۆ نموونە پێدانی نمرە، یان مانگی جارێك ئەو خوێندکارە هەڵبژێردرێت کە زۆرترین پابەندیی بە ڕێساکانەوە هەبووە، خەڵات بکرێت، یان تابلۆی ڕێزلێنراوان لە قوتابخانەدا هەبێت و وێنەی خوێندکار لەو تابلۆیە بڵاوبکرێتەوە، یان سوپاسنامەیەکی ئاراستە بکرێت و وێنەیەکی بنێردرێت بۆ دایك و باوکی، ... تاد. دەشگونجێت پاداشت کۆمەڵی بێت، مانگی جارێك ئەو پۆلانە دیاری بکرێن کە زۆرترین پابەندی بە یاسا و کەمترین یاساشکێنییان تۆمار کردووە، سێ پۆلیان خەڵات بکرێن، ... تاد.

## 2-2-5 هۆکارەکانی کێشەی پۆل:

هەندێك لە مامۆستایان نیگەرانن لە کێشە و پشێوییەکانی پۆل، کە بە شێوەیەکی ڕاستوخۆ کار دەکەنە سەر دیسپلینی پۆل و بەڕێوەچوونی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون. لێرەدا بە کورتی ئاماژە دەدەین بە گرنگترین هۆکار و سەرچاوەکانی کێشە و پشێوییەکانی پۆل:

### ا- هۆکاری پەیوەست بە مامۆستا:

مامۆستا کۆڵەکەی سەرەکیی پرۆسەی پەروەردەیە لە پۆلدا، ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە سەرکەوتن یان شکستی پرۆسەکە. گرنگترین ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە مامۆستا و کاردەکەنە سەر دیسپلینی پۆل و دروستبوونی پشێوی لە پۆلدا:

---

[1] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 166.

1- کاردانەوە و پەرچەکرداری نەشیاوی مامۆستا بەرانبەر هەڵە و هەڵسوکەوتی خوێندکاران و سزای بەکۆمەڵی خوێندکاران.

2- بێئاگایی مامۆستا لە خەسڵەت و قۆناغی گەشەی خوێندکاران.

3- شێوازی وانەوتنەوەی تەقلیدی.

4- مامۆستا خۆی لەجیاتی خوێندکاران چالاکییەکانی پۆل ئەنجام دەدات.

5- نەبوونی جۆراوجۆری و هەمەڕەنگیی چالاکییەکانی پۆل و خوگرتن بە یەک جۆری چالاکییەوە.

6- نەبوونی ڕێساکانی پۆل و زۆریی ئەو کۆتوبەندانەی مامۆستا دەیانخاتە سەرشانی خوێندکاران و سنووردارکردنی لە ڕادەبەدەری ئازادیی خوێندکاران.

7- خێرایی یان خاویی وانەوتنەوەی مامۆستا[1].

8- سووکایەتی و گاڵتەکردن بە خوێندکار و وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانی.

9- نەبوونی پلان و ڕووننەبوونی ئامانجەکانی وانە.

10- جیاوازیی مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران[2].

11- نەخستنەگەڕی کات بە شێوەیەکی گونجاو[3]، بۆ نموونە دە خولەک بەر لە لێدانی زەنگی کۆتایی، مامۆستا کۆتایی بە وانەکە هێناوە.

12- لاوازیی ئاستی زانستیی مامۆستا. بۆ نموونە مامۆستا جگە لە زانیاریی ناو کتێبی خوێندن، هیچ زانیارییەکی زیادەی لەسەر بابەتەکە نییە، کاتێکیش خوێندکار هەست بە لاوازیی ئاستی زانستیی مامۆستا دەکات، بە پرسیاری لاوەکی و نابەجێ وتانە و تەشەردان پشێوی دەنێتەوە.

13- لاوازیی کەسایەتیی مامۆستا. بۆ نموونە: دوودڵە لە بڕیاردان، بەڵێن دەدات و نایباتەسەر، هەڕەشەیەک دەکات ناتوانێت بیباتەسەر، زوو تووڕە دەبێت و کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات، لەبەرکردنی جلوبەرگی نەشیاو، ... تاد.

---

[1] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل 148- 151.

[2] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: هەمان سەرچاوە، ل 229.

[3] مريم سليم: هەمان سەرچاوە، ل350.

14- لاوازیی چاودێریی خوێندکاران. بۆ نموونە: زۆرتر سەرقاڵی نوزسینە لەسەر تەختەڕەش، یان لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و ناجووڵێت، گرنگیدان بە خوێندکارێك یان چەند خوێندکارێکی دیاریکراو و پشتگوێخستنی ئەوانی تر، ... تاد[1].

**ب - هۆکاری پەیوەست بە خوێندکار:**

هەندێك جار خوێندکاران هۆکار و سەرچاوەی کێشە و پشێوییەکانی ناو پۆلن، لە دیارترین ئەو هۆکارانەش:

1- توانای ژیریی خوێندکار: ئەگەر بابەتی فێربوون کە مامۆستا دەیڵێتەوە و دەیداتە خوێندکاران، نزمتر بێت لە ئاستی خوێندکار، ڕەنگە خوێندکاری ئاستبەرز پشێوی بنێتەوە، خۆ ئەگەر ئاستی ناوەرۆك بەرزتربێت لە ئاستی زیرەکیی خوێندکاران، ڕەنگە خوێندکاری لاواز کێشە دروست بکات.

2- باری دەروونی و تەندروستیی خوێندکار: لاوازیی بینین، بیستن، قسەکردن، ... تاد، ڕەنگە وا لە خوێندکار بکەن بە باشی ئەرکەکانی جێبەجێ نەکات، یان بەشداریی چالاکی نەکات، بەمەش تێڕوانینێك لای مامۆستا دروست دەبێت کە ئەو خوێندکارە نایەوێت بخوێنێت. لەوانەیە ئەمەش وا لە خوێندکار بکات ڕەفتاری نەشیاو بنوێنێت. بە هەمان شێوە باری دەروونیی خوێندکار کاریگەریی هەیە لەسەر هەڵچوون و نواندنی ڕەفتاری نەشیاو.

3- کەسایەتیی خوێندکار: گەشەی خوێندکار نەگەیشتووەتە ئاستی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و نواندنی ڕەفتاری گونجاو[2].

4- لاساییکردنەوەی ڕەفتاری نەشیاوی خوێندکار و کەسانی تر.

5- نەبوونی پاڵنەر و هاندانی ئەرێنی تا وا لە خوێندکار بکات ڕەفتاری گونجاو بنوێنێت.

6- بڕوانەبوونی خوێندکار بەوەی سەرپێچی سزای هەیە. هەندێکجار خوێندکار مامۆستا تاقیدەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئاگادارکردنەوە و هەڕەشەکانی دەباتەسەر.

---

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل443- 446.

[2] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل111- 112. فاديا أبوخليل: هەمان سەرچاوە، ل88.

7- ناراستە و تێڕوانینی نەرێنیی خوێندکار بەرانبەر بابەتی وانە و مامۆستا و قوتابخانە.

8- خوێندکار حەز دەکات سەرنجی ئەوانی تر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بە تایبەت ئەگەر پەراوێز و پشتگوێ خرابێت.

9- بێهیوایی خوێندکار لە دەرچوون و فێربوون[1].

10- وانەی تایبەت: خوێندکار لە دەرەوەی خوێندنگە وانەی تایبەت دەخوێنێت، پێیوایە پێویستی بەوە نییە کە لە خوێندنگە دەیخوێنێت، بۆیە هاوڕێکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات، یان ڕەفتاری نەشیاو دەنوێنێت[2].

**ج - هۆکاری پەیوەست بە خوێندنگە:**

مەبەست لە قوتابخانە لێرەدا، سیستەم و ژینگە و پەیڕەوی خوێندنە. لە دیارترین ئەو هۆکارانەش:

1- پەیڕەوی خوێندن: کاتێك پەیڕەو تیۆری بێت، هیچ وابەستە نەبێت بە پێویستی و حەزی خوێندکار، هیچ پاڵنەرێك نییە وا لە خوێندکار بکات گرنگیی پێ بدات، بەڵکو وا لێی دەڕوانێت بەسەریدا سەپێنراوە، بۆیە ئەوەی لەدەستی بێت بۆ خۆدزینەوە لە خوێندن یان نانەوەی پشێوی، دەیکات.

2- سیستەم و ڕێساکانی خوێندنگە و پۆل بە شێوەیەکن لەگەڵ ویست و حەز و پێداویستیی خوێندکار ناگونجێن.

3- ژینگەی خوێندنگە، وەکو: نەبوونی گۆڕەپانی یاری، نەبوونی تاقیگە، زۆریی ژمارەی خوێندکاران لە پۆلدا، نەبوونی ڕووناکیی پێوست لە پۆلدا، نەبوونی کەرەستە و ئامرازی فێرکاری، کەمیی چالاکی و گەشت و سەیران، ... تاد.

4- ژینگەی کۆمەڵایەتیی خوێندنگە، بۆ نموونە: جیاوازیی گەورە لە ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری و ئاینیی خوێندکاران.

---

[1] ملفي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل148- 151.

[2] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل448.

5- دابەشکردنی خوێندکاران بە شێوەیەکی نەشیاو بەسەر پۆلەکاندا، یان پۆلێنکردن لەسەر بنەمای پۆلی زیرەکەکان و پۆلی تەمەڵەکان، ... تاد[1].

6- نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاری و تەبایی لە نێوان دەستەی مامۆستایان، مامۆستایان و دەستەی کارگێڕیی قوتابخانە و پێدانی ڕێنمایی جیاواز بە خوێندکاران[2].

7- لاوازیی کارگێڕیی خوێندنگە، بۆ نموونە: چاوپۆشی لە خوێندکاران لە هاتن بۆ خوێندنگە و چوونە ناو پۆل، هاوسۆزی لەگەڵ خوێندکاری تێکدەر، دادپەروەرنەبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران، ... تاد[3].

**د- هۆکاری پەیوەست بە خێزان و ژینگە:**

1- لاوازیی پەیوەندیی نێوان خێزان و خوێندنگە و هەستنەکردنی دایک و باوکی خوێندنکار بە گرنگی و پشتیوانی و هاوکاریی خوێندنگە.

2- ژینگەی خێزانی، وەکو: تێڕوانینی خێزان بۆ خوێندنگە و خوێندکار، کێشەی خێزانی، جیابوونەوەی دایک و باوک، باری ئابووری، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، دڵڕەقی و مامەڵەی زبری دایک و باوک، ... تاد[4].

3- هۆیەکانی ڕاگەیاندن، وەکو: برەودان بە ڕەفتاری نەشیاو، سەرکێشی، یاساشکێنی و توندوتیژی، ... تاد.

4- بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا[5].

---

[1] مریم سليم: هەمان سەرچاوە، ل346- 348.

[2] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل149.

[3] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل449.

[4] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل112.

[5] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل450.

## 5-3 کارلێکی پۆل:

هەرچەندە ڕێکخستنی ژینگەی فیزیایی پۆل گرنگییەکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، بەڵام لەوەش گرنگتر ڕەخساندنی کەشی دەروونی و کۆمەڵایەتیی گونجاوە، ڕەخساندنی کەشێك لەسەر بنەمای پەیوەندیی مرۆییانە و سۆز و خۆشەویستی و ڕێزی بەرانبەر لە نێوان مامۆستا و خوێندکار. بێگومان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەمەن و قۆناغی خوێندن، خوێندکاران ئاسانتر دەتوانن کارلێك بکەن و هاوڕێیەتی و گرووپی هاوبەشی کار دروست بکەن. پەروەدەکارانیش لەو باوەڕەدان پەیوەستیو سۆزی کۆمەڵایەتی پاڵنەرێکی گرنگە بۆ کاراکردنی پرۆسەی فێربوون[1].

چەند توێژینەوەیەك ئەوەیان دەرخستووە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ژینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی گونجاو، کە خوێندکار هەست بە هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکی باش بکات، لەگەڵ ئاستی بەرەوپێشچوونی خوێندکار و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان[2]. هەروەکو چەند توێژینەوەیەکی تر ئەوەیان خستووەتەڕوو کە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو مامۆستایانەی کارامەیی پەیوەندی و کارلێکی پۆلیان هەیە، زۆرترە لە پرۆسەی پەروەردەدا بەراورد بەو مامۆستایانەی لەو کارامەییەدا لاوازن[3]. چەند توێژینەوەیەکی تریش بەو ئەنجامە گەیشتوون کە کارلێکی ئەرێنیی پۆل، کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر ئەو خوێندکارانەی شەرمنن لە گەشەپێدانی کەسایەتی و زیادبوونی متمانەبەخۆبوون و هەنگاونان بەرەو ژیانێکی باشتر لە ئایندەدا[4].

کەشی دەروونی و کۆمەڵایەتیی گونجاو کاتێك دێتەدی کە کارلێك لە نێوان مامۆستا و خوێندکار دروست بووبێت، خوێندکار لە حاڵەتی نەرێنی و بێدەنگی برابێتە حاڵەتی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و بەشدارێکی کارا لە چالاکییەکانی پۆل. مەبەستیش لە کارلێکی پۆل، کۆی ئەو ڕەفتارە گوفتاری و ناگوفتاری (ئاماژەی جەستە، زەردەخەنە، ... تاد)یە لە پۆلدا دەنوێنرێن لە پێناو سازاندنی زەینی و دەروونیی خوێندکار، بە مەبەستی

---

[1] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: هەمان سەرچاوە، ل 222.

[2] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل77.

[3] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل271.

[4] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: هەمان سەرچاوە، ل287.

بەدیهێنانی فێربوونێکی باشتر، یان ڕاگۆڕینەوە و چالاکی و گفتوگۆی ناو پۆلە کە بە شێوەیەکی ئامانجدار و ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت بە مەبەستی بەهێزکردن و وورووژاندنی ویستی فێربوون.[1]

مامۆستای کارامە دەبێت لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن و لە یەکەم وانەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بێت پەیوەندییەکی مرۆیی بەهێز لەگەڵ خوێندکارەکان دروست بکات، تا ئەمە بکاتە دەروازەیەک بۆ کارلێکی پۆل. تێڕوانینی هاوچەرخ بۆ خوێندنگە و پۆلی لە کۆمەڵگەدا لەوەدا کورتهەڵنایەت کە دەزگایەک بێت بۆ فێربوون، بەڵکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیشە نەوەکانی ئایندە پەروەردە دەکات، وێنەیەکی بچووکراوەی کۆمەڵگەیە، بۆیە دەبێت پەیوەندیی مرۆییانە و کارلێکی ئەرێنیی نێوان مامۆستا و خوێندکار، خودی خوێندکاران، پەیوەندیی توندوتۆڵ، سۆز و خۆشەویستی و ڕێزگرتنی بەرانبەر، سیمای خوێندنگە بێت. بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو گرنگییە، لێرەدا بە کورتی بە چەند خاڵێک باسی دەکەین:

1- ئەگەر خوێندکار مامۆستای خۆشویست، دیسپلینی خودیی بەهێز دەبێت و ئەگەری کەم هەیە خوێندکار ڕەفتاری نەشیاو بنوێنێت و پشێوی لە پۆلدا بنێتەوە.

2- بوونی پەیوەندیی مرۆییانە وا لە خوێندکار دەکات هەست بکات ڕێزی لێگیراوە و لای مامۆستا گرنگە، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزی فێربوون.

3- خوێندکار هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی دەکات، بەمەش دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی گونجاو و هەڵچوونی کارا دەڕەخسێت.[2]

4- یارمەتیی خوێندکاران دەدات بە متمانەبەخۆبوونەوە بیروڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆ بکەن، بەمەش ئاسۆی بیریان فراوان دەبێت.

5- زیندوویەتی دەدات بە وانەکە، چونکە خوێندکار لە دۆخی نەرێنی و بێدەنگی دەچێتە دۆخی ئەرێنی و بەشدار لە چالاکی و ڕاگۆڕینەوە.

6- ئاراستەیەکی ئەرێنی لای خوێندکار بەرانبەر مامۆستا، بابەتی وانەکە و هاوڕێکانی دروست دەکات.

---

[1] فادیا أبوخلیل: هەمان سەرچاوە، ل98.

[2] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل418.

7- هانی مامۆستا دەدات گۆڕانکاری لە ڕێگای وانەوتنەوە بکات و زانیاریی زیاتر کۆبکاتەوە و بیداتە خوێندکارەکانی.

8- ئاستی فێربوونی خوێندکار بەرزدەکاتەوە.

9- هەستی بەرپرسیاریەتی و گیانی هاوکاری لە خوێندکاردا گەشەپێدەدات.

10- مامۆستا بە حەز و پێویستی و دید و تێڕوانینی خوێندکار ئاشنا دەبێت[1].

بێگومان ئاست و کارامەیی پەیوەندی و کارلێکی مامۆستایان جیاوازە، هەندێک مامۆستا بە سروشتی خۆیان کەسێکی کۆمەڵایەتی نین، بە پێچەوانەشەوە، ئەمەش کاریگەریی هەیە لەسەر ئاستی لێهاتوویی و مومارەسە و پیشەکەی و پرۆسەی وانەوتنەوە. دەکرێت لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم هەنگاوانەی خوارەوە، بەشێکی زۆر لەو گرفتە چارەسەر بکرێت و پەیوەندی و کارلێکی مامۆستا و خوێندکاران چالاک بکرێت:

1- مامۆستا هەوڵ بدات زانیاری دەربارەی پاشخانی خوێندکار بەدەستبهێنێت لە ڕووی هەڵچوون، باری ئابووری، باری کۆمەڵایەتی، حەز، شارەزایی، کارامەیی، ... تاد[2].

2- بانگکردنی خوێندکار بە ناوی خۆی.

3- بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێز، وەکو: بەڕێز، ئازیزم، کوڕم، کچم، بە یارمەتیت، بە ئەرک نەبێت، ... تاد.

4- قبوولکردنی هەستی ئەرێنیی خوێندکار.

5- وەرگرتنی پێشنیار و بیرۆکەی خوێندکار ئەگەر گونجاو بوو.

6- گرنگیپێدانی حەز و ئارەزووی خوێندکار.

7- ئاراستەکردنی پرسیاری وورووژێنەر و قووڵ کە وەڵامێکی دیاریکراوی نییە و بیر و هۆشی خوێندکار دەبزوێنێت.

8- پێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و چۆنێتیی خوێندن و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز.

---

[1] فاطمة عبدالرحيم النوايسة: هەمان سەرچاوە، ل149- 150.

[2] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل421.

9- دروستکردنی کەشێکی وا کە خوێندکار هەست بە ئاسوودەیی بکات، بۆ نموونە: گاڵتەوگەپ، نوکتە، چیرۆك، ... تاد.*

10- ڕەخنەی بنیادنەرانە و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری نەشیاو بە شێوەیەکی ئەرموونیان، دوور لە لەکەدارکردنی کەسایەتیی خوێندکار[1].

11- بەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی هاوچەرخ و ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆر.

12- ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکایەتی.

13- دوورکەوتنەوە لە سووکایەتی و بێڕێزی و گاڵتەکردن بە خوێندکار[2].

14- دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندیی دەرەوەی پۆل، لە ڕێگەی: پیاسەکردن لەگەڵ خوێندکار لە باخچەی خوێندنگە، دیداری دووقۆڵی، بەشداریی خۆشی و ناخۆشی (پرسە)، بەشداریی ئاهەنگ و گەشت و سەیران و چالاکیی مەیدانی، یاری، ... تاد.

15- پارێزگاری لە کەسایەتیی مامۆستا و نواندنی ڕەفتاری شیاو، وەك: ڕاستگۆیی، متمانەبەخۆبوون، پۆشینی جلوبەرگی گونجاو، بەرزیی ئاستی زانستی، دڵسۆزی، یەکلاکردنەوەی کێشە، ... تاد.

16- هەواڵپرسینی تایبەتی خوێندکار، وەك: پرسینی ئەنجامی یاری لەو خوێندکارەی گرنگی بەو بوارە دەدات، هەواڵپرسینی لە هاوڕێکەی، هەواڵپرسینی تەندروستیی کاتی ناخۆشی، پیرۆزبایی سەرکەوتن لە چالاکییەك، ... تاد.[3]

---

* دەبێت مامۆستا لە هەموو دۆخێکدا ڕەچاوی ئەوە بکات کەسایەتی پارێزراو بێت، بۆ هەمیشە پەیوەندی مامۆستاو خوێندکار لە سنووری ڕێزی بەرانبەردا بێت، لە هیچ حاڵەتێکدا دەرفەت نەداتە خوێندکار کەسایەتی مامۆستا لەکەدار بکات.

[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل375- 378. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل274.

[2] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل101.

[3] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل421- 427.

## 1-3-5 سازاندنی وانە:

شکاندنی بەستەڵەکی نێوان خوێندکار و مامۆستا لە یەکەم وانەی ساڵی نوێی خوێندن، وێڕای ئەو گرنگییە گەورەی هەیەتی و پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەڵام نابێتە مایەی بەدیهێنان و ڕەخساندنی دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کارلێکی تەواو بۆ فێربوون، بەڵکو پرۆسەی وانەوتنەوە پێویستی بە ئامادەکردن و سازاندن هەیە لە سەرەتای هەموو وانەیەکدا. مەبەستیش لە سازاندن، بریتییە لە هەموو ئەوەی مامۆستا دەیکات و دەیڵێت، بۆ ئامادەسازیی خوێندکاران لە ڕووی زەینی و هەڵچوون و جەستییەوە، بە مەبەستی وەرگرتن و فێربوونی وانەی نوێ[1]. ئامادەسازی چەند خولەکێکی کەم دەخایەنێت، بەڵام مامۆستای کارامە لەو ماوە کەمەدا خوێندکاران دەخرۆشێنێت، هەست و هۆشیان بۆ لای وانەکە کەمەندکێش دەکات، بەشێوەیەک سەرنجیان ڕادەکێشێت، بە زمانی جەستە بە مامۆستا دەڵێن ئامادەین بۆ فێربوون.

ئامادەسازی و پێشەکی بۆ فێربوونی وانەی نوێ، یان برگەیەکی وانە، گرنگییەکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی وانەوتنەوە، دەتوانێت ئەم ئامانجانە بێنێتە دی:

1- ئامادەسازیی خوێندکاران لە ڕووی زەینی و دەروونییەوە بۆ وەرگرتنی وانەی نوێ[2].

2- سەرنجڕاکێشانی خوێندکار بۆ لای وانەکە و بابەتی نوێی فێرکاری و وروژاندنی پاڵنەرایەتییان.

3- پێدانی بیرۆکەیەک بە خوێندکار دەربارەی ئەو ئامانجانەی چاوەڕوان دەکرێت لە ناوەڕۆک بێنەدی[3].

4- بەستنەوەی فێربوونی پێشووتری خوێندکار و ئەوەی لە ڕابردوو فێری بووە، بە وانەی نوێوە.

5- دانانی چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی بابەتەکە لەخۆی دەگرێت[1].

---

[1] محمد إبراهیم قطاري: هەمان سەرچاوە، ل119.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل121.

[3] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل110- 111.

سازان و ئامادەسازی ئەرکێکی قورس نییە، مامۆستای کارامە دەتوانێت بە گرتنەبەری ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بەدیبهێنێت، لە گرنگترین ئەو شێوازانەش:

1- ئاراستەکردنی پرسیاری قووڵ، پرسیارێك یان چەند پرسیارێك کە وەڵامێکی دیاریکراوی نەبێت و هۆشی خوێندکاران ببزوێنێت، بەڵکو دەگونجێت خوێندکاران لە دید و تێڕوانینی خۆیانەوە وەڵامی جیاواز بدەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر وانەکە باسی کارەبا بێت، دەکرێت ئەم پرسیارە ئاراستەی خوێندکارەکان بکرێت: ئەگەر کارەبا نەدۆزرایەتەوە، ژیانی مرۆڤەکان لە ئێستادا چۆن دەبوو؟

2- قسەی نەستەق و نوکتە.

3- چیرۆك*، شانۆ و نواندن کە پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبێت.

4- ڕووداوی ڕۆژ، بۆ نموونە ئەگەر بابەتەکە باسی ڤایرۆس بوو، مامۆستا دەتوانێت هەواڵ یان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیەك بخوێنێتەوە کە باس لە دۆزینەوە یان بڵاوبوونەوەی ئایرۆسێك دەکات.

5- خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئان، فەرموودەیەك، وتەی ناودارێك پەیوەست بە ناوەرۆك. بۆ نموونە ئەگەر بابەتی وانەکە باسی دەرامەتی ئاو بوو لە وانەی جوگرافیا، مامۆستا دەتوانێت ئایەتی (وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ) سورة الانبياء-30، لەسەر تەختەڕەش بنووسێت و لەگەڵ خوێندکارەکان گفتوگۆیەکی کورت لەبارەیەوە بکەن.

6- خوێندنەوەی دەقێکی (ئەدەبی، مێژوویی، زانستی، ئایینی، ... تاد)ی پەیوەست بە ناوەرۆك. بۆ نموونە لە باسی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە 1946، دەتوانێت وەسیەتی پێشەوا قازی محەممەد بخوێنێتەوە.

7- نیشاندانی نەخشە، دیمەنی ڤیدیۆیی، وێنە، فیلمی کورت، تۆماری دەنگی، کاری دەست، نموونە (العينة) .. تاد. پەیوەست بە ناوەرۆك.

8- نووسینی ئامانجەکانی وانەکە لەسەر تەختەڕەش و ناساندنی بە خوێندکاران.

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل74.

* لە نووسینی ئەم کتێبەدا، لە سەرەتای هەر بەشێکدا، چیرۆکێکی پەیوەست بە ناوەرۆکی بەشەکە گێڕدراوەتەوە، مەبەست لەمە سەرنجڕاکێشانی زیاتری خوێنەرە، دەکرێت هەمان شت لە سەرەتای وانەدا پەیڕەو بکرێت.

9- چالاکییەکی کورت، بۆ نموونە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەك لە تاقیگە.

10- ئاراستەکردنی پرسیارێك دەربارەی وانەی پێشوو و بەستنەوەی بە وانەی نوێوە.[1]

## 2-3-5 پاڵنەرایەتی و هاندان:

پەندێکی باو هەیە دەڵێت "دەتوانیت ئەسپەکەت بەریتە سەر ڕووبارەک، بەلام ناتوانیت ناچاری بکەیت ئاو بخواتەوە". ئەمە بۆ بواری پەروەردە تەواو گونجاوە، ئێمەی مامۆستا دەتوانین بە کۆمەڵێك ڕێوشوێن منداڵ بهێنینە قوتابخانە و بە دەوامەوە پابەندی بکەین، بەڵام ناتوانین ناچاری بکەین بۆ فێربوون.

مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوە هەست بە جیاتاکیی نێوان خوێندکاران دەکات، هەندێك خوێندکار نمرەی بەرز لە تاقیکردنەوەدا دەهێنن، هەندێکیان بە پێچەوانەوە، لەناو خوێندکاراندا هەندێکیان گرنگی بە بابەتێکی دیاریکراو دەدەن، هەندێکیشیان نیگەرانی و وەڕسیی خۆیان لە وانەخوێندن دەردەبڕن، تەنانەن نیگەرانی دەگاتە سەر هەندێك مامۆستا و خوێندنگەش. ڕەنگە ئەمەش پرسیاری سەرەکیی ژمارەیەك لە مامۆستایان بێت کە بۆچی هەندێك لە خوێندکاران نیگەرانن لە وانە و حەزدەکەن زوو کۆتایی بێن؟ دەتوانین زۆر بە سادەیی وەڵام بدەینەوە کە هۆکارێکی سەرەکیی ئەو دۆخە نەبوونی پاڵنەر (الدافعية) و هاندان (التعزيز)ە. نەبوونی پاڵنەرە وا لە خوێندکار دەکات وەڕس بێت لە وانە، بۆیە ئەرکی مامۆستایە ئاگاداری پاڵنەر بێت، شارەزا بێت لە وروووژاندنی پاڵنەرەکان و هاندانی خوێندکار بۆ فێربوون، کاریگەرییەکانی پاڵنەر لە فێربووندا درك پێبکات، لەبەر گرنگیی هەردوو چەمکی پاڵنەر و هاندان، لێرەدا ئاماژەیەکی کورتیان پێدەدەین.

---

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل75- 79. محمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل119- 120.

مەبەست لە پاڵنەر* حاڵەتێکی ناوەکیی تاکە، ڕەفتاری دەورووژێنێت و ئاراستەی دەکات بەرەو ئەو ئامانجەی دەخوازێت بیهێنێتەدی[1]. پاڵنەر چوار خەسڵەتی سەرەکیی هەیە، ئەوانیش:

1- پاڵنەر، هێزێکی خودیی ناوەکییە و ناتوانرێت ڕاستەوخۆ تێبینی بکرێت، بەڵکو لە دەرەنجامی هەڵسوکەوتی تاک لە کارەکەیدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕێژەی پاڵنەری بۆ کارەکە چەندە.

2- پاڵنەر، هێزێکە ڕەفتار دەورووژێنێت بۆ ئەنجامدان یان نواندنی ڕەفتارێکی دیاریکراو.

3- پاڵنەر، هێزێکە ڕەفتاری تاک ئاراستە دەکات بەرەو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

4- پاڵنەرایەتی بە هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی دەورووژێت، لەوانە: پێویستییەکانی تاک، حەز و ئاراستە، بەدەستهێنانی پلەوپایە، دەستکەوتێک، ... تاد[2].

کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان پاڵنەر و ئاست و حەزی فێربوونی خوێندکار، لەگەڵ بەهێزیی پاڵنەر ئاست و حەزی فێربوونی خوێندکار بەرزدەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە. ڕەنگە بپرسرێت چۆن بزانین پاڵنەرایەتی لە خوێندکاردا بەهێزە یاخود لاوازە؟ هەڵبەتە لە ڕێگەی چەند هەڵسوکەوت و ئاماژەیەکەوە بوونی پاڵنەرایەتی لە خوێندکاردا دیاری دەکەین، ئەوانیش:

1- خوێندکار ئامانجی فێرکاریی دیاریکراوی هەیە و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

2- خوێندکار ئامانج بۆ خۆی دادەڕێژێت و هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

3- لەگەڵ هاوڕێکانی پێشبڕکێ دەکات لە تەواوکردنی کار و ئەرکەکانی.

---

* لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە باس لەو تیۆرییانە بکەین کە شیکردنەوەیان کردووە بۆ پاڵنەرایەتی و کاریگەرییەکانی، هەروەها باسی جۆرەکانی پاڵنەر و پۆلێنکردنی، ئەو بابەتانە لە کتێبەکانی تایبەت بە سایکۆلۆژیای پەروەردەیی باسی لێوەکراوە، ئەوەی خوازیاری بێت، دەتوانێت لەو سەرچاوانەوە زیاتر بەدەستبێنێت.

[1] مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل82. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل132.

[2] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل332.

4- هاوکاریی هاوڕێکانی دەکات.

5- ئاراستەیەکی ئەرێنیی بەرانبەر فێربوون هەیە.

6- شانازی بە دەستکەوتەکانیەوە دەکات.

7- بە ئەرێنی دەربارەی خوێندنگە و مامۆستا دەدوێت.

8- چالاکیی ئەکادیمی لە دەرەوەی مەنهەج ئەنجامدەدات[1].

9- ئاگاداریی ڕەوشی وانەوتنەوەیە لەناو پۆلدا.

10- بە گەرموگوڕییەوە وەڵامی پرسیاری مامۆستا و هاوڕێکانی دەداتەوە.

11- پرسیار لەبارەی بابەتەکەوە دەکات بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر.

12- ئەرکەکانی بە خێرایی و بێ کەموکورتی ئەنجام دەدات.

13- پابەندە بە ڕێساکانی پۆلەوە.

14- خوازیارە ئاستی زیرەکی و نواندنی خۆی بزانێت[2].

مەبەستیش لە هاندان، کردەیەکە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری دووپاتکردنەوەی ڕەفتارێك یان وەڵامدانەوەیەکی دیاریکراو لە لایەن تاکەوە[3]. بەوپێیەش هەر هاندان و پاڵپشتیکردن و پاداشتێکی مامۆستا بۆ خوێندکار دەگرێتەوە کە ئەگەری دووپاتکردنەوەی ڕەفتاری نوێندراو لە لایەن خوێندکارەوە بەهێز دەکات[4]. هاندانیش دوو جۆرە:

1- هاندانی ئەرێنی: مەبەست لێی پێشکەشکردنی ورووژێنەرێکە کە خۆشی و ئاسوودەیی دەبەخشێتە خوێندکار و دەبێتە پاڵپشتی ڕەفتاری نوێندراو و دووبارەکردنەوەی.

2- هاندانی نەرێنی: دوورخستنەوە یان لابردنی ورووژێنەرێکی نەرێنییە دوای نواندنی ڕەفتارەکە لە لایەن خوێندکارەوە، کە دەبێتە پاڵپشتی ڕەفتاری نوێندراو و دووپاتکردنەوەی[5].

---

[1] نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل134.

[2] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل357.

[3] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل159.

[4] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل391.

[5] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل64. محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل159.

پێشتر ئاماژە درا بەو ڕێوشوێنانەی مامۆستا دەیگرێتەبەر بۆ سازاندنی پۆل و کارلێکی لەگەڵ خوێندکاران، بێگومان بەشێك لەو خاڵانەی لەوێدا خراونەتەڕوو، گونجاون بۆ وروژاندنی پاڵنەرایەتیی خوێندکاران، لە پاڵ ئەوانەشدا، دەکرێت مامۆستای کارامە سوود لەم شێوازانەش وەربگرێت لە وانەوتنەوەدا بۆ ورووژاندنی پاڵنەرایەتیی خوێندکاران:

1- گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون لە دەروونی خوێندکاردا، ئەویش لە ڕێگەی تیرولکردنی بیروبۆچوونی خوێندکار و ڕەخساندنی بوار بۆی تا گوزارشت لە خۆی بکات، بێگومان تێرکردنی پێویستیی تاك و ڕێزگرتنی و نرخاندنی کارەکانی باوەڕبەخۆبوون لە دەروونی خوێندکار گەشەپێدەدەن، ئەمەش خوێندکار دەورووژێنێت تا بەشدارییەکی کارا لە وانەدا بکات و هەوڵی فێربوون بدات.

2- ڕوونکردنەوەی ئامانجەکان بۆ خوێندکار: پێویستە مامۆستا خوێندکارەکانی ئاگاداربکاتەوە لەوەی لەسەریانە بینوێنن، یان ئەنجامی بدەن، کاتێکیش خوێندکار زانی ئاستی نواندنی باشە، ئەمە ئاستی ورووژاندنی بەرەو فێربوونی زیاتر زیاد دەکات، چونکە سەرکەوتن دەبێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتر.

3- خوێندکار بەشێکی بەرپرسیاریەتیی دەکەوێتە سەرشان، گرنگە خوێندکار تێبگەیەنرێت و ڕامبکرێت لەسەر ئەوەی خوێندکار چەقی پرۆسەی پەروەردەیە، بەوپێیەش بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی دەکەوێتە سەر، بۆیە دەبێت تێبکۆشێت کات و توانای بەفیڕۆ نەدات، چونکە سەرکەوتنی پرۆسەکە پەیوەستە بە هەوڵەکانی ئەوەوە.

4- خۆراکپێدانەوە (feedback): مەبەست لە خۆراکپێدانەوە بریتییە لە پێدانی زانیاری بە خوێندکار دەربارەی ئاستی بەرەوپێشچوون و فێربوونی. خۆراکپێدانەوە پاڵپشتیی وەڵامە ڕاستەکانی خوێندکار و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیەتی، بەمەش خوێندکار ئاستی خۆیی و ئەو ئەرکە دەزانێت کە پێویستە ئەنجامی بدات[1].

5- ووروژاندنی پاڵنەرە ناوەکییەکانی خوێندکار، ئەوانیش لە ڕێگەی بیرهێنانەوەی خوێندکار بە:

- دەستکەوتەکانی لە پرۆسەی فێربوون.

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل 286 – 288.

پ.ێدەگرەنتووێخسەن کە کانیەوەاوارش ییەیتەیبایت اناوت -

- سەلماندنی خودی خۆی.[1]

6- پەیوەستکردنی چالاکیی فێرکاریی بە ژیانی خوێندکار، تا درک بە گرنگیی ئەوە بکات کە لە خوێندنگە فێری دەبێت، بە شێوەیەک کە شایستەی ئەوەیە کات و توانای خۆی تێدا بەکارببات.

7- گرنگیدان بە پێویستییە دەروونی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکار، چونکە ئەم گرنگیپێدانە دەبێتە هۆی گەشەکردنی پاڵنەرایەتیی خوێندن.[2]

8- ئەنجامدانی پێشبڕکێ لە نێوان خوێندکاراندا.

9- پێدانی پاداشت بە شێوەیەکی گونجاو، لەوانەش:

- پێدانی نمرە.

- دیاری: وەکو: پۆسکارت، وێنەی وەرزشکار، قەڵەم، کتێب، مەدالیا، فیلم، شیرینی، ... تاد.

- نرخاندن: پێدانی بڕوانامەی ڕێزلێنان، تۆمارکردنی ناوی خوێندکار لە تابلۆی خوێندکاری نموونەیی، نیشاندانی کار و چالاکییەکانی بە هاوڕێکانی، کردنی بە نوێنەری پۆل، بەشدارپێکردنی لە چالاکیی دەرەوەی خوێندنگە، وەکو، کۆڕ و سیمینار، سازدانی ئاهەنگی ڕێزلێنان، ... تاد.

باشتروایە لە پێدانی پاداشتدا ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکرێت:

- هەمەجۆری لە پێدانی پاداشت و گونجاوی لەگەڵ ئاستی فێربوون و هەوڵ و ماندووبوونی خوێندکار.

- پێشوەخت پاداشتەکە دیاری بکرێت و خوێندکاران ئاگادار بکرێن.

- پاداشت قۆرغنەکرێت لە کۆمەڵێك خوێندکاری کەم و دیاریکراودا.

- بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەکارنەیەت، چونکە بەکارهێنانی هەمیشەیی کاریگەری کەمدەکاتەوە.[1]

---

[1] نادیا أبوخلیل: هەمان سەرچاوە، ل108.

[2] مفضي عايد الساعيد وسعود فهاد الخريشة: هەمان سەرچاوە، ل84.

10- بەکارهێنانی هاندان، چەند شێوازێکی هاندان هەیە مامۆستا دەتوانێت لە وانەوتنەوەدا بەکاریبێنێت، لەوانە:

أ- هاندانی گوفتاری: ئەو گوزارشت و وشانەن مامۆستا لە کاتی وەڵامدانەوەی خوێندکاراندا بە مەبەستی هاندان بەکاریدەهێنێت، وەکو: زۆرباشە، ئافەرین، دەستخۆش، گرنگە، جوانە، ڕاستە، نایابە، وەڵامێکی دروستە، بیرۆکەیەکی جوانە، .... تاد.

ب- هاندانی ناگوفتاری، ئەو ئاماژە جەستەییانەن مامۆستا بەرانبەر خوێندکار دەینوێنێت، وەکو نیشانەیەکی ڕەزامەندی بەرانبەر وەڵام و ڕەفتاری خوێندکار، لەوانەش: زەردەخەنە، نزیککردنەوەی چاو و برۆکان لە یەکتر، جوڵاندنی سەر بۆ پێشەوە، نزیکبوونەوە لە خوێندکار، دەستهێنان بەسەر شانی خوێندکاردا بە سۆزەوە، چەپڵەلێدان، تەوقەکردن، ... تاد[2].

---

[1] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل351 – 355.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل398 – 400.

## چالاکیی و هەڵسەنگاندن

1- وای دانێ شەممەی داهاتوو یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی خوێندنە، تۆش لە بوارەکەی خۆت لە پۆلی نۆی بنەڕەتی وانە دەڵێیتەوە، پلانێك دابنێ بۆ:

- یەکەم دیدار و شکاندنی بەستەڵەکی نێوان خوێندکاران و مامۆستا.
- دارشتنی ڕێساکانی پۆل بە هاوکاریی خوێندکاران.
- ڕێنمایی پێویست سەبارەت بە بابەتی خوێندن و پێداویستییەکانی.

2- بە هاوکاریی توێژەری کۆمەڵایەتیی خوێندنگە، پێنج حاڵەتی پشێوینانەوەی خوێندکاران دیاری بکە و هۆکارەکانی شیبکەرەوە.

3- بە بڕوای تۆ بەکارهێنانی سزا چ کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سەر پرۆسەی خوێندن و کەسایەتیی خوێندکار؟

4- لە مومارەسەی پیشەی مامۆستایەتی کام شێواز لە بەڕێوەبردنی پۆل پەیڕەو دەکەیت؟ لایەنی بەهێز و لاوازی دیاری بکە.

5- گرنگیی ورووژاندنی پاڵنەرایەتی چییە؟

| زنجیرە | کارامەیی بەڕێوەبردنی پۆل | ئاستی نواندن: هەمیشە | ئاستی نواندن: هەندێکجار | ئاستی نواندن: هەرگیز |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەر لە دەستپێکردنی وانە، کورسییەکان بەشێوەیەک ڕێکدەخەم لەگەڵ ئامانج و ڕێگای وانەوتنەوەم گونجاو بێت. | | | |
| 2 | گرنگی دەدەم بە ڕازاندنەوە و پاککردنەوەی پۆل. | | | |
| 3 | بارێکی دەروونیی ئارام لە پۆلدا دەڕەخسێنم. | | | |
| 4 | لەسەر بنەمای ڕێز و متمانەپێکردنی بەرانبەر لەگەڵ خوێندکاران هەڵسوکەوت دەکەم. | | | |
| 5 | بە وردی گوێ ڕادەگرم بۆ لێدوان و سەرنجی خوێندکار. | | | |
| 6 | خۆم بەدوور دەگرم لە هەڵچوون و توندوتیژی و گاڵتەکردن بە خوێندکاران. | | | |
| 7 | پارێزگاری لە دیسپلینی پۆل دەکەم. | | | |
| 8 | بە هاوکاریی خوێندکاران ڕێساکانی پۆل دادەڕێژم. | | | |
| 9 | ڕێگا دەدەم بە خوێندکار ئازادانە بیروڕای خۆی دەربڕێت. | | | |
| 10 | لە دەرەوەی پۆل، پەیوەندییەکی توندوتۆڵم لەگەڵ خوێندکاران هەیە. | | | |
| 11 | گرنگی بە ناوی خوێندکار دەدەم، بە ناوی خۆی یان وشەی ڕێز بانگی دەکەم. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 12 | زانیاری و ڕێنمایی پێویست دەربارەی خوێندنی بابەتەکە لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە دەدەم بە خوێندکاران. | | | |
| 13 | بە پێشەکییەکی سەرنجڕاکێش ئامادەسازی بۆ وانەی نوێ دەکەم. | | | |
| 14 | کاتی وانەکە بەشێوەیەك بەگەڕدەخەم، بۆشایی نەمێنێتەوە تا خوێندکار پشێوی دروست بکات. | | | |
| 15 | بە شێوازی گونجاو پاڵنەرایەتیی خوێندکاران دەوروووژێنم. | | | |
| 16 | خوێندکاران هاندەدەم بەشداریی وانە بکەن. | | | |

# 6- ئاراستەكردنی پرسیار

ئامانجی چاوەڕوانكراو

چاوەڕواندەكرێت لە كۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:

- گرنگیی ئاراستەكردنی پرسیاری پۆل ڕوونبكاتەوە.
- ئامانجەكانی ئاراستەكردنی پرسیار شیبكاتەوە.
- مەرجەكانی پرسیاری باش دیاری بكات.
- پرسیاری پۆل پۆلێن بكات.
- بەراورد بكات لە نێوان پرسیاری قووڵ و كراوە.
- كارمەیی ئاراستەكردنی پرسیار دەستنیشان بكات.
- هەنگاوەكانی ئاراستەكردنی پرسیار بە هێڵكاری ڕوونبكاتەوە.

## نازانیت پرسیاری پێویست بكەیت

دەگێڕنـەوە شـەوێك دەوڵەمەنـدێك بـەناو كۆشكەكەیدا دەسوڕایەوە، لـە ژووری پاسەوانەكە نزیكبووەوە، گوێیلێبوو پاساوانەكە بە تەلەفۆن قسەی دەكرد و دەیوت "تو خوا ئەمە ستەم نییە ئەم بێویژدانە لە منی دەكات؟! بە شەو و ڕۆژ پاسەوانیی دەكەم، خولـەكێك پشـوو نـادەم، بـەڵام بەڕێوەبـەری نووسـینگەكەی، زۆربـەی كـات لـە نووسینگەكەی دانیشتووە، كە دەچێتە دەرەوە سەیارەی جوانی لەژێردایە، مووچەكەشی چەند قاتی مووچەی منە".

كە ڕۆژبووەوە، دەوڵەمەندەكە پاسەوانەكەی بانگكرد و پێی وت: میوانێكمان هاتووە لە ئوتێلە، بچۆ بزانە كێیە؟ پاسەوانەكە ڕۆیشت و گەڕایەوە و وتی: ناوی محەممەدە. دەوڵەمەندەكە وتی: لە كوێوە هاتووە؟ پاسەوانەكە چووەوە لای میوانەكە و بە پەلە هاتەوە و وتی: لە وڵاتی سووریاوە هاتووە. دەوڵەمەندەكە وتی: ماوەی چەند لێرە دەمێنێتەوە؟ پاسەوانەكە دیسان ڕۆیشت و بە هەناسەبڕكێ هاتەوە و وتی: حەوت ڕۆژ. دەوڵەمەندەكە وتی: چی دەوێت؟ پاسەوانەكە ڕۆیشت و بە تووڕەییەوە هاتەوە و وتی: هەندێك كەرەستەی بیناسازیی دەوێت. دەوڵەمەندەكە خەریكبوو پرسیاری تر بكات،

پاسەوانەکە وتی: گەورەم بەزەییت پێمدا بێتەوە مردم. دەوڵەمەندەکە وتی دانیشە. ئنجا بەڕێوەبەری نووسینگەکەی بانگکرد و پێی وت: دەڵێن میوانێکمان هاتووە و لە ئوتێلە، بچۆ بزانە کێیە؟ بەڕێوەبەر ڕۆیشت و پاش سەعاتێک گەڕایەوە و بەزیادەوە هەموو ئەوەی پاسەوانە باسی کردبوو، گێڕایەوە، هەندێک پێشنیاری گونجاویشی بۆ دەوڵەمەندە خستەڕوو تا سەرنجی میوانەکە ڕابکێشێت بۆ کڕینی کاڵای زیاتر.

دەوڵەمەندەکە ڕووی کردە پاسەوانەکە و وتی: بینیت ڕامسپاردی بۆ کارێک چەندت پێچوو، بەڵام بەڕێوەبەری نووسینگەکەم بە سەعاتێک کردی، ئەمە جگە لەوەی منیشت سەرقاڵ کرد. تۆ کە نازانیت پرسیاری پێویست بکەیت، چۆن مووچەکەی خۆت بە مووچەی بەڕێوەبەری نووسینگەکەم بەراورد دەکەیت؟ پاسەوانەکە هەستی بە شەرمەزاری کرد و داوای لێبوردنی کرد و چووەوە بەلای کارەکەی خۆیەوە[1].

لەم چیرۆکەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە کارامەیی پرسیارکردن چ گرنگییەکی هەیە لە وەرگرتنی زانیاریی ورد و پێویست.

## 1-6 گرنگیی ئاراستەکردنی پرسیار

تێڕوانینی هاوچەرخ بۆ فێرکردن و فێربوون، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە بەردەوام یارمەتیی خوێندکار بدرێت لە فێربوونی ئەوەی چۆن فێرببێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ فێرببێت و گرنگی و گەشە بە خۆی بدات، بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە. یەکێکیش لەو هۆکارانەی ڕۆڵی کارا دەگێڕێت لە گەشەپێدانی ئەو پرەنسیپە پەروەردەییەدا، ئاراستەکردنی پرسیارە، بۆ ئەوەی لە فێربووونیدا سەربەخۆ بێت، دەبێت فێربکرێت چۆن پرسیار بکات، لەمەشدا مامۆستا دەتوانێت ببێتە سەرمەشق و پێشەنگ تا خوێندکار لێوەی فێر ببێت چۆن پرسیاریی ورووژێنەر و گونجاو ئاراستە دەکات[2].

ئەنجامی چەندین توێژینەوەش ئەوە دەخەنەڕوو، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ئاستی ئەو پرسیارانەی مامۆستا لە پۆلدا ئاراستەی دەکات، لەگەڵ ئاستی گەشەی

---

[1] بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: ئینتەرنێت، پێگەی www.muslimat.net ڕۆژی 2013/7/25.

[2] نایلة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل172.

بیرکردنەوەی خوێندکاران، بە شێوەیەک کە پرسیاری ئاستبەرز بیری داهێنەرانە و رەخنەگرانە لە خوێندکاراندا گەشەپێدەدات[1]. زیندوویەتی و سەرکەوتنی وانەوتنەوە بە ریژەیەکی بەرچاو دەکەوێتە سەر جۆری پرسیاری مامۆستا، هەر ئەمەش وا دەکات ئاراستەکردنی پرسیار بە یەکێك لە کارامەییە سەرەکییەکانی مامۆستای سەرکەوتوو ئەژمار بکرێت، چونکە مامەڵەکردنە لەگەڵ هزر و هۆشی خوێندکار[2]. بە تایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بە گوێرەی چەند توێژینەوەیەك هەندێك لە مامۆستایان لە وانەیەکدا (30 - 120) پرسیار ئاراستەی خوێندکاران دەکەن، بەوپێیەش مامۆستا لە ماوەی (25)ساڵی پیشەی مامۆستایەتیدا (1 - 1,5) ملیۆن پرسیار ئاراستەی خوێندکاران دەکات، هاوکات (80٪)ی گفتوگۆکانی پۆل پێکدێن لە ژمارەیەکی بەرچاوی پرسیار و وەڵامدانەوە و کارلێککردن لەگەڵی[3]. بۆیە لە ئەدەبیاتی پەروەردەییدا بە گرنگییەوە باس لە ئاراستەکردنی پرسیاری زارەکیی پۆل کراوە، لێرەدا لە چەند خاڵێکدا ئەو گرنگییە دەخەینەروو:

1- پرسیار، ئەگەر بە شێوەیەکی باش دارێژرێت و ئاراستە بکرێت، هۆکارێکی کارایە لە گەشەپێدانی ئاراستەی ئەرێنی و بنیادنانی حەزی خوێندکار.

2- یارمەتیی خوێندکار دەدات لەوەی فێری بکات چۆن فێربێت، چۆن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بیربکاتەوە.

3- کەشێکی سۆزداری و کۆمەڵایەتی لەناو پۆلدا دروست دەکات.

4- یارمەتیدەرێکی باشە لە بەڕێوەبردنی پۆل و خرۆشاندنی خوێندکاران بۆ بەشداری لە چالاکییەکانی پۆل و بەگەڕخستنی تواناکانیان.

5- یارمەتیدەری گەشەپێدانی بیری داهێنەرانەیە.

6- یارمەتیدەرە لە دروستکردنی پردی متمانە لە نێوان خوێندکار و مامۆستا.

---

1 محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل 133.

2 محمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل319.

3 محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل 133.

7- بەهۆیەوە خاڵی لاوازی خوێندکاران و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەستنیشان دەکرێت.

8- یارمەتیی مامۆستا دەدات لە دەستنیشانکردنی ئاستی بەدیهێنانی ئامانجە رەفتارییە چاوەڕوانکراوەکان.

9- یارمەتیی مامۆستا دەدات لە دانانی پلانی گونجاو و چارەسەی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوون.

10- ئەو هەستە لای خوێندکار دروست دەکات کە گرنگە و ڕۆڵی هەیە لە پۆلدا[1].

11- کارامەیی گفتوگۆ و وتووێژ لە خوێندکاردا گەشە پێدەدات[2].

## 2-6 ئامانجەکانی ئاراستەکردنی پرسیار

بەدەر لەوەی مامۆستا چ ڕێگایەک دەگرێتەبەر لە وتنەوەی وانەدا، دەتوانرێت لە تێکڕای پرۆسەی وانەوتنەوەدا پرسیار ئاراستەی خوێندکاران بکرێت. پرسیاریش ئەرکی جۆراوجۆری لە ئەستۆدایە و زیاتر لە ڕۆڵێك لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا دەگێڕێت. مامۆستا دەتوانێت لە ئاراستەکردنی پرسیاردا چەندین مەبەست و ئامانج بپێکێتەدی، لەوانە:

1- دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاران: هەندێك خوێندکار زانیاری لەبەردەکەن بێ ئەوەی تێیگەیشتبن، مامۆستا لە ڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیارەوە ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار لە زانیارییەکان دەستنیشان دەکات و هەڵەکانیان ڕاستدەکاتەوە[3].

2- دەستنیشانکردنی فێربوونی لەوەوپێشی خوێندکار و بەستنەوەی بە وانەی نوێ: پرۆسەی وانەوتنەوە و فێربوون پلە پلەیە، فێربوونی لەوەپێش دەبێتە بناغەی فێربوونی نوێ. مامۆستا بەهۆی پرسیارکردنەوە دەزانێت ئاستی زانیاری و کارامەیی و ئامادەیی خوێندکار چەندە بۆ فێربوونی نوێ و پاشخانی لە ئاستێکدایە وانەی نوێ بخوێنێت[4].

---

[1] محمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل320 – 321.

[2] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل157.

[3] توفيق أحمد مرعي ومحمد محمود الحيلة: هەمان سەرچاوە، ل65. شاكر الأمين: الشامل في تدريس المواد الإجتماعية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2005، ل92.

[4] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل123.

3- سازاندنی کەشی پۆل و ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ بابەتی وانەکە: مامۆستا دەتوانێت لە سەرەتای وانە بە پرسیارێکی کراوە هزر و هۆشی خوێندکاران بجوولێنێت و کەشێکی گونجاو بۆ دەستکردن بە پرۆسەی وانەوتنەوە بەدیبێنێت[1].

4- راهێنان و پێداچوونەوەی وانە، بە مەبەستی زیاتر چەسپاندنی زانیارییەکان لە هۆشی خوێندکاراندا و پەرەپێدانی کارامەیی خوێندکاران، یان پێداچوونەوەی بابەتی خوێندراو. مامۆستا پرسیاری زیاتر ئاراستەی خوێندکاران دەکات[2].

5- گەشەپێدانی ئاستی بیرکردنەوەی خوێندکار، لە رێگەی ئاراستەکردنی پرسیاری ئاستبەرز و کراوە و قووڵ، مامۆستا دەتوانێت بیرکردنەوەی داهێنەرانە و رەخنەگرانە لە خوێندکاردا گەشەپێبدات[3].

6- تێگەیشتن لە هەستی خوێندکار، دیاریکردنی حەز و ئاراستە و تێڕوانینی خوێندکاران بەرانبەر کەس، دیاردە، رووداو ... تاد[4]. بۆ نموونە سەرنج لەو دوو پرسیارە بدە کە مامۆستا بەهۆیەوە دەتوانێت حەزی خوێندکار بزانێت:

- ئاکۆ، چێژ لە شیعری کلاسیکی زیاتر وەردەگریت یان شیعری نوێ؟
- شاگوڵ، حەزت لە خوێندنەوەی چیرۆکە زیاتر یا لە بابەتی زانستی؟

7- گەشەپێدانی کارامەیی گفتوگۆ و وتوێژ لە خوێندکاردا لە رێگەی ئاراستەکردنی پرسیاری ئاستبەرز[5].

8- سەرنجراکێشانی خوێندکار و کۆنترۆلکردنی رەفتاریان: کاتێک مامۆستا هەستدەکات هزر و هۆشی خوێندکار پەرشبووە و ئاگاداری وانەکە نییە و پێویستە سەرنجی رابکێشێت، یان خاڵێکی گرنگ هەیە و مامۆستا مەبەستیەتی خوێندکار گرنگیی پێ بدات، مامۆستا بە ئاراستەکردنی پرسیار ئەو ئامانجە دێنێتەدی.

---

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل123.

[2] ترليق أحمد مرعي ومحمد محمود الحيلة: هەمان سەرچاوە، ل65. شاكر الأمين: هەمان سەرچاوە، ل93.

[3] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل123.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل129

[5] سەرچاوەی پێشوو، ل130.

9- شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکە و ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان بەشەکانی.

10- وروژاندنی خوێندکاران و پەرەپێدانی حەزی بەدواداگەڕان، مامۆستای کارامە لە ڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیاری گونجاوەوە پاڵنەرایەتیی خوێندکاران دەوروژێنێت و هانی خوێندکاران دەدات بیربکەنەوە و وەڵام بدەنەوە و وایان لێدەکات بەدوای زانستدا بگەڕێن[1].

11- هەڵسەنگاندنی خوێندکاران، لە هەندێك بابەتدا، مامۆستا لە ڕێگەی پرسیاری زارەکییەوە خوێندکارەکان هەڵدەسەنگێنێت[2].

12- ماندانی خوێندکاران بۆ ئاراستەکردنی پرسیاری نوێ و گەشەپێدانی کارامەیی پرسیارکردن لایان[3]. مامۆستا پرسیارێکی سەرەکی ئاراستەی خوێندکاران دەکات، پاشان خوێندکاران لەبارەیەوە پرسیار لە مامۆستا دەکەن تا دەگەنە ئەنجام. بۆ نموونە دەربارەی نەوت پرسیاری سەرەکیی مامۆستا ئەمەیە: لە زەوی دەریدەهێنین، لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە زیاتر لە بوارێکدا بەکاریدەهێنین؟ لێرەدا مامۆستا داوا لە خوێندکارەکان دەکات پرسیار لەسەر ئەو پرسیارە سەرەکییە دروست بکەن و مامۆستا وەڵامیان دەداتەوە. ڕەنگە خوێندکارەکان لەم شێوە پرسیارانە ئاراستە بکەن:

- شەونم: ئەو ماددەیە شلە، یان ڕەق، یان گاز؟
- ڕێژین: ئەو ماددەیە ڕەنگی ڕەشە؟
- ئاسۆ: بۆنێکی تایبەتی هەیە؟

بەوشێوەیە خوێندکاران پرسیار دەکەن و مامۆستاش وەڵامیان دەداتەوە و هزری خوێندکاران دەوروژێت و کارامەیی پرسیارکردن لەلایان گەشە دەکات.

---

[1] شاکر الأمین: هەمان سەرچاوە، ل93 - 95.

[2] توفیق أحمد مرعي ومحمد محمود الحیلة: هەمان سەرچاوە، ل67.

[3] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل131.

## 3-6 مەرجەکانی پرسیاری باش

بۆ ئەوەی پرسیاری زارەکی ئامانجی چاوەڕوانکراو بەدیبێنێت، دەبێت لە دارشتنیدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1- پەیوەست بێت بە ئامانجی وانەکە: نابێت مامۆستا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی پرسیار بکات، بەڵکو دەبێت دارشتن و ئاراستەکردنی هەر پرسیارێك لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکاندا بێت و مەبەستەکەی ڕوون بێت.

2- جۆراوجۆر و فرەئاست بێت: هەروەك چۆن ئاستی ئامانجەکان جیاوازن، دەبێت پرسیارەکانیش هەموو ئاستەکانی بواری مەعریفی لەخۆ بگرن.

3- ڕەچاوی جیاوازیی تاکایەتی، تەمەن، ئاست و تایبەتمەندیی خوێندکاران بکرێت.

4- هەڵەی زانستیی تێدا نەبێت.

5- بە زمانێکی سادە دارێژرابێت و هەڵەی زمانەوانیی تێدا نەبێت.

6- کورت بێت، بە کەمترین وشە دەربڕدرێت بە مەرجێك کارنەکاتە سەر لایەنی زانستی و زمانەوانی.

7- یەك داواکاری و بیرۆکە لەخۆبگرێت[1]: بۆ نموونە مامۆستای مێژوو دەپرسێت: میرنشینی سۆران کەی دامەزرا و کێ دایمەزراند؟ ئەمە هەڵەیە و دەبێت بکرێتە دوو پرسیار.

8- وەڵام، یان ئاماژەی وەڵامی تێدا نەبێت.

9- لەو جۆرە پرسیارانە نەبێت کە وەڵامەکەی بەڵێ و نەخێرە[2].

## 4-6 پۆلێنی پرسیار

شارەزایانی بواری پەروەردە چەندین پۆلێنیان کردووە بۆ پرسیاری زارەکیی پۆل، لەناویشیاندا پۆلێنی (بلۆم) باوترینی پۆلێنەکانە و زۆرتر لە بواری پەروەردە بەرچاو و ناسراوە، بە هەمان شێوەی پۆلێنی ئاستی ئامانجە ڕەفتارییەکانە. لێرەدا دوو جۆری پۆلێنکردن باس دەکەین:

---

[1] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل156- 160.

[2] شاکر الأمین: هەمان سەرچاوە، ل98.

## ا – پۆلێنی پرسیار بە گوێرەی وەڵامی چاوەڕوانکراو:

1 – پرسیاری لێکدانەوە (شیکردنەوە): ئەو جۆرە پرسیارەیە کە پێویستە خوێندکار لە وەڵامەکەیدا بیرۆکەکان شیبکاتەوە، یان پەیوەندیی نێوان دوو بیرۆکە لێکبداتەوە، یان وەڵام پوختبکاتەوە، یان دەرئەنجام دەربکات[1]. نموونەی ئەم جۆرە پرسیارە:

– مەبەست چییە لەم وتەیە "وەرزش پەیامی ئاشتی و برایەتییە"؟

– چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان کەمبوونەوەی کاڵا و بەرزبوونەوەی نرخ؟

– چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان پەستان و پلەی گەرما؟

– مۆبایل چ کاریگەرییەکی کردووەتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟

2– پرسیاری کراوە: ئەو جۆرە پرسیارەیە کە وەڵامێکی دیاریکراوی وردی نییە، خوێندکار ئازادی و سەربەخۆیی هەیە لە دەربڕینی بۆچوونی خۆی، زیاتر لێکدانەوە و ڕاڤەی عەقڵی، شیکردنەوە، بەراوردکردن، ڕێکخستنی بیرۆکە و هەڵسەنگاندن لەخۆدەگرێت[2]. نموونەی پرسیاری کراوە:

– ڕات چییە دەربارەی بڕیاری خەلیفە ئەبوبەکری سدیق بە بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕاوەکان؟

– چی ڕوودەدات ئەگەر بۆ ماوەی مانگێک هێڵی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان ببڕێت؟

– چۆن ژینگەی شارەکەمان لە پیسبوون بپارێزین؟

– ئەگەر ڕێژەی ئۆکسجین لە هەوادا بۆ نیوەی ڕێژەی ئێستای کەمببێتەوە، پێشبینی چی دەکرێت لەسەر زەوی؟

3– پرسیاری قووڵ (السبر): ئەو جۆرە پرسیارەیە کە دوای وەڵامی خوێندکار مامۆستا ئاراستەی خوێندکاری دەکات، واتە مامۆستا پرسیاری کردووە و خوێندکار وەڵامی داوەتەوە، لەسەر وەڵامەکە مامۆستا پرسیاری تر ئاراستە دەکات و داوای نموونە، یان ڕوونکردنەوە، یان لێکدانەوەی زیاتر دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ڕاست و دروست[3]. نموونەی پرسیاری قووڵ:

---

[1] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل140.

[2] نایفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل177.

[3] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل171.

- مامۆستا: لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991، بەرەی کوردستانی چ بڕیارێکی دا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان؟

- خوێندکار: بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەت.

- مامۆستا: ئەو بڕیارە چ کاریگەرییەکی ئەرێنیی کردە سەر دۆزی کورد؟ (پرسیاری قووڵ)

- خوێندکار: ......

نموونەیەکی تر:

- مامۆستا: با چییە؟

- خوێندکار: جووڵەی هەوایە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بە هۆی جیاوازیی پەستانی هەواوە.

- مامۆستا: زۆر باشە، لە کام ناوچانەوە هەڵدەکات؟ (پرسیاری قووڵ)

- خوێندکار: .....

**ب - پۆلێنی پرسیار بەگوێرەی ئاستی بیرکردنەوەی خوێندکار:**

ئەمەش بە پۆلێنی بلۆم ناسراوە و بەسەر (6) ئاستدا دابەش دەبێت و بەرانبەرە لەگەڵ ئاستی ئامانجە ڕەفتارییەکان کە پێشتر باسکراون. ئەوانیش:

1- زانین یان لەبەرکردن: ئەم جۆرە لە پرسیارکردن لەسەر خوێندکار پێویست دەکات زانیارییەکە بخاتەڕوو، پێویستیشی بە هیچ کردەیەکی عەقڵیی ئاڵۆز نییە، تەنها بیرهێنانەوەی ئەو زانیاری، ڕاستی، بیرۆکە، چەمک و ڕێسایانەیە کە فێری بووە[1]. بۆ نموونە:

- یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کێ بوو؟

- کێ ڕۆمانی "ژانی گەل"ی نووسیوە؟

- پێوانەی گۆشەکانی چوارگۆشە چەندە؟

- مەترێك لە چەند سانتیمەتر پێکدێت؟

- هێمای کیمیایی ئاو چییە؟

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل143. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل179.

2- تێگەیشتن یان وەرگرتن: ئەم جۆرەی پرسیار ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار لە چەمك، زانیاری، ڕاستی و ڕێساکان دەخاتەڕوو، کەواتە بە تەنها بیرخستنەوە یان گێڕانەوەی ئەوە نییە کە خوێندکار لەبەریکردووە، بەڵکو ئاستی تێگەیشتنی خوێندکار دەخاتەڕوو، بۆیە خوێندکار داڕشتن و شێوازی خۆی بەکاردێنێت لە وەڵامدانەوە و خستنەڕووی زانیارییەکان[1]. نموونەی پرسیاری ئەم ئاستە:

- سوودی ڕاهێنانی وەرزشی لە بەیانیاندا چییە؟
- بۆچی کەشوهەوای ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر جیاوازە؟
- جیاوازی چییە لە نێوان کۆچکردن و گەشتکردن لە ڕووی ئامانجەوە؟

3- جێبەجێکردن: ئەو ئاستەی پرسیار لە خوێندکار دەخوازێت کە ئەوەی فێری بووە و تێیگەیشتووە لە هەڵوێست و دۆخی نوێدا، جێبەجێی بکات[2]. نموونەی پرسیاری ئەم ئاستە:

- ئاکۆ بە 25 خولەك ئۆتۆمبیلەکەی شۆرد، بەڵام شاڵاو بە 35 خولەك ئۆتۆمبیلەکەی شۆرد، کەواتە ئاکۆ و شاڵاو ماوەی چەندیان پێویستە بۆ شۆردنی دوو ئۆتۆمبیل؟
- بەپێی ئەو پێناسەی کردمان بۆ فیدراڵی، کام لەم وڵاتانە پەیڕەوی فیدراڵی دەکەن (عێراق، ئێران، تورکیا)؟
- ئەگەر (2+5= 7) ئەی (8+5= ؟).
- لەو ڕاپۆرتەی بەردەستت کە دەربارەی "سوودەکانی خواردنی میوە"یە، هەڵە زانستییەکان دەستنیشان بکە؟

4- شیتەڵکردن: پرسیاری ئەم ئاستە پێویستی بە وەڵامی قووڵی خوێندکار و شیتەڵکردن و شیکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندییە لە نێوان بەشەکانی بابەتی فێربوون[3]. نموونەی پرسیاری ئەم ئاستە:

- هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان چ گرنگییەکی هەیە لە بواری بازرگانیدا؟

---

[1] محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل145. نایفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل180.

[2] محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل147. نایفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل181.

[3] محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل148. نایفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل181.

- جیاوازی چییە لە نێوان چوارگۆشە و لاکێشەدا؟
- بۆچی شۆڕشی ئەیلوول لە 1975 شکستی هێنا؟
- بەراورد بکە لە نێوان کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤ و باڵندە؟
- جیاوازی چییە لە نێوان حەج و عومرە؟

5- پێکهێنان: وەڵامی ئەم جۆرەی پرسیار پێویستی بە کردەیەکی عەقڵیی ئاڵۆز هەیە کە تێکڕای ئاستەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت لە لەبەرکردن، تێگەیشتن، جێبەجێکردن و شیتەڵکردن، ئەمە وێڕای بیرێکی وردی داهێنەرانە کە ئەنجامگیری بکات و شتی نوێ بخاتەڕوو[1]. نموونەی پرسیاری ئەم ئاستە:

- پێشنیارت چییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی خۆڵبارین لە هەرێمی کوردستان؟
- چۆن کۆمەکی بۆ لێقەوماوانی لافاوەکەی هەفتەی ڕابردوو کۆبکەینەوە؟
- پێشبینیی چی دەکەیت ئەگەر لە کوردستاندا وزەی ئەتۆم ببێتە سەرچاوەی سەرەکیی وزە؟
- ناردنەدەرەوەی نەوت چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر ئایندەی سیاسیی کورد؟

6- هەڵسەنگاندن: ئەم ئاستەی پرسیار لەسەر خوێندکار پێویست دەکات بڕیار بدات لەسەر ڕووداو، کەس، دامەزراوە، پرۆژە، سیستەم، یاسا، ... تاد، یان لەسەر چەند پێوەرێکی دیاریکراو هەڵیاندەسەنگێنێت و دەیاننرخێنێت، وەڵامی ڕاست دیاری دەکات، یان باشترین بیرۆکەی چارەسەی کێشەکە دەستنیشان دەکات و ڕای خۆی دەردەبڕێت[2].

بۆ نموونە:

- ڕات چییە دەربارەی ئەم فەرموودەیە "بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە"؟
- کام لە ئەندامانی گرووپی پاراستنی ژینگەی خوێندنگە چالاکترینە؟ بە بەڵگەوە پلەی بکەرەوە.
- دەوترێت شەڕی ئایندە لەسەر ئاوە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟ بە بەڵگەوە بۆچوونەکانت بخەرەڕوو.

---

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل150. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل182.
[2] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل151. نايفة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل183.

## 5-6 كارامەیی ئاراستەكردنی پرسیار

هەروەكو پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئاراستەكردنی پرسیار گرنگیی زۆری هەیە لە پرۆسەی وانەوتنەوە و چەندین ئامانج بەدیدێنێت، ئەمەش لەسەر مامۆستا پێویست دەكات گرنگی بە كارامەیی ئاراستەكردنی پرسیار بدات و لە كاتی پیادەكردنیدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكات:

1- پرسیار ئاراستەی هەموان بكرێت، پاشان كەسێك دەستنیشان بكرێت بۆ وەڵامدانەوە*، ئەمەش چەند سوودێكی هەیە:

- سەرنجی سەرجەم خوێندكارەكان بۆ لای وانەكە ڕادەكێشێت.
- دەرفەت دەداتە سەرجەم خوێندكارەكان كە بیربكەنەوە.
- هەر خوێندكارێك خۆی وەڵامێكی ئامادەكردووە، كاتێكیش هاوڕێیەكی وەڵام دەداتەوە، ئەم لای خۆی بەراوردی وەڵامەكەی خۆی لەگەڵ هاوڕێكەی دەكات.

2- دابەشكردنی پرسیارەكان بە شێوەیەكی دادپەروەرانە بەسەر خوێندكاراندا. نابێت بە پاساوی ئەوەی وەڵامی تەواو دەدەنەوە، مامۆستا لەسەر حسابی ئەوانی تر زیادەگرنگییەك بە چەند خوێندكارێكی دیاریكراو بدات.

3- ئەگەر زۆر پێویست نەبوو، وەڵامی خوێندكار دووبارە نەكرێتەوە، چونكە دووبارەكردنەوە وا لە هەندێك خوێندكار دەكات گوێ لە وەڵامی هاوڕێكەی نەگرێت و پشتئەستوور بێت بە مامۆستا، لەوانەشە ئەو هەستە لە دەروونی خوێندكاردا دروست بكات كە وەڵامەكەی تەنها بۆ مامۆستایە، نەك بۆ هاوڕێكانی، بەمەش كارلێكی نێوان خوێندكاران لاواز دەبێت. بەڵام هەندێك جار پێویست دەكات وەڵامەكە دووبارەبكرێتەوە، یان لەسەر تەختەڕەش بنووسرێت.

4- لە دوای ئاراستەكردنی پرسیار (3- 5) چركە یان زیاتر كات بدرێتە خوێندكار بیربكاتەوە، ئنجا كەسێك دەستنیشان بكرێت وەڵام بداتەوە[1].

---

* هەندێك حاڵەت هەن مامۆستا پرسیار لە خوێندكارێكی دیاریكراو دەكات، بۆ نموونە: مامۆستا دەیەوێت سەرنجی خوێندكارێك ڕاكێشێت كە ئاگای لە وانەكە نییە، مامۆستا بە مەبەستی هاندان یان لەبەر گرنگیی بۆچوونی خوێندكار لە بابەتێكی دیاریكراودا پرسیاری ئاراستە دەكات، ...تاد. حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل163.

5- زیادەڕۆینەکردن لە زۆریی ژمارەی پرسیارەکان و پەلەنەکردن لە ئاراستەکردنیدا. هەندێك لە مامۆستایان وا گومان دەبەن کە ئاراستەکردنی پرسیاری زۆر مانای زیندوویەتیی وانەکەیە، بەلام ئەمە تێڕوانینێکی هەلەیە، دەبێت ژمارەی پرسیاری ئاراستەکراو لەگەل ئامانجی وانەکە و جۆری پرسیار و کاتی وانەکە گونجاو بێت.

6- جەختنکردنەوە لەسەر خالە سەرەکییەکان و خۆبواردن لە پرسیاری لاوەکیی بێسوود.

7- کاتی پێویست بدرێتە خوێندکار تا وەلامی تەواو بداتەوە، نەك مامۆستا نیوەی وەلامەکەی بۆ تەواو بکات، بەرلەوەی خوێندکار وەلامی تەواو بداتەوە مامۆستا خوێندکارێکی تر هەلسێنێت وەلام بداتەوە[2].

8- بەکارهێنانی دەستەواژە و ئاماژەی هاندان، تا خوێندکاران بەشداریی زیاتری وانەکە بکەن و وەلامی وردتر بدەنەوە. وەکو: ئافەرین، دەستخۆش، ڕاستە، زۆر باشە، تەواوە، هەر بژیت، وەلامێکی گونجاوە، بیرۆکەیەکی جوانە، ... تاد. ئاماژەش وەکو: زەردەخەنە، سەرلەقاندن وەکو نیشانەی ڕەزامەندی، نزیکبوونەوە لە خوێندکار، ... تاد. دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت زیادەڕۆیی نەکرێت لە بەکارهێنانی وشەی هاندان، چونکە ئەوە وا دەکات خوێندکاران بە بایەخەوە لێی نەڕوانن و کاریگەری کەمدەبێتەوە.

9- ڕێگەنەدان بە وەلامدانەوەی کۆمەلی خوێندکاران.

10- پلەبەندی لە پرسیاری سووکەوە بۆ قورس[3].

11- ئاراستەکردنی پرسیار بە دەنگێکی گونجاو[4].

12- خۆراکپێدانەوە (feedback)، دیاریکردنی وەلامە ڕاستەکان و ڕاستکردنەوەی هەلەکان بە شێوەیەکی گونجاو[5].

---


[1] شاکر الأمین: هەمان سەرچاوە، ل98 – 100.

[2] نایلة قطامي: هەمان سەرچاوە، ل175.

[3] محمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل323 – 326.

[4] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل162.

[5] محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل180.




شێوەی (19) هەنگاوەکانی ئاراستەکردنی پرسیار

## 6-6 مامەڵەکردن لەگەڵ پرسیاری خوێندکاران

سروشتی منداڵ وایە لە دەوروبەری ڕادەمێنێت و حەز دەکات زانیاری بەدەستبهێنێت، بۆیە پرسیاری زۆر دەکات. لەگەڵ گەورەبوونی و بڕینی قۆناغی نوێی خوێندن، پرسیاری نوێی لا دروست دەبێت کە پێویستی بە وەڵامە، هەروەکو پێشتریش ئاماژەی پێدرا، گرنگییەکی ئاراستەکردنی پرسیاری مامۆستا لە پۆلدا ئەوەیە کە ئەو کارامەییە لە خوێندکارانیشدا پەرەپێبدات و ڕایان بێنێت لەسەر پرسیارکردن بۆ گەڕان بەدوای زانیاریدا. پرسیارکردنی خوێندکاریش ئاماژەیە بۆ ئاستی تێگەیشتن و فێربوون و بیرکردنەوەی خوێندکار. پرسیاری قووڵ ئاماژەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی قووڵە و ئاستی هزری خوێندکار دەردەخات. هاوکات پرسیاری خوێندکاران هۆکارێکی دروستبوونی گفتوگۆی پۆل و پەرەپێدانی تواناکانیانە[1]، بۆیە مامۆستای کارامە بە گرنگییەوە دەڕوانێتە پرسیاری خوێندکاران و مامەڵەی دروستی لەگەڵ دەکات. بە مەبەستی زیاتر گەشەپێدانی پرسیاری خوێندکاران و بەهەندگرتنی، چەند پێشنیار و سەرنجێك دەخەینەڕوو:

1- دروستکردنی کەشێکی گونجاو لە پۆلدا تا ببێتە هاندەری خوێندکاران پرسیار ئاراستە بکەن.

2- بەکارهێنانی دەستەواژەی هاندان، بۆ نموونە: پرسیارێکی گرنگە، زۆر جوانە، پرسیارەکەت بیرۆکەیەکی گونجاوی تێدایە، ... تاد.

3- ڕێزگرتنی پرسیارکەر و گاڵتەنەکردن بە خوێندکار: هەندێك جار خوێندکار پرسیارێکی لاواز، یان بەدەر لە بابەتی وانەکە ئاراستە دەکات، لێرەدا نابێت مامۆستا ڕێگە

---

[1] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل180.

بدات خوێندکاران بە پێکەنین و گاڵتەکردن خوێندکاری پرسیارکەر ڕووشکێن بکەن، بەڵکو دەبێت مامۆستا بە شێوازی گونجاو و تەندروست مامەڵە بکات و وا لە خوێندکار بکات پرسیاری چاکتر و قووڵتر یان پەیوەست بە بابەتەکە بکات.

4- جارجار داوا لە خوێندکاران بکرێت ژمارەیەک پرسیار دەربارەی بابەتەکە دابنێن.

5- ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر پرسیارکردن و جیاکردنەوەی پرسیاری باش و لاواز[1].

6- سازدانی پێشبڕکێ لە نێوان خوێندکاران و خەڵاتکردنی خاوەنی باشترین پرسیار، ئەمەش هاندانێکی باشە بۆ خوێندکاران تا بیر لە پرسیاری قووڵ و بەهێز بکەنەوە.

7- دەتوانرێت داوا لە خوێندکار بکرێت، دەربارەی بابەتەکە پرسیار لە هاوڕێکانی بکات.

8- بابەتێك بخرێتە بەردەستی خوێندکار و داوای لێبکرێت لە ڕێگەی دروستکردنی چەند پرسیارێکەوە وەڵام بدۆزێتەوە[2].

9- ئەگەر خوێندکارێك پرسیاری ئاراستەکرد و مامۆستا وەڵامی نەزانی، مامۆستا دەتوانێت ئەوە بکاتە پێشبڕکێیەك لە نێوان خوێندکاران کە لە وانەی داهاتوو وەڵامەکە بهێنن و ئەوەی باشترین وەڵام ئامادە بکات، خەڵات بکرێت.

---

1 محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل166- 168.

2 حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل180.

## چالاکیی و هەڵسەنگاندن

1- جیاوازی چییە لە نێوان پرسیاری کراوە و قووڵ؟ دوو نموونە بۆ هەریەکەیان بهێنەرەوە.

2- بە بڕوای تۆ، جگە لەوەی باسکراوە، ئاراستەکردنی پرسیاری پۆل هیچ گرنگییەکی هەیە؟ ڕوونی بکەرەوە.

3- بەشێک لە بابەتی فێربوون لە بواری پسپۆڕیی خۆت هەڵبژێرە، بە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی پرسیاری باش، دە پرسیاری لەسەر دروست بکە.

4- پێشنیارت چییە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی پرسیارکردن لای خوێندکاران؟

5- دوو نموونەی پرسیاری باش بۆ هەر یەکێك لە ئاستەکانی پرسیارکردن بەپێی پۆلێنی بلۆم، بهێنەرەوە.

## فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن

| ژمارە | کارامەیی ئاراستەکردنی پرسیار | ئاستی نواندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
| 1 | پرسیارەکان ئاراستەی هەموو خوێندکاران دەکەم، پاشان یەکێك دەستنیشان دەکەم وەڵام بداتەوە. | | | |
| 2 | دوای ئاراستەکردنی پرسیار، کاتی گونجاو دەدەمە خوێندکاران بۆ بیرکردنەوە. | | | |
| 3 | پرسیاری قووڵ بەکاردەهێنم بۆ وروژاندنی زیاتری مزری خوێندکاران. | | | |
| 4 | بە شێوازی جۆراوجۆر هانی خوێندکاران دەدەم بۆ وروژاندن و وڵامدانەوەی پرسیار. | | | |
| 5 | لە پرسیاری ئاسانەوە بەرەو گران دەچم. | | | |
| 6 | بەهۆی خۆراکپێدانەوە پاڵپشتیی وەڵامە ڕاستەکان دەکەم و هەڵەکان ڕاستدەکەمەوە. | | | |
| 7 | هانی خوێندکاران دەدەم دەربارەی بابەتەکە پرسیار ئاراستە بکەن. | | | |
| 8 | بە زمانێکی پاراو پرسیار ئاراستە دەکەم. | | | |
| 9 | پرسیاری جۆراوجۆر و ئاست جیاوازی پەیوەست بە ئامانجی وانەکە ئاراستە دەکەم. | | | |

# ٦- ئامرازە فێرکارییەکان

ئامانجی چاوەڕوانکراو

چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:

- پێناسەی ئامرازی فێرکاری بکات.
- گرنگیی ئامرازە فێرکارییەکان لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون ڕوونبکاتەوە.
- پۆلێنی ئامرازە فێرکارییەکان بکات.
- ئامرازی فێرکاریی گونجاو لەگەڵ پسپۆڕیی خۆیدا بۆ وانەوتنەوە دەستنیشان بکات.
- بەراورد بکات لە نێوان ڕێژەی بەشداربوونی هەستەوەرەکان لە فێربووندا.

**گەشتێک بە سروشتدا**

ڕۆژێکی وەرزی بەهار، مامۆستای وانەی زانست لەگەڵ خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی گەشتێکیان بۆ یەکێک لە ناوچە شاخاوییەکان ئەنجامدا. خوێندکارەکان لە دەوری مامۆستا کۆبوونەوە و لێیان پرسی: ئامانج لە گەشتی ئەمڕۆمان چییە؟ مامۆستا وتی: ناسینی سروشت. خوێندکارێک پرسیی: مامۆستا ناسینی چ شتێک لە سروشت؟ مامۆستا وتی: دەمانەوێت گوڵ بناسین. خوێندکارێکی تر کە وەڵامەکەی مامۆستای بەلاوە ڕوون نەبوو، وتی: مامۆستا بۆمان ڕوونکەرەوە چۆن گوڵ بناسین؟ مامۆستا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: لە وانەی دوێنێدا باسی گوڵمان کرد، ئەمڕۆش لەناو هەوای پاکی سروشتدا وانەکە تەواو دەکەین. دەمانەوێت بەشە سەرەکییەکانی گوڵ بناسین، پاشان ڕەنگەکانی گوڵیش لە یەک جیابکەینەوە. خوێندکارەکان پێکەوە وتیان: زۆر باشە ئێستا بە ڕوونی دەزانین گەشتەمان پەیوەندیی بە وانەکەی پۆلەوە هەیە.

خوێندکارەکان کەوتنە گەڕان بە دەوروبەری خۆیاندا، چەندین جۆر و ڕەنگی جیاوازی گوڵیان کۆکردەوە، دوای ماوەیەک هەموو لە دەوری مامۆستا کۆبوونەوە و بە هاوکاریی مامۆستا بەشەکانی گوڵیان جیاکردەوە، هەریەکەشیان چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەڵگرت تا بیباتەوە ماڵەوە و وەکو دیارییەکی گەشتەکەیان لای بمێنێتەوە.

لە کۆتایی گەشتەکەدا مامۆستا لە خوێندکارەکانی پرسی: کێ دەتوانێت هەستی خۆی بەرانبەر گوڵ دەربڕێت؟ زۆرێک لە خوێندکارەکان وەڵامی جۆراوجۆریان دایەوە، بەڵام یەکێک لە خوێندکارەکان کە گوڵێکی زەردی بەدەستەوە گرتبوو، وتی: ئەم گوڵە لە دایکم دەچێت. مامۆستا وتی: نا دایکت لەو گوڵە دەچێت. خوێندکارەکە وتی: نا نا مامۆستا ئەم گوڵە لە دایکم دەچێت. دایکم زۆرجار کراسی زەرد لەبەر دەکات، گوڵەکەشم ڕەنگی زەردە و بۆنێکی خۆشیشی لێدێت، وەکو بۆنی دایکم. ئەم دەربڕینە سەرنجڕاکێشە کە لە قووڵایی دڵی ئەو خوێندکارەوە سەرچاوەی گرتبوو، بووە مایەی تێڕامانی مامۆستا و خوێندکارەکان، بۆیە هەموو پێکەوە چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێدا[1].

لەم دیمەنەوە تێدەگەین بەکارهێنانی ئامرازی فێرکاری چ گرنگییەکی هەیە لە وانەوتنەوەدا، ئەمەش دەکەینە دەروازەیەک بۆ چوونە ناو باسەکە.

وەکو زۆربەی زاراوەکانی تر، ئامرازە فێرکارییەکان[*] پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە ئاماژە پێدەدەین. دەوترێت ئامرازە فێرکارییەکان "کۆی ئەوەیە دەبینرێت یان دەبیسترێت یان دەخوێندرێتەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا، لە پێناو یارمەتیدانی خوێندکار لە فێربووندا"[2]. یان بریتییە لە "هەر شتێك لە پرۆسەی فێربووندا بەکاربهێنرێت بە ئامانجی یارمەتیدانی خوێندکار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بە شێوەیەکی ورد"[3]. بەوەش پێناسە دەکرێت کە "تێکڕای ئەو ئامرازانەیە کە مامۆستا بەکاریان دەهێنێت لە پێناو باشکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و ڕوونکردنەوەی مانا و بیرۆکەکان، یان ڕاهێنان لەسەر کارامەیی، یان ڕامکردنی خوێندکار لەسەر نەریتی باش و گەشەپێدانی ئاراستە و چاندنی بەهای ویستراو لە دەروونی خوێندکار"[4]. یان "کۆی ئەو

---

[1] بە دەستکارییەوە لە: محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل69.

[*] لە ئەدەبیاتی پەروەردەییدا زیاتر لە زاراوەیەك بۆ ناولێنانی ئامرازە فێرکارییەکان بەکاردەهێنرێت، لەوانە: هۆیەکانی فێرکردن، ئامرازەکانی فێرکردن و فێربوون، هۆیەکانی ڕوونکردنەوە، ئامرازە بینراو و بیستراوەکان، ... تاد.

[2] مرشد محمود دبور وإبراهيم ياسين الخطيب: أساليب تدريس الإجتماعيات، دار الثقافة للنشر والتوزيع ودار العلمية الدولية، عمان، 2001، ص75.

[3] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل313.

[4] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل85.

کەرەستە و بابەت و ئامرازانەیە مامۆستا بەکاریدەهێنێت بۆ گەیاندنی ناوەرۆکی وانەکە بە خوێندکار لەناو پۆل و دەرەوەیدا، لەپێناو باشکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون و چالاککردنی"[1]. لەو پێناسانەش گشتگیرتر ئەوەیە کە ئامرازە فێرکارییەکان "کۆمەڵێك هەڵوێست و بابەت و کەرەستەی فێرکاری و کەسایەتین، لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی وانەوتنەوە بەگەڕدەخرێن بە مەبەستی ساناکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، کە دواجار بەشداری دەکەن لە بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکانی وانەوتنەوە"[2]. بەپێی ئەم پێناسەیە، ئامرازە فێرکارییەکان لە چوار ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت:

1- هەڵوێستی فێرکاری: مەبەست لێی ئەو ڕووداوە واقیعییانەیە کە خوێندکار لەناو خوێندنگە و دەرەوەیدا لەگەڵیدا دەژی، بەشداری دەکات لە ساناکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون. بۆ نموونە: تاقیکردنەوەی تاقیگە، گەشت، کۆڕ و کۆبوونەوە.

2- بابەتی فێرکاری: مەبەست لێی ئەو ئامرازانەیە کە ناوەرۆکی فێربوون لەخۆدەگرن. بۆ نموونە: کتێبی خوێندن، فیلم، تۆماری دەنگی، بەڵگەنامەی مێژوویی، وێنە، ... تاد.

3- کەرەستەی فێرکاری: مەبەست لەو ئامێرانەیە بۆ خستنەڕوو و پێشکەشکردنی ناوەرۆکی فێربوون بەکاردەهێنرێن، وەکو: پەخشی سینەما، ڤیدیۆ، بۆرد، ... تاد.

4- کەسایەتی: مەبەست لەو کەسانەیە بانگهێشتی هەڵویستی وانەوتنەوە دەکرێن بە مەبەستی یارمەتیدانی خوێندکار لە فێربووندا، بۆ نموونە: جووتیار، سیاسەتمەدار، ئابووریناس، زانای ئایینی، شارەزای پەروەردە، دەروونناس، ... تاد[3].

## 1-7 گرنگیی ئامرازە فێرکارییەکان

بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان کاریگەریی ئەرێنی دەکەنە سەر ئاستی فێربوون. پەروەردەکاران کۆکن لەسەر ئەوەی بەکارهێنانی زیاتر لە هەستەوەرێك (حواس) یارمەتیدەرێکی باشی فێربوونە. بە مانایەکی تر، بەکارهێنانی هەستەوەری زیاتر، فێربوونی زیاتر و بیرکەوتنەوەی زۆرتر مسۆگەر دەکات. بە گوێرەی چەند توێژینەوەیەك،

[1] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل313.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل393.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل393- 397.

ئەوە سەلماوە هەریەك لە هەستەوەرەكان بە ڕێژەی جیاواز بەشداری لە پرۆسەی فێربووندا دەکەن، بە شێوەیەك کە هەستی بینین بە ڕێژەی (75- 83٪)، بیستن (11- 15٪)، بەرکەوتن (5.3٪)، بۆنکردن (4.3٪)و تامکردن بە ڕێژەی (3.2٪) بەشداریی پرۆسەی فێرکردن دەکەن. چەند توێژینەوەیەکیش سەبارەت بە کاریگەریی هەستەوەرەکان لەسەر بیرکەوتنەوەی زانیاری، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەکارهێنانی زیاتر لە هەستەوەرێك کاریگەریی ئەرێنیی هەیە لەسەر بیرکەوتنەوە، ڕێژەکانیش بەم شێوەیە: خوێندنەوە (10- 20٪)، بیستن (15- 20٪)، بینین (40- 60٪)، بیستن و بینین پێکەوە (60- 85٪، بینین و بیستن و بەرکەوتن پێکەوە (80- 85٪)[1]. زانای ئەمریکی ئیدگار دەیڵ (Edgar Dale) لە توێژینەوەکەی خۆیدا کاریگەریی ئامرازە فێرکارییەکان لەسەر بیرکەوتنەوە و ڕێژەی بەشداریی هەر هەستەوەرێك لە پرۆسەی فێربوون، بە هێڵکارییەك ڕوونده‌کاتەوە. شێوەی (20) هێڵکاریی (دەیڵ) دەربارەی کاریگەریی ئامرازە فێرکارییەکان لەسەر بیرکەوتنەوە ڕوونده‌کاتەوە[2].

لەو هێڵکارییەدا، گرنگیی بەکارهێنانی هەستەوەرەکان لە پرۆسەی فێربووندا ڕوونده‌بێتەوە. بێگومان بەکارهێنانی هەستەوەرەکان پەیوەستن بە جۆراوجۆریی ئامرازە فێرکارییەکان، ئەوەش گەورەترین گرنگیی ئامرازە فێرکارییەکانە. هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بە ڕۆڵ و کاریگەری و هەندێك لە گرنگییەکانی ئامرازە فێرکارییەکان دەکەین لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا:

1- حەز و ئارەزووی خوێندکار دەوروژێنێت و پێویستیی خوێندکار تێر دەکات.

2- لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکانەوە، خوێندنگە دەبێتە سەرچاوە و ڕێگەیەك بۆ گەشەی هەمەلایەنەی خوێندکار و خستنەگەڕی سەرجەم هەستەوەرەکانی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا.

3- یارمەتیدەرە لە دروستکردنی بونیادێکی مەعریفیی دروست لە زەینی خوێندکار، بە شێوەیەك کە مەعریفەی خوێندکار دەبێتە شتێکی مانادار.

---

[1] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.binkhaldon.blogspot.com ڕۆژی 2013/10/20.

[2] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.educ.ualberta.ca ڕۆژی 2013/10/20.

| سروشتی مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی فێربوون | | ئەوەی دوای دوو هەفتە بیردەکەوێتەوە (ئەنجامەکانی فێربوون) |
|---|---|---|
| وەرگرتنی گوفتاری/ زارەکی | خوێندنەوە | ١٠٪ ئەوەی دەیخوێنینەوە |
| | بیستن | ٢٠٪ ئەوەی دەیبیستین |
| | بینینی وێنە | ٣٠٪ ئەوەی دەیبینین |
| وەرگرتنی بینراو | بینینی فیلم، بینینی نواندن، بینینی پێشانگا، بینینی نمایش، بینینی نمایشی کرداری لە شوێنی کار | ٥٠٪ ئەوەی دەیبیستین و دەیبینین |
| بەشداریکردن | بەشداری گفتوگۆ | ٧٠٪ ئەوەی دەیڵێین و دەینووسین |
| کردار | نمایشی دراما، بەرکەوتنی ئەزموونی راستەقینە، ئەنجامدانی کار بە شێوەی پراکتیکی | ٩٠٪ ئەوەی ئەنجامیدەدەین |

**شێوەی (20) هێڵکاری (دەیڵ) دەربارەی ڕێژەی بەشداری هەستەوەرەکان لە فێربوون و کاریگەری ئامرازە فێرکارییەکان لەسەر بیرکەوتنەوە**

4- وا لە خوێندکار دەکات بەشداریی کاراتر بکات لە وانە، ئەمەش ئاستی کارامەیی و فێربوونی خوێندکار زیاد دەکات.

5- خوێندکار دەوروژێنێت و هانی دەدات بۆ فێربوون.

6- هۆکارێکە بۆ گرتنەبەری شێوازی جۆراوجۆری وانەوتنەوە و زاڵبوون بەسەر گرفتی جیاوازیی خوێندکاران.

7- یارمەتیدەری خێراکردنی فێربوون و کەمکردنەوەی ڕێژەی لەبیرچوونەوە و ڕێکخستنی بیرۆکە سەرەکییەکانە لە زەینی خوێندکاردا.

8- هەندێك ئامرازی فێرکاری هۆکارن بۆ باشکردنی ڕەفتار و دروستکردنی ئاراستەی ئەرێنی لە دەروونی خوێندکاردا[1].

9- سەرنجراکێشانی خوێندکاران و هێشتنەوەی وانە بە شێوەیەکی زیندوو، کە نیگەرانی و بێزارییان کەمبکاتەوە.

10- گەشەپێدانی توانای خوێندکار لە تێبینیکردن و ڕەخنەگرتن و بەراوردکردن و ڕاڤە و شیکاری، کە ئەمانەش خەسڵەتی پێویستن لە کەسایەتیی تاکی ڕۆشنبیردا[2].

11- بەفیڕۆنەدانی کات و توانا و کورتکردنەوەی ڕێگای فێربوون.

12- زانیاری و ڕادەی تێگەیشتنی خوێندکار لە بابەتی وانەدا هەڵدەسەنگێنێت.

13- ئەرکی مامۆستا لە پرۆسەی فێرکردندا سووک دەکات.

14- چێژ و خۆشی دەداتە فێربوون[3].

15- بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەباشیی خوێندکاران بۆ فێربوون و خوێندنی وانە.

16- ساناکردنی هەندێك لەو بابەتانەی فێربوونیان قورسە.

17- جۆراوجۆریی ئامرازە فێرکارییەکان بە واتای جۆراوجۆریی هاندان لە فێربووندا.

18- جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی مەعریفەیە، بەشێوەیەك کە مامۆستا نابێتە تاکە سەرچاوەی مەعریفە و لەگەڵ ئامرازەکانیش خوێندکار هەندێك زانیاریی لاوەکی وەردەگرێت.

19- ڕاستکردنەوەی هەڵەی فێربوونی خوێندکار[4].

---

[1] محمد محمود الحيلة: طرائق التدريس وإستراتيجياته، ل494- 497.

[2] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل216.

[3] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل86- 87.

[4] حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، ل276- 281.

## 2-7 پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئامرازی فێرکاری

مامۆستای کارامە بەر لە دەستپێکردنی وانە و لە پلانی خۆیدا، ئامرازی فێرکاریی گونجاو بۆ وانەکەی دیاری دەکات، لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازی فێرکاریدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1- پەیوەست بێت بە پەیڕەوی خوێندن و ناوەڕۆکی فێربوون.

2- ئامانجە پەروەردەییەکان بەدیبهێنێت.

3- ناوەڕۆکەکەی ڕوون و ئاشکرابێت، هەڵەی زانستیی تێدا نەبێت.

4- بەکارهێنانی ئاسان بێت و ئاڵۆز نەبێت.

5- سەرنجڕاکێش بێت و خوێندکاران بورووژێنێت.

6- لەگەڵ تەمەن و ئاستی ژیری و توانای خوێندکاران گونجاوبێت.

7- لەگەڵ ڕێگەی وانەوتنەوەی پەیڕەوکراو گونجاوبێت.

8- لەگەڵ کاتی تەرخانکراوی وانە و ژمارەی خوێندکاران گونجاو بێت.

9- بەکارهێنانی مەترسیی نەبێت بۆ خوێندکار[1].

10- جۆراوجۆری لە هەڵبژاردنی ئامراز و ڕەچاوکردنی نوێگەری و هاوچەرخبوون[2].

11- ئابوورییانە بێت، تێچوونی گونجاوبێت لەگەڵ توانا ماددی و مرۆییەکان[3].

12- هەڵبژاردنی ئەو ئامرازانەی کە زۆرترین سوود و کەمترین تێچوونیان هەیە[4].

---

[1] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل130. عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل87.

[2] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل217.

[3] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل415. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل337.

[4] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل433.

## 3-7 پۆلێنکردنی ئامرازە فێرکارییەکان

شارەزایانی پەروەردە بە شێوازی جۆراوجۆر پۆلێنی ئامرازە فێرکارییەکان دەکەن، ئەو پۆلێنکردنانە لەسەر بنەما و پێوەری جیاواز کراون، لە کۆی پۆلێنکردنەکاندا ڕەچاوی ئەوە کراوە ئەو ئامرازانە لە کۆمەڵەیەکدا ڕیزبەند و پۆلێن بکرێن کە بەلای کەمەوە خەسڵەتێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. لێرەدا هەندێك لەو پۆلێنکردنانە بە کورتی باس دەکەین:

یەکەم: پۆلێنکردن لەسەر بنەمای هەستەوەرە دوێنراوەکان:

1- ئامرازە بینراوەکان، وەکو: وێنە، نەخشە، کلێشە، نموونە.

2- ئامرازە بیستراوەکان، وەکو: تۆماری دەنگی، بەرنامەی ڕادیۆیی.

3- ئامرازە بینراوە - بیستراوەکان، وەکو: شانۆ، فیلمی ڤیدیۆیی، بەرنامەی تەلەفزیۆن[1].

دووەم: پۆلێنکردن لەسەر بنەمای شێوازی خستنەڕوو و پێشکەشکردنی ئامرازە فێرکارییەکان:

1- ئەو ئامرازانەی لەسەر شاشە و بە هۆی تیشکەوە پەخش دەکرێن، وەکو: فیلم، وێنەی جوڵاو.

2- ئەو ئامرازانەی لە پەخشکردنیاندا تیشك بەکارنایەت، وەکو: نموونە، چاپکراوەکان، گەشتی مەیدانی[2].

سێیەم: پۆلێنکردن بەپێی کارلێکی خوێندکار لەگەڵ ئامرازەکە


ئەمە یەکێکە لە پۆلێنە بەربڵاوەکان و لە لایەن زانای ئەمریکی (ئێدگار دەیل)ەوە کراوە، بە پۆلێنی (دەیل) دەناسرێت. ناوبراو پۆلێنەکەی لە شێوەی قووچەکێکدا کردووە لەسەر بنەمای شارەزایی (خبرة) بەدەستهاتوو لە لایەن خوێندکارەوە، قووچەکەکە بە شارەزایی ڕاستەوخۆ دەستپێدەکات و شارەزایی هێمای ڕووت لە لووتکەیدایە، هەموو شارەزاییەکانیش بەسەر سێ کۆمەڵەی سەرەکیدا دابەشدەبن[3]. شێوەی (21) پۆلێنی دەیل ڕووندەکاتەوە.

---

[1] ولید أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل364. عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل164- 165.

[2] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل236.

[3] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.educ.ualberta.ca بۆژی 2013/10/20.




**شێوەی (21) پۆلێنی دەیڵ بۆ ئامرازە فێرکارییەکان**

بەگوێرەی پۆلێنەکەی دەیڵ، ئامرازە فێرکارییەکان لە سێ کۆمەڵەی سەرەکی پێکدێن:

1- ئامرازی هەستپێکراو بە کار: ئەو ئامرازانەی خوێندکار بە شێوەی کرداری کارلێکی لەگەڵ دەکات و نۆرینەی هەستەوەرەکانی بەکاردەهێنێت بۆ کارلێك لەگەڵیان، ئەوانیش:

1- شارەزایی ڕاستەوخۆ: خوێندکار کارلێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ واقیعەکەدا دەکات. بۆ نموونە فێربوونی لێخوڕینی پاسکیل.

2- شارزایی ناڕاستەوخۆ (داهێنراو): خوێندکار مامەڵە لەگەڵ ئامرازێکدا دەکات کە شێوەیەکی دروستکراوە، یان داهێنراوێکە بە شێوەی بەرجەستە (مجسم) دروستکراوە و هاوشێوەی بابەتە بنەڕەتییەکەیە. بۆ نموونە: کۆمەڵەی خۆر کە بە شێوەی بەرجەستە دروستبکرێت.

3- شارەزایی شانۆیی: هەندێك جار ناتوانرێت مومارەسەی واقیعەکە بکرێت، بۆیە لە ڕێگەی شانۆوە خوێندکار واقیعەکە دەنوێنێت. بۆ نموونە: شانۆییەك دەربارەی کەسایەتییەکی مێژوویی کە خوێندکار ڕۆڵەکەی دەبینێت.

ب - ئامرازی هەستپێکراو بە تێبینی: ئەو ئامرازانەی خوێندکار بە تێبینی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانی بینین و بیستنەوە هەستی پێدەکات، ئەوانیش:

1- خستنەڕووی کردەیی: نواندنی کردارێك یان کارامەییەك لەبەردەم خوێندکاردا.

2- توێژینەوەی مەیدانی: مەبەست لەو گەشت و سەردانانەیە کە لە دەرەوەی خوێندنگە ئەنجامدەدرێن.

3- پێشانگا و مۆزەخانە.

4- ئامرازی جووڵاو، وەکو: فیلم، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، دیمەنی ڤیدیۆیی، دیمەنی تاقیکردنەوەی زانستی.

5- ئامرازە جێگیرەکان و تۆمارە دەنگییەکان، وەکو: وێنەی فۆتۆگرافی، تۆماری دەنگیی بەرنامەی ڕادیۆیی.

ج - ئامرازی ڕووت (مجرد): مەبەست لەو وێنە و هێما زارەکییانەیە کە ئاماژە و مانا لەخۆ دەگرن و بەراورد بە ئامرازەکانی پێشوو تێگەیشتنیان قورسە. ئەوانیش:

1- هێمای وێنەیی، وەکو: هێڵکاری، نەخشە، خشتە.


2- هێمای ڕووت، مەبەست لەو زاراوانەیە کە بیرۆکەیەك، ڕاستییەك، ڕێسایەك، ... تاد لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە: زاراوە فەلسەفییەکان، ڕێسا بیرکارییەکان[1].

## 4-7 پۆلێنێکی پێشنیارکراوی ئامرازە فێرکارییەکان

ئەم پۆلێنکردنە پێشنیارکراوی شارەزای بواری پەروەردە (حەسەن حسێن زەیتون)ە، کە بەپێی واقیعیبوونیان، ئامرازە فێرکارییەکان بەسەر حەوت کۆمەڵەدا دابەش دەکات. شێوەی (22) پۆلێنی پێشنیارکراوی ئامرازە فێرکارییەکان لە لایەن (زەیتون)ەوە ڕوون دەکاتەوە.

---

[1] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.sst5.com ڕۆژی 2013/10/23.




شێوەی (22) پۆلێنی پێشنیارکراوی زەیتون بۆ ئامرازە فێرکارییەکان

لەبەر گرنگیی ئەم پۆلێنکردنە، تا ڕادەیەك بە درێژی باسی لێوەدەکەین و لەم کتێبەدا کاری لەسەر دەکەین، زۆرێك لە ئامرازە فێرکارییەکان لەژێر هەر کۆمەڵەیەکدا ڕیزبەند دەکەین و خاڵی بەهێز و لاوازی هەر کۆمەڵەیەك ڕووندەکەینەوە.

## 7-4-1 ئامرازی ڕاستەقینە، هەڵوێست، نموونە و مۆدێل

مەبەست لەو ئامرازانەیە کە هەڵوێستی ڕاستەقینەی ژیانن و بە ئامانجی فێرکردنی خوێندکار بەکاردەخرێن، ئەوانیش:

1- ئامرازی ڕاستەقینە: مەبەست لەو ئامرازەیە لە ژینگەی بنەڕەتیی خۆیدا هەیە، بێئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا بێت و هەموو خەسڵەتەکانی ئامرازێکی ڕاستەقینەی تێدابێ. بۆ نموونە: گوڵ لە باخچەدا.

2- هەڵوێستی ڕاستەقینە: ئەو ڕووداوە واقیعییانەی خوێندکار لەناو خوێندنگە یان ژینگەی خۆی لەگەڵیاندا دەژی و شارەزایی فێرکاری ڕاستەوخۆی لێوەردەگرێت. وەکو: کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، گەشتی مەیدانی، تاقیکردنەوەی تاقیگە.

3- نموونە (العینة – sample): نموونەیەکی ڕاستەقینەیە و لە ژینگە بنەڕەتییەکەی خۆی وەرگیراوە و هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندیی ڕاستەقینەی تێدا ماوە. بۆ نموونە: ماسی، دراو، گوڵ.

4- شارەزایان: کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارێکدا بانگهێشتی قوتابخانە دەکرێن بە مەبەستی فێربوونی خوێندکاران. بۆ نموونە: پۆلیسی هاتووچۆ.

5- هەندێك شوێن لە قوتابخانە یان ژینگەی خوێندکار: مەبەست لەو شوێن و جێگایانەیە کە لەناو قوتابخانە یان شوێنی ژیانی خوێندکار هەن و دەکرێت سەردان بکرێن و پەیوەندییان هەیە بە ناوەڕۆکی فێربوونەوە. بۆ نموونە: پێشانگا، فڕۆکەخانە، نەخۆشخانە، مۆزەخانە، دەریاچە.

6- ڕاهێنان: مەبەست لەو هەڵوێستانەیە کە خوێندکار لاسایی کارامەییەکە دەکاتەوە و ڕاهێنانی لەسەر دەکات بە مەبەستی فێربوون. بۆ نموونە: ڕاهێنانی لێخوڕینی پاسکیل، پراکتیکیی کۆمپیوتەر.

7- نواندن: مەبەست لەو نواندنانەیە کە خوێندکار ڕۆڵی تێدا دەبینێت. لەوانەش:

- یارییە وەرزشییەکان.
- ڕۆڵبینینی شانۆیی.
- بووکەڵەی فێرکاری.

8- سندووقی لم: سندووقێکی بچووکە و لمی تێدەکرێت، خوێندکار هەندێك وێنە و شێوەی لەسەر دروستدەکات[1].

9- مۆدێل (نموذج – model): بەرجەستەیەکی بچووککراوە یان گەورەکراوی هاوشێوەی شتێکی ڕاستەقینەیە، کە ناتوانرێت بە شێوە ڕاستەقینەکەی یان سروشتییەکەی خۆی لە پۆلدا ئامادە و نمایش بکرێت. وەکو: خانە، لەبەر بچووکی ناتوانرێت ببینرێت، بەڵام بە شێوەیەکی بەرجەستەیی لە پلاستیك یان هەر ماددەیەکی تر دروستدەکرێت و لە پۆلدا خوێندکار وانەی لەسەر دەخوێنێت. مۆدێلی فڕۆکە، گۆی زەوی، کۆمەڵەی خۆر، بورکان، گوند، ... تاد[2].

---

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل406 – 409.

[2] ماهر مفلح الزیادات ومحمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل134 – 136. محمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل366 – 368.

**لایەنی بەهێزی ئامرازە فێرکارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- گەشەپێدانی حەزی فێربوون لە دەروونی خوێندکاردا، چونکە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئامرازە فێرکارییەکاندا هەیە.

2- ئامرازەکان زیاتر لە هەستەوەرێکی خوێندکار دەدوێن، ئەمەش تێگەیشتن لە بیرۆکەکان ئاسان دەکات.

3- هەندێکیان دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ خوێندکار مومارەسەی پراکتیکی بکات.

4- جۆراوجۆرکردن و دەوڵەمەندکردنی شارەزایی خوێندکار.

5- بۆ ئەو خوێندکارانە گونجاوە کە لە فێربووندا پشتدەبەستن بە بینین.

6- ماندەری توێژینەوە و بەدواداگەڕان و فێربوونی خودیی و چالاکە.

7- گەشەپێدانی لایەنی ویژدانیی خوێندکار.

8- کاریگەریی فێربوون بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەمێنێتەوە و ڕێژەی لەبیرچوونەوە نزمە.

9- تا ڕادەیەکی زۆر بەکارهێنانیان ئاسانە.

**لایەنی لاوازی ئامرازە فێرکارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- هەندێکجار بەدەستهێنانیان ئەرکی زۆری دەوێت.

2- خستنەڕوو و بەکارهێنانیان کاتی زۆری پێویستە.

3- هەندێکیان پێویستی بە ڕێکخستن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی زۆر هەیە.

4- بۆ خوێندنی هەندێك بابەت گونجاو نین.

5- لەگەڵ پۆلی قەرەباڵغ و ژمارەی زۆری خوێندکار گونجاو نین.

6- ئەگەر بە شێوەیەکی دروست بەکارنەیەن، ڕەنگە بونیادێکی مەعریفیی هەڵە لە زەینی خوێندکاردا دروستبکەن. بۆ نموونە مۆدێلی گۆی زەوی.[1]

---

[1] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل409 – 410.

## 2-4-7 وێنەی جووڵاو

مەبەست لەو وێنە جووڵاوانەیە کە هەردوو هەستەوەری بیستن و بینینیان تێدابەکاردێن و بە ئامێری تایبەت پەخشدەکرێن. لەوانەش:

1- فیلمی سینەمایی.

2- تۆماری ڤیدیۆیی: بە ئامێری ڤیدیۆ، دی ڤی دی، سی دی، یان هەر بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری پەخش بکرێت.

3- بەرنامەی تەلەفزیۆنی: لە ڕێگەی کەناڵی ئاسمانی یان ناوخۆییەوە پەخش بکرێت[1].

4- فیلمکارتۆنی بزۆک (animation)[2].

### لایەنی بەهێزی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵە

1- تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی واقیعی بابەتەکە دەخرێتەڕوو.

2- سنوورێك بۆ پشتبەستن بە فێربوونی زارەکی دادەنێت.

3- کاریگەریی فێربوون بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە.

4- ڕەگەزی هاندان و وروژاندن بەهێزە.

5- دەگونجێت زیاتر لە جارێك نیشاندانی ئامرازەکە دووبارەبکرێتەوە.

6- بەکارهێنانی نەرمە، تاك دەتوانێت کات و شوێنی بەکارهێنانی دیاری بکات.

7- گونجاوە بۆ فێربوونی تاکیی، کۆمەڵیی و جەماوەریی.

8- کاتبەفیرۆدان کەمە.

9- کۆنترۆڵکردنی ئاسانە، دەتوانرێت هێواش یان خێرا بکرێت.

10- هەندێك لەو ڕووداو و بیرۆکانە دەگوێزێنەوە کە ناکرێت ڕاستەوخۆ تێبینی بکرێن وەکو ڕووداوی مێژوویی.

11- یارمەتیدەرە لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان.

12- دەوڵەمەندکردنی ئاستی شارەزایی خوێندکار.

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل411 - 412.

[2] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.ta3leem.alafdal.net ڕۆژی 2013/10/20.

**لایەنی لاوازی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- پێویستی بە ئامێرە بۆ بەرهەمهێنان و خستنەڕوو.

2- بەکارهێنانی پێویستی بە کارامەیی مامۆستا هەیە.

3- لە ڕووی ئابوورییەوە تا ڕادەیەك تێچوونی بەرزە.

4- هەندێکیان پێویستی بە ژووری تایبەت و تاریك هەیە، وەکو فیلمی سینەمایی، لەو حاڵەتەشدا ڕەنگە خوێندکار نەتوانێت تێبینیی خۆی بنووسێت، هاوکات دیسپلینی پۆلیش تورسە.

5- هەندێکجار بونیادی مەعریفیی هەڵە لە زەینی خوێندکاردا دروستدەکات[1].

## 3-4-7 ئامرازی پەیوەست بە کۆمپیوتەری کەسیی

مەبەست لەو ئامراز و بەرنامانەیە کە بە کۆمپیوتەری کەسیی نمایش دەکرێن، لەوانەش:

1- بەرنامەی وانەی تایبەتی: خوێندکار دوای خوێندنی یەکەیەکی بابەتکە لەسەر کۆمپیوتەر تاقیکردنەوەی تێدا دەکات، ئەگەر دەرچوو ڕێگەی پێدەدرێت یەکەیەکی نوێ بکاتەوە و بیخوێنێت، ئەگەرنا دەبێت ئەوەی پێشوو دووبارە بکاتەوە، یان بابەتی زیاتر بخوێنێت تا تێیدا سەرکەوتوو بێت.

2- بەرنامەی ڕاهێنان و پراکتیك، وەکو بەرنامەی کۆکردنەوە و لێدەرکردن.

3- بەرنامەی نواندنی هەڵوێست، ئەمەش بە مەبەستی گەشەپێدانی کارامەیی چارەسەری کێشە و بڕیاردان لە خوێندکاردا، لە ڕێگەی نیشاندانی هەڵوێستی گریمانەیی دروستکراو هاوشێوەی هەڵوێستێکی ڕاستەقینەی ژیان و داوا لە خوێندکار دەکرێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

4- بەرنامەی گەشەپێدانی بیرکردنەوە.

**لایەنی بەهێزی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی بە ڕادەیەکی زۆر، چونکە دەگونجێت بەپێی حەز و کارامەیی خوێندکاران بەرنامەی جۆراوجۆریان بدرێتێ.

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل413 - 414.

2- پاڵنەرایەتیی بەهێزە و خوێندکاران بە گەرموگوڕی بەشداریی پرۆسەی فێربوون دەکەن.

3- سنوورێك بۆ پشتبەستن بە فێربوونی زارەکی دادەنێت.

4- هەندێکجار ئەو بەرنامانە وەکو مامۆستای تایبەت وان و خوێندکار کارلێکی ئەرێنیی لەگەڵ دەکات.

5- نەرمیی تێدایە لە خستنەڕووی بابەت، یەك ناوەڕۆك دەگونجێت بە چەندین شێوازی جیا بخرێتەڕوو.

6- کەشێکی وا دروستدەکات سەرنجی خوێندکار پەرش نەبێت و بەئاگابێت لە وانەکە.

7- دەگونجێت لە ئاستێکی بەرزدا هەڵە و کەموکورتییەکانی فێربوون دیاری بکرێت.

8- جۆرێکە لە مومارەسەکردنی کارامەیی مەعریفی.

9- ڕەنگە هەندێك تاقیکردنەوە ئەنجامبدرێت کە ئەنجامدانی لە قوتابخانە تێچوون و کاتی زۆری دەوێت.

10- هەندێك لەو بەرنامانە بەدواداگەڕان لە زەینی خوێندکاردا گەشەپێدەدەن.

11- هەندێکجار کارلێکی ئەرێنی لە نێوان خوێندکار و هەڵوێستی فێربووندا دروستدەبێت.

12- فیدباکی ڕاستەوخۆ و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خوێندکار.

**لایەنی لاوازی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- بەرهەمهێنانی بەرنامەی کۆمپیوتەری و بەکارهێنان و ڕاهێنان لەسەری لە ڕووی ئابوورییەوە تێچوونی زۆرە.

2- کەمی بەرنامەی کۆمپیوتەریی تایبەت بە هەندێك لە بابەتەکان.

3- کەمی مامۆستای کارامە و لێهاتوو کە بتوانن بەرنامەی کۆمپیوتەریی بێگرفت بەکاربهێنن.

4- ئامادەکردنی پێویستی بە تەکنیك و پسپۆڕیی و لێهاتوویی هەیە.

5- بەکارهێنانی پێویستی بە ڕێکخستنی تایبەتی بەشەوانەکانی قوتابخانە هەیە.

6- هەندێك لە خوێندکاران بە هۆی شارەزایی کەمیان لە کۆمپیوتەر، هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن.

7- بەکارهێنانی بۆ ماوەیەکی زۆر زیانی تەندروستیی هەیە.

8- ئەو خوێندکارانەی کێشەی خوێندنەوەیان هەیە، ناتوانن بە تەواوی لێی سوودمەند بن.

9- هەندێك لەو بەرنامانە بۆ مەبەستی بازرگانی دروستکراون و ناتوانرێت هیچی لێ کەم و زیاد بکرێت.

10- بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە بواری تەکنەلۆژیا ڕوودەدەن، بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بۆ ماوەیەکی کاتی بەکاردێن و بەسەردەچن[1].

### 4-4-7 ئامرازی جێگیر کە بە تیشك نیشاندەدرێن

مەبەست لەو ئامرازە بینراوانەیە کە جوولەیان تێدا نییە و بەهۆی ئامێری تیشکەوە نیشانی خوێندکار دەدرێن، لەوانەش:

1- وێنە و سلاید کە بە ئامێری ئۆڤەرهێد (over head) نیشاندەدرێن.

2- سلایدی مایکرۆسکۆب.

3- مایکرۆفیلم.

**لایەنی بەهێزی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- سنوورێك بۆ پشتبەستن بە فێربوونی زارەکی دادەنێت.

2- کۆنترۆڵی کات و ماوەی نیشاندان دەکرێت لە لایەن مامۆستاوە.

3- بۆ وانەوتنەوەی تاکیی و کۆمەڵیی گونجاوە.

4- توانای گەورەکردنی هەیە لەسەر شاشە.

5- سەرنجی خوێندکار بۆ لای بابەتەکە ڕادەکێشێت.

6- کارپێکردنی ئامێرەکانی ئاسانە.

7- تێچوونی هەرزانە.

8- دەتوانرێت زیاتر لە جارێك بەکاربێت.

---

1 حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل414 – 419.

**لایەنی لاوازی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- جووڵەی شتەکان نیشان نادات.

2- پێویستی بە ئامێرە.

3- هەندێکجار پێویستی بە ئامادەکردنی هۆڵی وانەوتنەوە هەیە.

4- هەندێکجار پێویستی بە تاریککردنی ژووری خوێندنە.

5- پێویستی بە هەڵگرتن و پاکڕاگرتنی تایبەتی هەیە[1].

## 5-4-7 ئامرازی ڕووتەخت کە بە تیشک نیشانئادرێن

ئەو ئامرازە بینراوە ڕووتەختانەن کە ڕاستەوخۆ نیشانی خوێندکار دەدرێن و پێویستیان بە ئامێری تیشک نییە بۆ نیشاندان، لەوانەش:

1- وێنەی فۆتۆگرافی، وێنەی دەستکرد و کاریکاتێر.

2- نەخشە و ئەتڵەس، نەخشە شێوەیەکی ئەندازەییە دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی دەنوێنێت. چەندین جۆرێکی هەیە، لەوانە:

– نەخشەی جوگرافی: سروشتی، ئابووری، سیاسی، بەرزونزمی، دانیشتوان، ... تاد.

– نەخشەی مێژوویی: جەنگەکان، سنووری ئیمپراتۆریەتەکان، دەسەڵاتەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی گەل و نەتەوەکان، ... تاد.

ئەتڵەسیش کتێبێکە چەندین نەخشەی (مێژوویی و جوگرافی)ی لەخۆ گرتووە و خوێندکار دەتوانێت بە شێوەیەکی ئاسان بەکاریبهێنێت وەکو سەرچاوەیەکی فێربوون و ئامرازێکی فێرکردن[2].

3- وێنەی بەیانی (Graphs): چەندین جۆری وێنەی بەیانی هەن بە هۆیانەوە زانیاری و داتا دەخرێنەڕوو، تایبەتمەندییان لەوەدایە تێگەیشتنیان ئاسانە. لەوانەش:

– بازنەیی.

– ستوونی.

– وێنەیی.

– چوارگۆشە.

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل419 – 422.

[2] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل137 – 152.

4- هێلکاری (chart): ئەمیش چەندین جۆری هەیە، لەوانە:

- هێلکاریی چاخ و سەردەمەکان، سادەترین شێوەی دروستکردنی هێڵێکی ستوونی یان ئاسۆیی و برگە برگە دەکرێت و قۆناغە مێژووییەکانی لەسەر دیاری دەکرێت.

- هێلکاریی ڕێکخستن: چەند هێڵێك پەیوەندی نێوان دەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومەت و ئەنجومەن و دامەزراوەکان ڕووندەکاتەوە.

- هێلکاریی درەخت: لە شێوەی درەختێکدا ڕیزبەندیی دەستپێکردن و کۆتایی ڕووندەکاتەوە[1]. بۆ نموونە هێلکاریی درەختی خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی.

5- خشتە: بە هەمان شێوەی هێلکاری و وێنەی بەیانی دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت، بە تایبەت لە ڕێکخستن و پۆلێنکردنی شتەکاندا[2].

6- لکێنراوەکان: مەبەست لەو ئامرازانەیە کە بە دیوارەوە دەلکێنرێن و زانیارییان لەسەر تۆمار دەکرێت، یان وێنەیان لەسەر دەکێشرێت ... تاد، لەوانەش:

- پۆستەر.

- پەخشی سەر دیوار.

- تابلۆی قەیفە: پارچە تەپەدۆرێك بە قوماش ڕووپۆش دەکرێت و وێنە و نووسینی بە دەرزی لەسەر جێگیر دەکرێت[3].

7- بۆرد و تەختەڕەش: تەختەڕەش کۆنترین ئامرازی فێرکارییە کە مامۆستا بەکاریهێناوە، بە مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت، لەوانە: ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنی ڕاستی و بیرۆکە سەرەکییەکان، وێنە و هێلکاری، چالاکی و ڕاهێنانی خوێندکاران. بۆ زیاتر چالاککردنی ئەم دوو ئامرازە، ماجیك و تەباشیری ڕەنگاوڕەنگ بەکاردێت[4].

---

[1] شکری حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل227 – 230.

[2] ماهر مفلح الزیادات ومحمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل154.

[3] حسن حسین زیتون: مهارات التدریس، ل301 – 302.

[4] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل168.

سەرنج:
هەندێك لەو ئامرازانەی لە خانەی كۆمەڵەی پێنجەم پۆلێنكراون، لەوانە: وێنەی فۆتۆگرافی، وێنەی دەستكرد، كاریكاتێر، نەخشە، وێنەی بەیانی، هێڵكاری و خشتە، دەتوانرێت بە هۆی كۆمپیوتەر و لە ڕێگەی داتاشۆوە نیشان بدرێن، بەمەش دەچنە خانەی كۆمەڵەی چوارەم.

## لایەنی بەهێزی ئامرازەكانی كۆمەڵەی پێنجەم

1- وورووژاندنی خوێندكار بۆ فێربوون.

2- هەندێكی گونجاوە بە مەبەستی ئاشناكردنی خوێندكار بە ئامانجەكانی وانەكە.

3- هەندێكی گونجاوە بۆ ئەوەی بونیادێكی مەعریفی لە زەینی خوێندكاردا دروستبكات.

4- هەندێكیان چەمك و پەیوەندی و بونیادی تیۆری ڕووندەكەنەوە.

5- كاریگەرییان لەسەر چاككردنی نەریت و ئاراستەی نادروست هەیە.

6- هەندێكی بەكاردێ بۆ پوختەكردنی وانە.

7- تاڕادەیەك تێچوونیان كەمە.

8- بەكارهێنانیان ئاسانە.

9- بە ئاسانی دەستدەكەون و بۆ زیاتر لە بوارێك بەكاردێن.

10- دەگونجێت دووبارە بەكاربهێنرێنەوە.

11- بە ئاسانی لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر دەگوێزرێنەوە.

12- تا ڕادەیەك پشتبەستن بە فێربوونی زارەكی كەمدەكەنەوە.

13- بیرۆكە گرنگەكان پوختدەكەنەوە و بیركەوتنەوە ئاسان دەبێت.

## لایەنی لاوازی ئامرازەكانی كۆمەڵەی پێنجەم

1- ئەو خوێندكارانەی توانای بینینیان لاوازە، بە تەواوی سوودمەند نابن.

2- جووڵەی شتەكان دەرناكەوێت[1].

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل425 – 426.

## 6-4-7 ئامرازە چاپکراوەکان

ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە چاپ یان کۆپی دەکرێن و هێمای خوێندراو یان هێمای بینراون، لەوانە:

1- کتێب: سەرچاوە، بڕیاردراوی خوێندن.

2- گۆڤار.

3- ڕۆژنامە.

4- نامیلکە.

5- بڵاوکراوە.

6- ڕاپۆرت.

### لایەنی بەهێزی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە

1- باوترین سەرچاوەی ناوەڕۆکی فێرکردنن.

2- مەعریفەی ڕێکخراو دەدەنە خوێندکار.

3- دەرفەتی چالاکی و ڕاهێنانی زۆر بۆ خوێندکار دەڕەخسێنن.

4- دادەنرێن بە یەکێك لە ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی هەڵەکانی فێربوون و خستنەڕووی چارەسەر.

5- سەرچاوەی سەرەکیی فێربوونی تاکەکەسی و فێربوونی دوورن (التعليم عن بعد).

6- دەگونجێت بۆ پوختەکردنی وانە بەکاربێن.

7- دەگونجێت ژمارەیەکی زۆری لێدەستبخرێت.

8- بەکارهێنانیان ئاسانە و پێویستی بە ئەزموون و ڕاهێنان نییە.

9- خوێندکار دەتوانێت بە ئاسانی لە ماڵەوە بەکاریان بهێنێت.

10- دەتوانرێت زیاتر لە جارێك بەکاربێن.

### لایەنی لاوازی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە

1- سوودلێوەرگرتنیان سنووردارە، بە هۆی لاوازیی ئاستی خوێندنەوەی خوێندکار، لاوازیی پاڵنەرایەتی و نەگونجانی ئاستی تێگەیشتن و پاشخانی مەعریفیی خوێندکار.

2- جووڵەی شتەکان دەرناکەوێت.

3- بەراورد بە هەندێك لە ئامرازەکانی تر، وروژێنەر و سەرنجراکێش نین.

4- زۆرتر لە گوفتاردا کورتهەڵدێن، بەمەش هەندێکجار تێگەیشتن ئاسان نابێت بۆ خوێندکار[1].

## 7-4-7 ئامرازە بیستراوەکان

مەبەست لەو ئامرازانەیە کە ئاماژەی بیستنی تێدا بەکاردێت، لەوانە:

1- تۆماری دەنگی.

2- بەرنامەی ڕادیۆیی[2].

3- تاقیگەی دەنگ.

**لایەنی بەهێزی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- وروژاندنی پاڵنەرایەتی تا ڕادەیەك بەهێزە.

2- پێدانی ڕێنمایی و زانیاری بە خوێندکار.

3- یارمەتیدەرێکی باشی گەشەی کارامەیین لە هەندێك بابەت و بوار.

4- گەشەپێدانی حەز و نرخاندن و ئاراستە و بەها.

5- دەستنیشانکردنی هەڵەکانی فێربوون و خستنەڕووی چارەسەر.

6- ممارەسەی چالاکی و ڕاهێنان.

7- هەندێکجار ڕۆڵێکی تەواوکاری دەگێڕن لەگەڵ هەندێك لەو ئامرازە بینراوانەی پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە.

8- بۆ فێربوونی تاکیی، کۆمەڵیی و جەماوەری گونجاون.

9- دەگونجێت زیاتر لە جارێك بەکاربێن.

10- گواستنەوەیان ئاسانە.

11- بەکارهێنانیان پێویستی بە کارمەیی و شارەزایی زۆر نییە.

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل426 – 429.

[2] عبدالله العامري: هەمان سەرچاوە، ل90.

12- ئاسان دەستدەکەون و تێچوونیان کەمە.

13- پەیوەست نین بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە.

**لایەنی لاوازی ئامرازەکانی ئەم کۆمەڵەیە**

1- پێویستیان بە ئامێر هەیە.

2- جووڵەی شتەکان دەرناکەوێت.

3- ئەو خوێندکارانە ئاستی بیستنیان لاوازە، بە تەواوی سوودمەند نابن.

4- لە فێربوونی زارەکیدا کورتهەڵدێن [1].

**سەرنج:**

1- هەندێکجار ئامێرەکانی نیشاندان و پەخشکردنی ئامرازە فێرکارییەکان، دەخرێنە خانەی ئامرازە فێرکارییەکان، ڕاستتر وایە ئەو ئامێرانە لەو پۆلێنکردنە دەربهێنرێن و وەکو کەرەستە و ئامێری خستنەڕووی ئامرازە فێرکارییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لەوانە: ڕادیۆ، ریکۆردەر، تەلەفزیۆن، دی ڤی دی، سی دی، سەتەلایت، داتاشۆ، ... تاد.

2- تەواوی ئامرازە فێرکارییەکان لەوانەدا کورتهەڵنایەن کە لەو حەوت گرووپەدا پۆلێن کراون، بەڵکو ئەوانە نموونەی ئامرازەکانی هەر گرووپێکن و چەندین ئامرازی تر هەن دەگونجێت مامۆستا بەکاریان بهێنێت و لێرەدا ناومان نەبردوون.

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل430 - 431.

## چالاکیی و هەڵسەنگاندن

1- ئامرازە فێرکارییەکان چ گرنگییەکیان هەیە لە لە پرۆسەی فێرکردن و فێربوون؟

2- بە بڕوای تۆ، کام لەو پۆلێنکردنانەی ئامرازە فێرکارییەکان گونجاوترینە لەگەڵ سروشتی خوێندکار؟ بۆچی؟

3- خشتەیەک دروست بکە و تێیدا (10) ئامرازی فێرکاری بەپێی گرنگییان ڕیزبەند بکە کە لە بواری پسپۆڕیی خۆتدا بەکاریدەهێنیت.

3- زاراوەی فرەناوەندی (Multimedia) لە ئێستادا لە بواری پەروەردە بەکاردێت، مەبەست لەو زاراوەیە چییە؟

4- لایەنی بەهێز و لاوازی هەریەک لەم ئامرازە فێرکارییانە دیاری بکە:

- گەشتی زانستی.
- وێنەی بەیانی.
- مۆدێل.

| زنجیرە | کارامەیی بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان | ئاستی نواندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
| 1 | ئامرازی فێرکاریی گونجاو لە پلانی ڕۆژانەدا دیاری دەکەم. | | | |
| 2 | ئەو ئامرازە فێرکارییانە بەکاردەهێنم کە زیاتر لە هەستەوەرێکی خوێندکار بەشداری پێدەکەن. | | | |
| 3 | ڕەچاوی تازەگەری و هاوچەرخیی ئامرازە فێرکارییەکان دەکەم. | | | |
| 4 | فرەجۆری لە هەڵبژاردنی ئامرازە فێرکارییەکاندا ڕەچاو دەکەم. | | | |
| 5 | ئامرازە فێرکارییەکان لە کاتی گونجاو و پێش وانەکە ئامادە دەکەم. | | | |
| 6 | بۆرد بە شێوەیەکی گونجاو و هەمەڕەنگ بۆ خستنەڕووی بابەتەکە بەکاردەهێنم. | | | |
| 7 | ئامرازە فێرکارییەکان لە کاتی گونجاودا دەخەمەڕوو. | | | |
| 8 | خوێندکاران لە بەکارهێنانی ئامرازە فێرکارییەکان بەشدار دەکەم. | | | |
| 9 | پرسیاری گونجاو و پەیوەست بە ئامرازە فێرکارییەکە ئاراستەی خوێندکاران دەکەم. | | | |
| 10 | دوای تەواوبوونی وانەکە، ئامرازەکە لە شوێنی گونجاو هەڵدەگرم. | | | |

# 8- هەڵسەنگاندن

ئامانجی چاوەڕوانکراو

چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەم بەشەدا خوێنەر:

- پێناسەی هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا بکات.
- گرنگی هەڵسەنگاندن لە وانەوتنەوەدا دیاری بکات.
- خەسڵەتەکانی هەڵسەنگاندن دەستنیشان بکات.
- جۆرەکانی هەڵسەنگاندن شیبکاتەوە.
- ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی لایەنی مەعریفی بژمێرێت.
- لایەنی بەهێز و لاوازی هەر ئامرازێکی هەڵسەنگاندنی بواری مەعریفی روون بکاتەوە
- ئامرازی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی مەعریفی خوێندکاران لە بواری پسپۆڕی خۆی هەڵبژێرێت.
- پلان دانێت بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی دەرونجوڵەیی خوێندکاران.
- ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی بواری ویژدانی دەستنیشان بکات.
- گرنگی جانتای کارەکانی خوێندکار، وەکو ئامرازێکی هەڵسەنگاندنی گشتگیر روونبکاتەوە.

### تیرۆرکردنی تواناکان

سەرپەشتیار، بەڕێوەبەری یەکێک لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شارۆچکەیەکی ئاگادارکردەوە کە بە نیازی سەردانی قوتابخانەکەیە، بە ریکەوت لە ریگادا ئۆتۆمبێلەکەی تووشی گرفتێک هات، لە ئەنجامدا لەکارکەوت، ئەویش بە سەرسامییەوە لە نزیک ئۆتۆبێلەکەی وەستا، نەیدەزانی چی بکات!

لەو کاتەدا کە سەرپەرشتیار بەوپەڕی نیگەرانییەوە لە ناچاریدا لە نزیک ئۆتۆمبێلەکەی راوەستابوو، قوتابییەک بەوێدا تێپەڕی و چاوی پێکەوت، زانی ئۆتۆمبیلەکەی لەکارکەوتووە، لە سەرپەرشتیار نزیکبوویەوە و دوای سڵاو پرسی: دەتوانم یارمەتیت بدەم و هاوکاریت پێشکەش بکەم؟ سەرپەرشتیاریش لەو قەیرانەدا

وتی: هیچ لە چاککردنی ئۆتۆمبێل دەزانی؟ قوتابییەکە زۆر درێژەی بە وەڵامدانەوە نەدا و یەکسەر بۆنیتی ئۆتۆمبیلەکەی هەڵدایەوە و دەستیکرد بە کاری خۆی، پاش کەمێک داوای لە سەرپەرشتیار کرد ئۆتۆمبێلەکەی بخاتەگەڕ، ئۆتۆمبێلەکە کەوتەگەڕ. سەرپەرشتیار سوپاسی زۆری قوتابییەکەی کرد، بەڵام ویستی نهێنی ئەوە بزانێت بۆچی لەم کاتەدا لە قوتابخانە نییە و لێرە چیدەکات؟ قوتابییەکە لە وەڵامدا وتی: ئەمڕۆ جەنابی سەرپەرشتیار سەردانی قوتابخانەکەمان دەکات، منیش لە پۆلەکەمەدا تەمەڵترین قوتابیم، لەبەر ئەوە مامۆستاکەم پێیوتم بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی لای سەرپەشتیار خەجاڵەتمان نەکەیت[1]!

لەم چیرۆکەوە فێردەبین کە تواناکانی مرۆۋ جیاوازن، یەکێک لە هەڵەکانی سیستمی خوێندنیش ئەوەیە کە بە تەنها هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی مەعریفی دەکرێت و بواری کارامەیی و ویژدانی پشتگوێخراوە.

## 8-1 چەمکی هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن بەشێکی سەرەکی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، هاوکات دادەنرێت بە یەکێك لە پایەکانی پەیرەو، هەر لە سەرەتای دەستپێکی پرۆسەی پەروەردەوە تا گەیشتنە هەنگاوی کۆتایی و بەدیهێنانی ئامانجەکان، بەردەوام دەبێت و بەشدارییەکی کارا دەکات لە کۆی گشتیی پرۆسەی پەروەردە، بۆیە پەروەردەکاران بە گرنگییەوە لێی دەڕوانن و باسی لێوەدەکەن، لەو روانگەوە چەند پێناسەیەکی ئەو چەمکە وەردەگرین:

بیگس و کۆلس (Biggs, & Collis) هەڵسەنگاندن بەوە پێناسە دەکەن کە "کۆکردنەوەی زانیاری و بەکارهێنانیەتی لە دەرکردنی بڕیاری پەیوەست بە پەروەردە"[2]. بەوەش پێناسە کراوە کە "کردەیەکی رێکخراوە بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریی بە مەبەستی دیاریکردنی رادەی بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکان، بڕیاردان دەربارەی

---

[1] گۆڤاری بڕیار، ژمارە (21)، ساڵی دووەم، شوباتی 2010، ل5

[2] Biggs, John. B. & Collis, Kevin. F: Evaluating the quality of learning, New York, Academic Press,1982, p6.

دیاریکردنی لایەنی لاواز و بەدیهێنانی گەشەی دروست و تەواو لە چوارچێوەی دووبارە ڕێکخستنەوەی ژینگەی فێربوون"[1]. (لەققانی و جەمەل) پێناسەی دەکەن بە "کردەی بڕیاردان دەربارەی شتێك، یان بابەتێك"[2]. بەوەش پێناسە کراوە کە "دەرکردنی بڕیارە یان کردەیەکە بەهۆیەوە دڵنیا دەبین لە بەدیهاتنی ئامانجە پەروەردەییەکان"[3].

(گرۆنلاند Gronlund) هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا وا پێناسە دەکات کە "کردەیەکی ڕێکخراوە بۆ دیاریکردنی ڕادەی ئەو ئامانجە پەروەردەییەی یان ئاستەی (standard) چاوەڕواندەکرێت خوێندکار بەیدبێنێت"[4]. یان "کردەیەکی ڕێکخراوە بۆ دیاریکردنی ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە لایەن خوێندکارانەوە و تایبەتمەندی چەندێتی و چۆنێتی لەخۆدەگرێت"[5]. یان "بریتییە لە کرداری بڕیاردان لەسەر ڕادەی بەرەوپێشچوونی خوێندکاران بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکان کە دەستنیشانکراون"[6].

بە سەرنجدان لەو پێناسانەی خرانەڕوو، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هەڵسەنگاندن کردەیەکی ڕێکخراوە نەك هەڕەمەکی، هەروەها لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە ڕادەی بەدیهاتنی ئامانجەکان دیاریدەکات، بەردەوامی و بڕیاریش لەخۆدەگرێت، بەمەش چاکسازی یان گۆڕانکاری لە پرۆسەی پەروەدە یان یەکێك لە پێکهێنەرەکانیدا دەکرێت، گرنگی هەڵسەنگاندنیش لەوەدایە کە:

1- چاکسازی لە پرۆسەی فێرکردن دەکات، ڕێنمایی خوێندکاران دەکات و پێویستییەکانیان دەستنیشان دەکات.

---

[1] أحمد سليمان عودة: القياس والتقويم، دار الأمل، الطبعة الثانية، عمان، 1993، ص25.

[2] أحمد حسين اللقاني و علي أحمد الجمل: هەمان سەرچاوە، ص102.

[3] راتب قاسم عاشور وعبدالرحيم عوض أبوالهيجاء: المنهاج، بناؤه تنظيمه نظرياته وتطبيقاته العملية، دار الجنادرية للنشر والتوزيع، عمان، 2009، ص230.

[4] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط4، 2011، ل21.

[5] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل390.

[6] جەبار ئەحمەد عەبدوڕەحمان: هەمان سەرچاوە، ل38.

2- یارمەتی مامۆستا دەدات لە پێداچوونەوەی شێوازی وانەوتنەوە.

3- بەهۆیەوە بڕیار دەدرێت تا چ رادەیەک ئامانجەکان بەدیهاتوون لە رێگەی دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکان.

4- ئاراستەی ئەرێنی لە دەروونی خوێندکار بەرانبەر بابەتی خوێندراو گەشەپێدەدات.

5- خۆراکپێدانەوە دەداتە خوێندکار دەربارەی ئامانجەکانی فێربوون و دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاواز و پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی.

6- یارمەتیدەرە لە رۆشنکردنەوە و دیاریکردنی ئامانجەکان.

7- کۆمەڵێك داتا و زانیاری دەداتە مامۆستا کە سوودی لێدەبینێت بۆ:

- دروستبوونی وێنایەکی رۆشن دەربارەی ئاست و رێژەی جیاتاکی خوێندکاران.

- توانای مامۆستا لە بەدیهێنانی ئەرکەکەی و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان.

- بەرچاوڕۆشنی بەرپرسانی پەروەردە تا بڕیاری گونجاو بدەن و رێوشوێنی پێویست بگرنەبەر.

8- وروژاندنی پاڵنەرایەتی خوێندکاران و هاندانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان.

9- خوێندکاران درك بە توانا و کارامەیی و لێهاتوویی خۆیان دەکەن، ئەمەش یارمەتیدەریان دەبێت لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی ئەو بوارەی تێیدا بەتوانان.

10- هێشتنەوە و پارێزگاریکردن لە فێربوون بۆ ماوەیەکی درێژتر[1].

11- بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان خێزان و خوێندنگە و هاوکاریکردن لە پێناو هێنانەدی فێربوونی باشتر و رەخساندنی کەشی لەبار بۆ خوێندکار[2].

## 2-8 خەسڵەتەکانی هەڵسەنگاندن

ئامانجی سەرەکی هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا پێدانی زانیارییە بە مامۆستا کە سوودی لێوەربگرێت لە گرتنەبەری بڕیاری پەروەردەیی، لەو پێناوەشدا پێویستە هەڵسەنگاندن و ئەو ئامرازانەی تێیدا بەکاردێن چەند خەسڵەتێکی تێدابێت تا ئامانجەکان بێنەدی، لەوانەش:

1- پەیوەست بێت بە ئامانجەکانەوە.

---

[1] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل277 – 278.

[2] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل187.

2- گشتگیر بێت، سەرجەم لایەنەکانی گەشەی خوێندکار و ئامانجەکانی مەعریفی و کارامەیی و دەروونجوڵەیی لەخۆبگرێت.

3- هەرەوەزیانە بێت، سەرجەم ئەو لایەنانە بەشداری تێدا بکەن کە پەیوەندییان بە خوێندکار و فێربوونییەوە هەیە، لەوانە: مامۆستا، بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی خوێندنگە، بەخێوکەری خوێندکار، خودی خوێندکار.

4- جۆراوجۆر بێت و پشتنەبەسترێت بە یەك ئامراز، بەڵکو ئامرازی جۆراوجۆر بەکاربێت، بە شێوەیەك سەرجەم لایەنەکانی مەعریفی و دەروونجوڵەیی و دەروونی هەڵسەنگێنرێت.

5- بەردەوامی، شانبەشانی پرۆسەی فێربوون بڕوات لە یەکەم هەنگاوەوە تا کۆتایی، نەك پەیوەست بکرێت بە کاتێکی دیاریکراوەوە.

6- ئابووریانەبێت لە رووی تێچوونی ماددیی و مرۆیی و کاتەوە.

7- رەچاوی جیاتاکی خوێندکاران بکات.

8- نەرم و واقیعی بێت، بەشێوەیەك بتوانرێت جێبەجێ بکرێت و بەپێی پێویست چاکسازی و گۆڕانکاری تێدا بکرێت[1].

9- بابەتیبوون، دووربێت لە کاریگەری خودێتی (ذاتية) مامۆستا و هەڵسەنگێنەر.

10- دادپەروەری، لە جێبەجێکردندا هەلومەرجی رەخساو هەبێت و ئامانج روونبێت لە هەڵسەنگاندن[2].

11- راستی (الصدق)، مەبەست لە راستی ئەوەیە کە ئایا ئەو ئامرازە تا چەند توانای پێوانەکردنی ئەو تایبەتمەنییە یان دیاردەیەی هەیە کە لەپێناویدا داڕێژراوە.

12- نەگۆڕی (الثبات)، مەبەست لە نەگۆڕی ئەوەیە کە ئەگەر هەمان ئامراز بۆ هەڵسەنگاندن دووبارە بەکاربهێنرێتەوە، ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەردا نەیەت[3].

## 3-8 جۆرەکانی هەڵسەنگاندن

بەپێیەی هەڵسەنگاندن کردەیەکی گشتگیرە و شانبەشانی تەواوی پرۆسەی پەروەردە دەڕوات، هاوکات لە هەڵویستی پەروەردەیی جیاوازدا جێبەجێدەکرێت، ئەوەی ئێمە لێرەدا


---

[1] محمد عواد الحموز: تصميم التدريس، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، 2004، ص 214- 216.

[2] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل43 – 44.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل83 – 84.

مەبەستمانە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی وانەوتنەوەیە، ئەمیش چەند جۆرێکی هەیە وهەر جۆرێکیشیان لە رووی کات و ئامانجی ئەنجامدانییەوە لەوانی تر جیاوازە، ئەوانیش هەڵسەنگاندنی سەرەتا، پێکهێن و کۆتایی، شێوەی (23) هێڵکاری جۆرەکانی هەڵسەنگاندن و هەنگاوەکانی رووندەکاتەوە[1].




**شێوەی (23) جۆرەکانی هەڵسەنگاندن و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی**

[1] بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: جورج خليل مارون: أسس التقويم التربوي ومعاييره، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، 2010، ل70.

## 1-3-8 هەڵسەنگاندنی سەرەتا

ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن لە سەرەتای پرۆسەی فێرکردن ئەنجام دەدرێت، گرنگیەکەشی لەوادایە کە مەعریفە و کارامەیی و پاشخانی خوێندکار روونەکاتەوە، چونکە فێربوونی لەوەوپێش دەبێتە بناغەی فێربوونی نوێ، ئەگەر ئەو بناغەیە بە شێوەیەکی دروست نەبێت، زەحمەتە فێربوونی نوێی لەسەر بنیاد بنرێت، هەندێکجار ئەم هەڵسەنگاندنە دەبێتە هۆی چاوخشاندنەوە بە ئامانجە فێرکارییەکان و گۆڕانکاری لە پلانی فێربوون[1]. بۆ نموونە کارامەیی خوێندنەوە پێویستی بە ناسینی تەواوی پیتەکانە، کاتێك مامۆستا هەڵسەنگاندنی سەرەتا بۆ خوێندکارەکان دەکات، ئەوەی لا رۆشن دەبێت هەندێك لە خوێندکارەکان پیتەکان بە تەواوی ناناسنەوە، ئەم حاڵەتە لەسەر مامۆستا پێویست دەکات چارەسەر دابنێت، کە رەنگە وانەی زیادە بە خوێندکارەکان بڵێت تا پیتەکان بە تەواوی بناسنەوە. ئامانجی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بریتییە لە:

1- دیاریکردنی ئاستی ئامادەباشی خوێندکاران بۆ فێربوون.

2- دەستنیشانکردنی لایەنی لاواز و بەهێزی خوێندکاران لە مەعریفە و کارامەیی.

3- دیاریکردنی ئاستی مەعریفە و کارامەییە لەوەوپێشەکانی خوێندکار کە بناغەن بۆ فێربوونی نوێ[2].

4- دیاریکردنی ئەو کێشانەی رێگرن لەبەردەم فێربوون و بەرەوپێشچوونی خوێندکار.

5- پۆلێنکردنی خوێندکاران بە شێوەیەك هەر گروپێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە پرۆسەی فێربوون لەبەر رۆشنایدا ئەنجام دەدرێت[3].

گرنگترین ئەو ئامرازانەی لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بەکاردێت: تاقیکردنەوەی نووسینەکی، تاقیکردنەوەی زارەکی، تاقیکردنەوەی نواندن (أداء)، چاوپێکەوتن، تۆماری دەستهاتووەکانی (تحصيل) خوێندکار، راپرسی[4].

---

[1] سامي محمد ملحم: سيكولوجية التعلم والتعليم، الأسس النظرية والتطبيقية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، 2006، ص526.

[2] جورج خليل مارون: أسس التقويم التربوي ومعاييره، ل62. محمد إبراهيم قطاوي: طرق تدريس الدراسات الاجتماعية، ل516.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل483.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل483 – 484.

## 2-3-8 هەڵسەنگاندنی پێکهێن (التكويني)

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هاوشانی پرۆسەی فێرکردن ئەنجام دەدرێت، کردەیەکی بەردەوامە، مامۆستا لە هەموو وانەیەك یان کۆتایی خوێندنی بابەتێك ئەنجامی دەدات، باوترین جۆری هەڵسەنگاندنە و زانیاری دەداتە مامۆستا کە ئایا پرۆسەی فێرکردن بە ئاراستەیەکی دروست دەڕوات یان نا؟ لەبەر رۆشنایی ئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنەدا بڕیار دەدرێت لە بەردەوامبوون، یاخود گۆڕانکاری لە شێوازی وانەوتنەوە و پێکهێنەرەکانی پرۆسەی فێرکردندا[1]. ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن هانی خوێندکار دەدات تا زیاتر پابەندبێت بە وانەخوێندن و نواندنی چالاکیی، هاوکات کەموکورتییەکان دەستنیشان دەکات، ئەمەش دەخوازێت چارەسەری گونجاو و پێشنیار بخرێتەڕوو، پراکتیزەکردنیشی پێویستی بە کارامەیی و مومارەسەی گونجاو هەیە لە لایەن مامۆستاوە[2]. ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن بۆ هێنانەدی چەند ئامانجێك ئەنجام دەدرێت، لەوانە:

1- دیاریکردنی رادەی بەدیهاتنی ئامانجە نەخشەبۆکێشراوەکان.

2- دیاریکردنی خاڵی بەهێز و لاوازی خوێندکار.

3- یارمەتیدانی خوێندکار لە پارێزگاریکردن لە زانیاری و کارامەیی و گواستنەوەی کاریگەری فێربوون.

4- دیاریکردنی ئەو بەشەی ناوەڕۆك کە خوێندکار تا ئاستی پێویست فێری نەبووە.

5- بەرزکردنەوەی ئاستی پاڵنەرایەتی خوێندکار.

6- خۆراکپێدانەوەی خوێندکار و مامۆستا دەربارەی ئاستی بەرەوپێشچوونی خوێندکار و هەڵەکانی.

7- پێشبینیکردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی کۆتایی[3].

گرنگترین ئەو ئامرازانەی لە هەڵسەنگاندنی پێکهێن بەکاردێن: پرسیاری زارەکی، پرسیاری نووسینەکی، تێبینیکردن، ئەرکیماڵەوە، پرۆژە، راپۆرت[4].

---

[1] ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل279 – 281.

[2] جورج خليل مارون: هەمان سەرچاوە، ل64 – 65.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل485.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل485 – 486. عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل192.

## 8-3-3 هەڵسەنگاندنی کۆتایی

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، کۆتایی وەرزیان سالی خوێندن ئەنجام دەدرێت، بەوەش جیادەکرێتەوە کە گشتگیرە و کۆی ناوەرۆکی بابەتی خوێندن دەگرێتەوە[1]، ئامانج لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە:

1- دیاریکردنی رادەی بەدیهاتنی ئامانجە نەخشەبۆکێشرلوەکان.

2- روونکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی و دەستهاتی خوێندکار.

3- پێدانی بڕوانامە بە خوێندکار و گواستنەوەی بۆ قۆناغێکی نوێ.

4- بەراوردکردنی سیستەم و رەگەزەکانی وانەوتنەوە و خوێندن و بڕیاردان لەسەر رادەی چالاکبوونیان.

5- روونکردنەوەی ئاستی واقیعیبوونی ئامانجە دانراوەکان کە دەخوازرێت بەدیبهێنرێن[2].

6- زانیاری پێویست دەدات بەدەستەوە سەبارەت بە کارایی پەیڕەوی خوێندن و گۆڕانکاری ئەگەر پێویست بوو[3].

گرنگترین ئەو ئامرازانەی لە هەڵسەنگاندنی کۆتایی بەکاردێن: تاقیکردنەوە، پرۆژە[4].

## 8-4 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندن

مەبەست لە ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندن ـ لەم کتێبەدا ـ ئەو رێگا و شێواز و کەرەستە و ئامرازانەن کە بەکاردێن لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتای پەیوەست بە دەرئەنجامەکانی فێربوون لە هەرسێ بواری مەعریفی، ویژدانی و دەروونجوڵەیی لە خوێندکاراندا، بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی دوای خوێندنی ناوەرۆکی فێربوون لەو بوارانەدا روویداوە، دواجاریش بڕیار دەدرێت لەسەر چالاکبوونی کۆی سیستەمی وانەوتنەوە و رادەی بەدیهاتنی ئامانجە نەخشەبۆکێشراوەکان.

---

1 محمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل520.

2 حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل487.

3 جورج خلیل مارون: هەمان سەرچاوە، ل66.

4 ماهر مفلح الزیادات ومحمد إبراهیم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل281.

پەروەدەکاران چەندین پۆلێنیان بۆ ئامرازەکانی هەڵسانگاندن کردووە، بەڵام ئێمە لێرەدا پۆلێنی ئامرازەکان دەکەین بە گوێرەی ئەو بوارەی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و لەبەر رۆشنایی ئامانجەکانی وانەوتنەوە بۆ هەرسێ بواری مەعریفی، ویژدانی و دەرونجولەیی، بێگومان ئەم پۆلێنکردنە ئاسانترینە و گونجاوترینە لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا، چونکە پێشتر لە شیکردنەوەی ناوەرۆك و ئامانجەکانی وانەوتنەوەدا هەمان پۆلێن خراوەتەروو، بەوپێیەش ئەمە وەکو تەواوکەری ئەو بەشانە دێتەبەرچاو. پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەم پۆلێنکردنە بەو مانایە نییە هەر ئامرازێك لەژێر بوارێکدا جێکراوەتەوە ئیتر بۆ هەڵسەنگاندنی بوارەکانی تر نابێت، بەڵکو زۆرێك لەو ئامرازانە بۆ هەرسێ بوارەکە گونجاون، بۆ نموونە: تێبینیکردن شێوازێکە بۆ پێوانەکردنی هەرسێ بوارەکە گونجاوە[1]، ئەمەش دەکەوێتە سەر کارامەیی مامۆستا کە چۆن بە شێواز و کەرەستەی جۆراوجۆر هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدات.

## 1-4-8 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری مەعریفی

### 1-1-4-8 تاقیکردنەوەی زارەکی

کۆنترین جۆری تاقیکردنەوەیە کە مامۆستا بەکاریهێناوە، لە کاتی وانەوتنەوە و کۆتاییدا مامۆستا لە رێگەی ئاراستەکردنی پرسیارەوە قوتابیەکان هەڵدەسەنگێنێت[2]، ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی مەعریفە و کارامەیی زمانەوانی لە گفتوگۆ، دەربڕین، خوێندنەوە، رۆڵبینین، زانینی ئاراستە و حەزی خوێندکار گونجاوە[3].

**لایەنە باشەکانی تاقیکردنەوەی زارەکی**

1- هەڵسەنگاندنی کارامەیی دەربڕین و گفتوگۆ و راشکاوی و پێکەوەبەستنی بیرۆکە و پوختەکردنی دەرئەنجام.

2- دەرفەتی قۆپیکردن نامێنێت[4].

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل496.

[2] عبدالقادر كراجة: القياس والتقويم في علم النفس، رؤية جديدة، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، 1997، ل151.

[3] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل129.

[4] جورج خليل مارون: هەمان سەرچاوە، ل48.

3- دەرفەت دەداتە خوێندکار چاودێری وەڵامی هاورێکەی بکات و سوود لە وەڵامە راستەکەی وەربگرێت.

4- خێراکپێدانــەوەی راســتەوخۆ، مامۆســتا راســتەوخۆ هەڵــەی خوێنــدکار راستدەکاتەوە[1].

5- هەندێك پێکهاتەی لایەنی دەرونی خوێندکار دەخاتەڕوو، لەوانە حەز و ئاراستە.

6- هەڵسەنگاندن دەکاتە پرۆسەیەکی بەردەوام و وا لە خوێندکار دەکات گرنگی بە وانەکانی بدات[2].

7- ئاستی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خوێندکار دەخاتەڕوو.

8- رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی نێوان خوێندکار و مامۆستایە، ئەمەش دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ مامۆستا لە کاتی ئاراستەکردنی پرسیاردا کاردانەوەی خوێندکار هەستپێبکات و کارامەیی هەڵسەنگێنێت.

9- یارمەتی مامۆستا دەدات خاڵی بەهێز و لاوازی دەستهاتی خوێندکار هەڵسەنگێنێت وئەو کەموکورتیانە دەستنیشان بکات کە لە وانەوتنەوە تووشی هاتووە[3].

**لایەنە لاوازەکانی تاقیکردنەوەی زارەکی**

1- لاوازی نەگۆڕی بە هۆی کەمی کات و ئەو پرسیارانەی ئاراستە دەکرێن.

2- هەندێکجار کاریگەر دەبێت بە خودێتی (ذاتية) مامۆستا، ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە.

3- هەنـدێکجار کاریگـەر دەبێـت بـە خـودێتی خوێنـدکار، لـە رووی جوانـدەربڕین و پوختەکردنی وەڵام، راشکاوی لە دەربڕیندا.

4- کاتی زۆری پێویستە، بە تایبەت ئەگەر ژمارەی خوێندکاران زۆربێت[4].

5- جۆراوجۆری پرسیارەکان وادەکات قورسی و سوکی تێبکەوێت، بەمەش ناتوانرێت دادپەروەری تەواو بەدیبێت[5].

---

[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل455.

[2] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل254.

[3] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل130.

[4] جورج خليل مارون: هەمان سەرچاوە، ل49.

[5] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل254.

**پێشنیاز بۆ کەمکردنەوەی لایەنە لاوازەکانی پرسیاری زارەکی**

1- بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی زارەکی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانجانەی کە بە ئامرازەکانی تر ناتوانرێت بەو شێوە گونجاوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

2- پلاندانانی پێشوەخت و دانانی ژمارەیەکی زۆری پرسیار.

3- دیاریکردنی چۆنێتی دانانی نمرەی خوێندکاران و پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی وەڵامی دروست.

4- دارشتنی پرسیارەکان بەشێوەیەک تێگەیشتنی ئاسان بێت.

5- رێکخستنی پرسیارەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی.

6- هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە کە دووربێت لە کاریگەری لاوەکی.

7- نووسینی نمرە و دیاریکردنی ئاستی خوێندکار لە کاتی تاقیکردنەوەدا.

8- پێدانی کاتی تەواو بە خوێندکار تا وەڵام بداتەوە.

9- مشتومڕنەکردن لەگەڵ خوێندکار کاتێك وەڵام دەداتەوە، بەڵکو دەبێت دەرفەتی بدرێت مەعریفە و کارامەیی خۆی بخاتەڕوو.

10- حوکمدان لەسەر مەعریفە و ئاستی نواندن (أداء)ی خوێندکار نەك لەسەر روالەت[1].

## 2-1-4-8 تاقیکردنەوەی نووسینەکی

تاقیکردنەوەی نووسینەکی بەربلاوترین شێوازی تاقیکردنەوەیە و بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبێت:

### 1-2-1-4-8 تاقیکردنەوەی گوتاری (مقالي):

ئەم جۆرەی تاقیکردنەوە پێویستی بە وەڵامی درێژ هەیە و پشت بە وەڵامی خوێندکار دەبەستێت، پێویستە خوێندکار لە وەڵامی پرسیاری گوتاری پشتببەستێت بە زانیارییەکانی مێشکی، بەهۆی پرسیاری گوتاری توانا و لێهاتوویی خوێندکار لە بیرکەوتنەوەی زانیاری، رێکخستنی بیرۆکە و دارشتنی بە گوزارشت و شێوازی خۆی، شیکردنەوەی بیرۆکە، بیری رەخنەگرانە، بەراوردکردن، پوختەکردنی بیروڕاکان د

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل131 – 132.

دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان ڕووندەبێتەوە، لەم جۆرە تاقیکردنەوەدا سەربەستی زۆر دەدرێتە خوێندکار لە چۆنێتی وەڵامدانەوە و خستنەڕووی زانیارییەکان[1]، نموونەی پرسیاری گوتاری:

- چۆن جەنگی چاڵدێران بووە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی نوێی کورد؟
- پوختەیەك بنووسە دەربارەی گرنگی پاراستنی ژینگە.
- گرنگترین بەشەکانی کۆئەندامی هەرسی مرۆڤ چین؟
- بەراورد بکە لە نێوان ئاووهەوای خولگەیی و دەریای ناوەڕاست.
- بەراورد بکە لە نێوان خانەی ڕووەکی و خانەی ئاژەڵی.

**لایەنی بەهێزی پرسیاری گوتاری**

1- ئاستی مەعریفی باڵا (شیکردنەوە، پێکهێنان و هەڵسەنگاندن) دەپێوێت.

2- سەربەستی دەداتە خوێندکار بە دەربڕینی خۆی زانیاری و بیرۆکەکان ڕێکخات، ئەمەش گوزارشتە لە تێگەیشتن و کارامەیی خەسڵەتی کەسێتی خوێندکار.

3- دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ خوێندکار کارامەیی زمانەوانی لە داڕشتن و نووسیندا بخاتەڕوو[2].

4- خوێندکار پەنا ناباتە بەر خەملاندن.

5- دانانی پێویستی بە کاتی زۆر نییە[3].

6- ئەگەری قۆپیکردن کەمە بەراورد بە تاقیکردنەوەی بابەتی.

**لایەنی لاوازی پرسیاری گوتاری**

1- پشکنینی بابەتیانە نابێت، زۆرجار هەڵەچنی و دانانی نمرە دەکەوێتە ژێر کاریگەری میزاج و هۆکاری خودێتی مامۆستا.

2- هەندێکجار وەڵامەکان درێژن، خوێندکار شتی لاوەکی دەخاتە ناو وەڵامەکان، ئەمەش کاریگەری دەروونی لەسەر خوێندکار دەبێت و تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت لە چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی ئەنجام.

---

[1] عبدالسلام عبدالله الجقندي: هەمان سەرچاوە، ل196.

[2] وليد احمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل403.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل512.

3- هەندێکجار شێوازی دارشتنی پرسیارەکان ڕوون نییە، ئەمەش وادەکات خوێندکارەکان وەلامی جیاواز بدەنەوە[1].

4- هەڵەچنی پێویستی بە کاتی زۆرە[2].

5- ژمارەی پرسیارەکان کەمە، بۆیە ناتوانرێت تەواوی پێکهاتەی ناوەڕۆك لەخۆبگرێت[3].

6- ڕێکەوت ڕۆڵدەبینێت تێیدا، جاری وا هەیە خوێندکار بەشێکی دیاریکراوی بابەتی فێربوون دەخوێنێت، بەلام لەو بەشەدا پرسیارەکە هاتووەتەوە و ئەویش وەلامەکەی دەزانێت.

7- هەندێك خوێندکار کە وەلامەکە نازانێت، بەلام شتی لاوەکی دەنووسێت، یان جواننووسە، ڕەنگە بەمەش چەند نمرەیەك بەدەستبێنێت.

8- هەندێك خوێندکار کارامەیی زمانەوانی و دارشتنی لاوازە، ئەمەش کاردەکاتە سەر نمرەکەی[4].

## پێشنیار بۆ کەمکردنەوەی کەموکورتی پرسیاری گوتاری

1- سنووردانان بۆ وەلامدانەوەی خوێندکار، بە دیاریکردنی ژمارەی لاپەڕە، یان کاتی وەلامدانەوەی هەر پرسیارێك، داواکردنی وێنە، هێلکاری، .... تاد.

2- دارشتنی پرسیار بە شێوەیەك کە ئامانجەکانی ئاستی مەعریفی بالا پێوانە بکات، نەك ئاستی لەبەرکردن.

3- دارشتنی پرسیار بە زمانێکی سادە و دروست کە هەموو خوێندکاران تێبگەن و بزانن چیان لێ داواکراوە.

4- ئەگەر بگونجێت پرسیارەکان کورت و ژمارەیان زۆربێت.

5- پێویستە ئەوە ڕوونکرابێتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەندێك شتی لاوەکی دەکرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نییە بە ئامانجەکانەوە، وەکو جواننوسی، خاڵبەندی، ڕێنووس، ... تاد.

6- دوورکەوتنەوە لە هێنانەوەی پرسیاری تەرك، چونکە پرسیاری تەرك وا لە خوێندکار دەکات پشت بە خەملاندن ببەستێت لە دیاریکردنی پرسیاری تەرك.

---

[1] ولید أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل404.

[2] شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل254.

[3] هشام یعقوب مریزیق وفاطمة حسین الفقیه: هەمان سەرچاوە، ل207.

[4] صلاح الدین محمود علام: القیاس والتقویم التربوي في العملیة التدریسیة، ل115.

3- هەندێکجار شێوازی دارشتنی پرسیارەکان روون نییە، ئەمەش وادەکات خوێندکارەکان وەڵامی جیاواز بدەنەوە[1].

4- هەڵەچنی پێویستی بە کاتی زۆرە[2].

5- ژمارەی پرسیارەکان کەمە، بۆیە ناتوانرێت تەواوی پێکهاتەی ناوەڕۆك لەخۆبگرێت[3].

6- ڕێکەوت ڕۆڵدەبینێت تێیدا، جاری وا هەیە خوێندکار بەشێکی دیاریکراوی بابەتی فێربوون دەخوێنێت، بەڵام لەو بەشەدا پرسیارەکە هاتووەتەوە و ئەویش وەڵامەکەی دەزانێت.

7- هەندێك خوێندکار کە وەڵامەکە نازانێت، بەڵام شتی لاوەکی دەنووسێت، یان جواننووسە، ڕەنگە بەمەش چەند نمرەیەك بەدەستبێنێت.

8- هەندێك خوێندکار کارامەیی زمانەوانی و دارشتنی لاوازە، ئەمەش کاردەکاتە سەر نمرەکەی[4].

## پێشنیار بۆ کەمکردنەوەی کەموکورتی پرسیاری گوتاری

1- سنووردانان بۆ وەڵامدانەوەی خوێندکار، بە دیاریکردنی ژمارەی لاپەڕە، یان کاتی وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێك، داواکردنی وێنە، هێڵکاری، .... تاد.

2- دارشتنی پرسیار بە شێوەیەك کە ئامانجەکانی ئاستی مەعریفی باڵا پێوانە بکات، نەك ئاستی لەبەرکردن.

3- دارشتنی پرسیار بە زمانێکی سادە و دروست کە هەموو خوێندکاران تێبگەن و بزانن چیان لێ داواکراوە.

4- ئەگەر بگونجێت پرسیارەکان کورت و ژمارەیان زۆربێت.

5- پێویستە ئەوە روونکرابێتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەندێك شتی لاوەکی دەکرێت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نییە بە ئامانجەکانەوە، وەکو جواننوسی، خاڵبەندی، ڕێنووس، ... تاد.

6- دوورکەوتنەوە لە هێنانەوەی پرسیاری تەرك، چونکە پرسیاری تەرك وا لە خوێندکار دەکات پشت بە خەمڵاندن ببەستێت لە دیاریکردنی پرسیاری تەرك.

---

[1] ولید أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل404.

[2] شکري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل254.

[3] هشام یعقوب مریزیق وفاطمة حسین الفقیه: هەمان سەرچاوە، ل207.

[4] صلاح الدین محمود علام: القیاس والتقویم التربوي في العملیة التدریسیة، ل115.

7- ئامادەکردنی وەڵامی نموونەیی.

8- باشتروایە زیاتر لە مامۆستایەك پشکنین و هەڵەچنی بۆ وەڵامی خوێندکاران بکات تا کاریگەری خودێتی مامۆستا نەهێڵدرێت یان کەمبکرێتەوە.

9- باشتروایە مامۆستا سەرنج و تێبینی خۆی لەسەر وەڵامی خوێندکارەکان بنووسێت و سنوورێك بۆ هەڵەکانیان دابنێت[1].

10- دانانی نمرە بەرامبەر هەر پرسیارێك و دابەشکردنی بەسەر ئەو بەشە سەرەکیانەی پێویستە لە وەڵامەکەدا هەبن.

11- پشکنین و هەڵەچنی بۆ هەر پرسیارێك لە گشت دەفتەرەکانی تاقیکردنەوەی خوێندکاران، ئەمەش گرەنتی بابەتیبوون و کەمکردنەوەی کاریگەری خودێتی مامۆستایە[2].

12- پێداچوونەوەی پرسیارەکان لە کاتی جیاوازدا.

13- پرسیارەکان نیشانی مامۆستای پسپۆڕ بدرێت، تا سەرنجی خۆی لەبارەیانەوە بخاتەڕوو.

14- نوشتاندنەوەی ناوی خوێندکار بەر لە پشکنینی دەفتەرەکان، تا مامۆستا دووربێت لە کاریگەری خودێتی[3].

## 2-2-1-4-8 تاقیکردنەوەی بابەتی:

مەبەست لە تاقیکردنەوەی بابەتی ئەو جۆرە پرسیارانەیە کە وەڵامەکەی کورت و دیاریکراوە، هەر پرسیارێك وەڵامێکی راست و دیاریکراوی هەیە و پشکنین و هەڵەچنی بە شێوەیەکی بابەتی ئەنجام دەدرێت و کاریگەری خودێتی پشکنەری لەسەر نییە، لە پشکنیندا وەڵامی نموونەیی هەیە وەکو پێوەرێك پشتی پێدەبەسترێت[4]. بە شێوەیەکی گشتیی پرسیاری بابەتی لە چوار جۆر پێکدێت، ئەوانیش: پرسیاری راست و هەڵە، هەڵبژاردن، بەیەکگەیاندن و تەواوکاری.

### لایەنی بەهێزی پرسیاری بابەتی

1- وەڵامدانەوەی پێویستی بە کاتی زۆر نییە.

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل116 – 117.

[2] وليد أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل405.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل514.

[4] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل356. محمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل526.

2- ئاسانی پشکنین و هەڵەچنی وەڵامەکان.

3- ڕاستی و نەگۆڕی و گشتگیری تێدایە، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی زانستی دانرابێت.

4- دەتوانرێت بەشی زۆری پێکهاتەی ناوەڕۆك لەخۆبگرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

5- گونجاوترین شێوازی تاقیکردنەوەیە، بە تایبەت بۆ قۆناغی سەرەتایی کە خوێندکار ناتوانێت زۆر بنووسێت.

6- گەشەپێدانی توانای بڕیاردان لە دەروونی خوێندکاردا.

7- کاریگەرنابێت بە خودێتی مامۆستا و لە هەڵەچنیدا بابەتیانەیە.

8- دەتوانرێت شیکردنەوەی ئاماری بۆ بکرێت.

9- دەگونجێت بە کۆمپیوتەر و لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتەوە هەڵەچنی بۆ بکرێت[1].

10- بۆ ژمارەی زۆری خوێندکار گونجاوە[2].

**لایەنی لاوازی پرسیاری بابەتی**

1- دانانی پێویستی بە کات و کارامەیی و ماندوبوونی زۆر هەیە.

2- ناتوانێت ئاستی ئامانجە مەعریفییە باڵاکان پێوانە بکات.

3- دەرفەتی خەملاندنی تێدایە، بە تایبەت لە پرسیاری هەڵبژاردن و ڕاست و هەڵە.

4- دەرفەت ناداتە خوێندکار بیروبۆچوون و زانیارییەکانی خۆی بنووسێت و گوزارشتی لێ بکات، بۆیە توانای فێرخواز لە ڕێکخستنی زانیاری و کورتکردنەوەی بابەتەکە و شێوازی خستنەڕووی دەرناکەوێت[3].

5- دەرفەتی گزی و قۆپیکردن زۆرە.

## یەکەم: پرسیاری ڕاست و هەڵە

لەم جۆرە پرسیارەدا، کۆمەڵێك ڕستە و دەستەواژە، کە زانیاری ڕاست یان هەڵە لەخۆدەگرن، دەخرێنە بەردەم خوێندکار، داوای لێدەکرێت بە دانانی هێمای (√) یان (X) یاخود بە نووسینی وشەی (ڕاستە) یان (هەڵەیە) بڕیار لەسەر دروستی یان نا دروستی

---

[1] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل456.

[2] مريم سليم: هەمان سەرچاوە، ل370.

[3] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل457.

ڕستە و دەستەواژەکان بدات[1]، ئەم جۆرە پرسیارە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی توانای لەبەرکردن و بیرهێنانەوەی زانیاری و ڕاستی و پێناسە و مانای چەمك و زاراوەکان[2].

نموونەی ئەم جۆرەی پرسیار:

- هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە.
- (ئێمە) جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی کۆ.
- $3 \times 5 (3-3) = 15$

## لایەنی بەهێزی پرسیاری ڕاست و هەڵە

1- دەتوانرێـت نموونـەی بەشـێکی زۆری پێکهاتـەی نـاوەڕۆك وەربگیرێـت و بەئاسانی بگونجێنرێت.

2- دانانی ئاسانترە لە جۆرەکانی تری پرسیاری بابەتی.

3- هەڵچنی کاتی زۆری ناوێت.

4- هەڵچنی بابەتیانەیە[3].

## لایەنی لاوازی پرسیاری ڕاست و هەڵە

1- ئەگەری خەمڵاندان بە ڕێژەی (50٪)ە.

2- دەرفەتی قۆپیکردن زۆرە.

3- بۆ پێوانەکردنی ئاستی مەعریفی باڵا گونجاو نییە[4].

## بنەماکانی پرسیاری ڕاست و هەڵە

1- پێویستە ڕستەکە یەك بیرۆکە لەخۆ بگرێت و دیاریکراوبێت.

2- باشتروایە شێوازی داڕشتنی پرسیارەکە هاوشێوەی داڕشتنی ناو کتێبی خوێندن نەبێت.

3- دوورکەوتنەوە لە گوزارشتی (نەرێ) لە پرسیاردا.

4- گوزارشتەکان لە ڕووی درێژی و کورتییەوە تا ڕادەیەکی زۆر یەکسان بن.

5- ئەگەر گوزارشتەکە بۆچوونی کەسێك بوو، ئاماژە بە ناوی کەسەکە بدرێت، تا خوێندکار جیاوازی بکات لە نێوان ڕاستی و بۆچوون.

---

جورج خليل ماريون: هەمان سەرچاوە، ل54.

محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل356.

حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل528.

سەرچاوەی پێشوو، ل528.

6- گرنگیدان بە پێوانەکردنی ئاستی بەرزتر لە لەبەرکردن، لە ڕێگەی نیشاندانی وێنە، هێڵکاری، نەخشە، ... تاد، پاشان پرسیار دەربارەی بکرێت.

7- دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی هیچ ئامانجێکی فێرکاری ناهێننەدی[1].

8- پرسیارێك وەڵامی پرسیارێکی تری تێدا نەبێت.

9- پرسیارەکان بە شێوەیەك ریزبەند نەکرێن خوێندکار هەڵە و راستەکان بدۆزێتەوە، بۆ نموونە: هەڵەیەك و راستێك، .... تاد، باشتر وایە هەڕەمی ریزبکرێن.

10- باشتروایە پرسیارەکان چاپ بکرێن، تا هەڵەچنی ئاسانتر بێت.

11- کەمکردنەوەی ئەگەری خەملاندن لە ڕێگەی:

- داوابکرێت خوێندکار هەڵەکان راست بکاتەوە.
- پەیڕەوکردنی یاسای "هەڵە راست بەفیڕۆ دەدات"[2][*].
- دیاریکردنی کات بۆ وەڵامدانەوە.

## دووەم: پرسیاری هەڵبژاردن

پرسیاری هەڵبژاردن باشترین جۆری پرسیاری بابەتییە، چونکە لە توانایدایە تەواوی ئاستە مەعریفییەکان پێوانە بکات، هەر لە لەبەرکردنەوە تا هەڵسەنگاندن، بەڵام ئەم جۆرە پرسیارە پێویستی، بە شارەزایی و کارامەیی مامۆستا هەیە[3]. پرسیاری هەڵبژاردن لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم: رستەیەك یان گوزارشتێکە تایبەتە بە گرفتێك و پێیدەوترێت بناغە. بەشی دووەم: جێدارەکان (بدائل) کە لە (3 – 6) وەڵام پێکدێت و داوا لە خوێندکار دەکرێت وەڵامی راست یان راستترین ڕێگاچارەی گونجاو هەڵبژێرێت، جاری واش هەیە جێدارەکان یەکێکیان نەبێت ئەوانی تر هەموو راستن، لەم حاڵەتەدا داوا لە خوێندکار دەکرێت وەڵامە هەڵەکە دەستنیشان بکات[4]. نموونەی ئەم جۆرە پرسیارە:

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل108 – 109.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل529 – 530.

[*] راجیایی هەیە لە نێوان پەروەردەکان دەربارەی پەیڕەوکردنی ئەو دوو خاڵە، کە ئایا چەند پەروەردەین؟

[3] محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: هەمان سەرچاوە، ل465.

[4] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل533.

- له رووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە، گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە.
- کەرکووك
- هەولێر
- سلێمانی
- دهۆك

## لایەنی بەهێزی پرسیاری هەڵبژاردن

1- دەتوانێت تەواوی ئاستە مەعریفییەکان پێوانە بکات.

2- راستی و نەگۆڕی لە ئاستێکی بەرزدایە.

3- هەڵەچنی و دانانی نمرە بابەتیانەیە.

4- رێژەی خەملاندن لاوازە، ئەگەر جێدارەکان چوار دانە بن ئەوا رێژەی خەملاندن (٪25)ە.[1]

5- هەڵەچنی ئاسانە.

6- دەتوانێت بەشێکی زۆری پێکهاتەی ناوەرۆك لەخۆبگرێت و لە تاقیکردنەوەدا بهێنرێتەوە.[2]

## لایەنی لاوازی پرسیاری هەڵبژاردن

1- دانانی پێویستی بە کارامەیی و کاتی زۆرە.

2- ئابوورییانە نییە، رووبەرێکی زۆری کاغەزی تاقیکردنەوە داگیر دەکات.

3- ناتوانێت هەندێك توانا و کارامەیی خوێندکار پێوانە بکات، لەوانە کارامەیی دەربڕین و رێکخستن و پێکەوەبەستنی بیرۆکە.

4- وەڵامدانەوەی پێویستی بە کاتی زۆرە.

5- ئەگەری گزی و قۆپیکردن زۆرە.[3]

## بنەماکانی دانانی پرسیاری هەڵبژاردن

---

...ید أحمد جابر: هەمان سەرچاوە، ل49.

...ن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل542.

...رچاوەی پێشوو، ل543.

1- پێویستە برگەی سەرەکی، واتە بناغە لە یەک گرفت پێکهاتبێت و ڕوونبێت و خوێندکار بە ئاسانی تێی بگات.

2- کورت و پوخت بێت و وشەی زیادەی تێدانەبێت و هەڵەی زمانەوانی تێدانەبێت.

3- باشترە پرسیارەکە (نەرێ) نەبێت[1].

4- هیچ ئاماژەیەکی وەڵامی ڕاست لە برگەی سەرەکیدا نەبێت[2].

5- برگەی سەرەکی و جێدارەکان لە ڕووی ڕێزمانییەوە هاوشێوە بن، بە تایبەت لە کاتی بەکارهێنانی جێناوەکان[3].

6- پێویستە جێدارەکان لەیەکترەوە نزیک بن و وا لە خوێندکار بکات بەر لە گەیشتنە بژارەی کۆتایی پشکنین بۆ هەموو ئەگەرەکان بکات.

7- نابێت جێدارەکان گوزارشت بن لە بۆچوون.

8- درێژی جێدارەکان هاوسەنگی تێدابێت، تا نەبنە ئاماژە بۆ وەڵامی ڕاست.

9- جێدارەکان بە شێوەی هەڕەمەکی دابنرێن.

10- بە زمانێکی سادە داڕێژرابن و تێگەیشتنیان ئاسان بێت.

11- ژمارەی جێدارەکان لە نێوان (4 – 6) دانە بێت[4].

## سێیەم: پرسیاری بەیەککەیاندن (جوتکردن)

پرسیاری بەیەککەیاندن لە دوو لیست پێکدێت، هەردوو لیستەکە بە شێوەی دوو ستوون بەرامبەر یەکتر دادەنرێن، هەر ڕەگەزێك یان ڕستە و گوزارشتێك لە لیستی یەکەم، لەگەڵ وەڵامێکی لیستی دووەم و کۆك و تەبا دەبێت، بە لیستی یەکەم دەوترێت (پێشەکییەکان)، بە لیستی دووەمیش دەوترێت (وەڵامەکان)[5].

### لایەنی بەهێزی پرسیاری بەیەککەیاندن

1- دانان و هەڵچنی ئاسانە.

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل104.

[2] شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل261.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل550.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل549.

[5] محمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل530.

2- هەڵچنی بابەتیانەیە.

3- دەرفەتی خەملاندن کەمترە بەراورد بە پرسیاری راست و هەڵە.

4- گونجاوە بۆ خوێندکاری قۆناغی بنەڕەتی.

5- مانی خوێندکار دەدات گرنگی بە پەیوەندی نێوان دیاردەکان بدات.[1]

**لایەنی لاوازی پرسیاری بەیەکگەیاندن**

1- زۆر بە کەمی ئاستی مەعریفی باڵای پێ دەپێورێت.

2- ئەگەری گزی و قۆپیکردن بەهێزە.

3- ئابووریانە نییە، رووبەرێکی زۆری کاغەزی تاقیکردنەوە داگیردەکات[2].

**بنەماکانی پرسیاری بەیەکگەیاندن**

1- پێویستە زانیاری تەواو بخرێتەڕوو دەربارەی چۆنێتی وەڵامدانەوە، ئایا لە ستوونی دووەم یەک وەڵامی راست هەیە، یان راستترین وەڵام هەیە.

2- پێویستە لە لیستی وەڵامەکان، وەڵامی گونجاو هەبێت بۆ هەموو پێشەکییەک لە لیستی یەکەم.

3- باشتروایە ژمارەی پرسیارەکان، یان رەگەزەکان لە (10) دانە زیاتر نەبێت، بۆ قۆناغی سەرەتایش باشترە کەمتر بێت.

4- پێویستە ژمارەی وەڵامەکانی لیستی دووەم دانەیەک یان دووانی زیاتر بێت لە لیستی یەکەم.

5- دەبێت کۆی رەگەزەکان لە یەک بواردا بن، ئەگەرنا دەرفەت دەدرێتە خوێندکار بۆ دۆزینەوەی وەڵام یان خەملاندن.

6- باشتروایە لیستی وەڵامەکان کورتتربێت لە لیستی پێشەکییەکان و هیچیان هەڵەی زمانەوانی تێدا نەبێت.

7- باشتروایە لیستی لای چەپ (وەڵامەکان) بە زنجیرەی پیتی ئەبجەدی، کات، ژمارە، یان هەر جۆرێکی تر رێکبخرێت کە ئاماژەی تیدا نەبێت بۆ وەڵامی دروست.

---

1 حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل558 – 559.

2 سەرچاوەی پێشوو، ل559.

8- دەبێت هەردوو ستوونەکە لە یەك لاپەڕە و بەرامبەر یەکتردا دابنرێن، نەك ستوونی یەکەم لە لاپەڕەی یەکەم و ستوونی دووەم لە لاپەڕەی دووەم. یان بەشێکی ستوونەکە بکەوێتە لاپەڕەی دووەم.[1]

**چوارەم: پرسیاری تەواوکاری**

ئەم جۆرە پرسیارە بۆ تاقیکردنەوەی خوێندکارە لە وشە، زاراوە، ناوی شوێن، کەسایەتی، هێما، ژمارە، ... تاد، ئەمیش دوو شێوەی هەیە، شێوەی یەکەم: پرسیار ئاراستەی خوێندکار دەکرێت و داوای لێدەکرێت وەڵامی بداتەوە، بۆ نموونە:

- پایتەختی عێراق چ شارێکە؟
- چ وڵاتێك لە ڕۆژهەڵاتەوە دراوسێی هەرێمی کوردستانە؟

شێوەی دووەم: پرسیارەکە لە شێوەی بڕگە یان ڕستە دەدرێتە خوێندکار و داوا لە خوێندکار دەکرێت بە وشەیەك یان چەند وشەیەکی گونجاو بۆشاییەکە پڕبکاتەوە[2]. بۆ نموونە:

- ئەگەر دوو گۆشەی سێگۆشەیەك یەکسان بن، بەو سێگۆشەیە دەوترێت ............
- شاری ............ گەورەترین شاری هەرێمی کوردستانە لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە.

**لایەنی بەهێزی پرسیاری تەواوکاری**

1- دانان و هەڵەچنی ئاسانە.

2- هەڵەچنی بابەتیانەیە.

3- گشتگیرە و دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ بەشێکی زۆری پێکهاتەی ناوەڕۆك بکرێت[3].

4- خەملاندن نییە یان زۆر لاوازە.

5- گونجاوە بۆ پێوانەکردنی توانای خوێندکار لە پەیوەستکرنی هۆکار و ئەنجام، هەڵێنجان، مامەڵەکردن لەگەڵ هێما و گەیشتنە ئەنجام[1].

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل111 - 112.

[2] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل112.

[3] محمد إبراهيم قطاوي: هەمان سەرچاوە، ل535.

**لایەنی لاوازی پرسیاری تەواوکاری**

1- قۆپیکردن ئاسانە.

2- زۆرتر جەخت لەسەر لەبەرکردن دەکاتەوە.

**بنەماکانی پرسیاری تەواوکاری**

1- دەبێت پرسیارەکە سنووردار و روون بێت.

2- باشتروایە بۆشاییەکە لە کۆتایی رستەکەدا بێت.

3- پێویستە یەکدەنگی هەبێت لەسەر وەڵامە راستەکان.

4- لە هەر پرسیارێك لە دوو بۆشایی زیاتر داوا نەکرێت[2].

5- باشتروایە بۆشاییەکان هێندەی یەك بن، تا ئەوە لای خوێندکار نەبێتە ئاماژە بۆ وەڵام.

6- پرسیارەکە دەقاودەق لە کتێبی خوێندنگە نەگوێزرابێتەوە.

7- هیچ ئاماژەیەکی وەڵامی تێدا نەبێت[3].

**سەرنج:**

هەندێك شێوازی هەڵسەنگاندن هەیە، کە بە شێوەیەکی سنووردار و لە هەندێك بابەت بەکاردێن، لەوانە:

1- ریزبەندکردن: کۆمەڵێك وشە، ناو، دەستەواژەی ناڕێکخراو دەدرێتە خوێندکار و داوای لێدەکرێت بە گوێرەی گرنگی، کاتی دەرکەوتنی، .... تاد ریزیان بکات. بۆ نموونە:

- ئەم شارانە بەپێی زۆری ژمارەی دانیشتوان ریزبەند بکە.
- دهۆك
- بەغداد
- سلێمانی
- هەولێر

---

صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل112.

شكري حامد نزال: هەمان سەرچاوە، ل264.

صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل113 – 114.

– کەرکووک

2– نەخشە، وێنە یان شێوەیەك دەدرێتە خوێندکار داوای لێدەکرێت ناوی بەش، شوێن، یان هەر زانیارییەکی تر کە مامۆستا بە پێویستی دەزانێت بینووسێت[1]. بۆ نموونە:

– ئەمەی بەردەستت نەخشەی بێدەنگی یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکانە. وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە لەسەری:

– ناوی ئەو وڵاتە چییە؟

– سیستمی حوکمڕانی چییە؟

– پایتەختەکەی کوێیە؟

3– ئەرکی ماڵەوە: مەبەست لەو چالاکییانەیە خوێندکار لە ماڵەوە ئەنجامی دەدات، پێویستە لە پێدانی ئەرکی ماڵەوە رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

– پێشوەخت لەبەر رۆشنایی ئەم پرسیارانە پلانی بۆ دارێژرابێت: ئامانج چییە لەو ئەرکە؟ ئەو ئەرکە چییە کە دەبێت قوتابی ئەنجامی بدات؟ چۆن ئەنجامی دەدات؟ چەند کاتی پێویستە؟

– رێنمایی تەواو بدرێتە خوێندکار دەربارەی جێبەجێکردنی ئەرکەکە.

– ئەرکەکە بۆ هەموو خوێندکاران یەك شێوەبێت.

– ئەنجامدانی کاتی زۆر نەخایەنێت.

– لەگەڵ توانای خوێندکار گونجاوبێت، بەشێوەیەك خۆی بە بێ هاوکاری کەسوکاری ئەنجامی بدات.

– جۆراوجۆری رەچاو بکرێت، نەك تەنها ئەرکەکە نووسین بێت.

– نمرەی هەر چالاکییەك روون بێت.

– لەبەر رۆشنایی چەند پێوەرێکی بابەتی هەڵەچنی و پشکنینی بۆ بکرێت.

– خۆراکپێدانەوە بدرێتە خوێندکار[2].

---

[1] عبدالقادر کراجة: هەمان سەرچاوە، ل167 – 168.

[2] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل574.

## 2-4-8 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری دەروونجوڵەیی

مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتیی گرنگی بە هەڵسەنگاندنی بواری مەعریفی دەدەن، زۆرجار هەردوو لایەنی دەروونجوڵەیی و ویژدانی پەراوێز دەخەن، یان گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادەن، بێگومان لایەنی دەروونجوڵەیی پێکهاتەیەکی سەرەکی کەسایەتی خوێندکارە، بۆیە هەوڵدەدەین لێرەدا باس لە هەڵسەنگاندنی ئەو بوارە بکەین[1].

### 1-2-4-8 هەڵسەنگاندنی نواندن (أداء– Performance ) و دەرئەنجام (Product)

مەبەست لە هەڵسەنگاندنی نواندن ئەوەیە کە داوا لە خوێندکار دەکرێت کردەیەک یان چالاکییەک ئەنجام بدات و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی نواندن و کارامەیی بکرێت بە گوێرەی چەند پێوەرێک کە پێشتر دانراون، بۆ نموونە: ئەنجامدانی گفتوگۆ بە زمانی بیانی، مۆسیقاژەنین، نەخشەکێشان، شیکردنەوەی پرسیارێکی بیرکاری، پێشکەشکردنی وتار، لێخوڕینی پاسکیل، تاقیکردنەوە لە تاقیگە، ... تاد. دەرئەنجامیش هەڵسەنگاندنی بەرهەم و ئەنجامی چالاکیی یان کاری خوێندکارە کە ئەنجامیداوە، بۆ نموونە: توێژینەوە، ئیشی دەست، وێنەی ئەندازەیی، پەیکەرتاشی، کردنەوەی پێشانگا، .... تاد. هەندێک چالاکیش هەیە لەسەر بنەمای نواندن و دەرئەنجام هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، وەکو چاپکردن لەسەر کۆمپیوتەر، هەڵسەنگاندیش لەسەر بنەمای خێرایی و وردی لە ئەنجامدانیدا دەکرێت[2].

هەڵسەنگاندنی نواندن و دەرئەنجام پێویستی بە مامۆستای کارامە هەیە، دەبێت مامۆستا بەرچاوڕۆشن بێت پێوانەی چی دەکات، نواندنەکە شیبکاتەوە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی، بە شێوەی گونجاو نمرە و کێش بۆ پێکهێنەرەکان دانێت، دەبێت دڵنیابێت لەوە نواندن سەرەکییە یان دەرئەنجام، بۆ نموونە: خوێندکار راپۆرتێک لە بابەتە

---

[1] پێشتر لە باسی ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری مەعریفی باسمان لە پرسیاری زارەکی کرد، بێگومان بەهۆی پرسیاری زارەکی وێڕای ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ بواری مەعریفی دەکرێت، هەڵسەنگاندنیش بۆ کارامەیی زمانەوانی و گفتوگۆ و دەربڕین دەکرێت، بۆیە بە پێویست نەزانراوە لێرەدا دووبارە بکرێتەوە

[2] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل577.

کۆمەڵایەتییەکان ئامادە دەکات. لێرەدا ناوەڕۆك و دەرئەنجام گرنگترە لە شێوازی خستنەڕوو، پێویستە ناوەڕۆك نمرەی زۆرتری لەسەر بێت، بە گشتیی پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندنی نواندن و دەرئەنجام رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1- دیاریکردنی ئامانجی دەروونجوڵەیی.

2- دیاریکردنی ئەو ئەرکەی دەبێت ئەنجام بدرێت، نواندن یان دەرئەنجام، ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئامانجە دارێژراوەکان.

3- دیاریکردنی مەرج و دۆخی ئەنجامدانی کارەکە، مەبەست لە دۆخ، کات و شوێن و ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێن، ئەنجامدانی کارەکە تاکییە یان کۆمەڵی.

4- پێدانی رێنمایی روون و پێویست بە خوێندکار.

5- دیاریکردنی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن.

6- پێداچوونەوەی کار و چاکسازیکردن ئەگەر پێویست بوو[1].

**لایەنی بەهێزی هەڵسەنگاندنی نواندن و دەرئەنجام**

1- گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای خوێندکار لە نواندنی ئەو کارامەییانەی لە هەڵوێستی واقعیدا فێری بووە.

2- هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەیە.

3- یارمەتیدەری گواستنەوەی کاریگەری فێربوونە بۆ بوارەکانی ژیان.

4- سەرکەوتن لە نواندنی کارامەیی، متمانەی خوێندکار بەخۆی زیاد دەکات[2].

**لایەنی لاوازی هەڵسەنگاندنی نواندن و دەرئەنجام**

1- تەنها نموونەیەکی نواندنی کارامەییە کە پێویستە پێوانە بکرێت.

2- پێویستی بە کاتی زۆرە.

3- بەشێوەیەکی تاکی جێبەجێدەکرێت.

4- تێچوونی زۆرە، پێویستی بە ئامراز و کەرەستەیە.

5- ئامادەکردنی قورسە و پێویستی بە مامۆستای کارامە و لێهاتوو هەیە[3].

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل139 - 142.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل585.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل586.

## 2-2-4-8 شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری هەڵسەنگاندنی نواندن

**یەکەم: تێبینیکردن** (الملاحظة):

مەبەست لە تێبینیکردن تۆمارکردنی نواندنی خوێندکارە لە کاتی نواندنی کارامەیی بە شێوەیەکی راستەوخۆ، خاڵی بەهێزی تێبینیکردن لەوەدایە کە بە ئاسانی جێبەجێدەکرێت و تێچوونی کەمە و زانیاری دەربارەی خوێندکارەکە دەداتە مامۆستا، خاڵی لاوازیشی ئەوەیە کە پلەی راستیی کەمە و کاریگەر دەبێت بە هۆکاری خودیتی. بۆ ئەوەی ئامانجی خۆی بپێکێت، پێویستە لە کاتی پەیڕەوکردنی شێوازی تێبینیکردن ڕەچاوی ئەم چەند خاڵە بکرێت:

- دیاریکردنی ئەو نواندنەی دەویسترێت تێبینی بکرێت.
- لە یەك کاتدا تێبینی دوو ڕەفتاری نوێندراو نەکرێت.
- دەرئەنجام و گشتاندن و بڕیار بخرێتە دوای قۆناغی تێبینیکردن.
- تێبینیکەر بەشداری نەکات لە هەڵوێستە نوێندراوەکەدا.
- تۆمارکردنی تێبینییەکان لە کاتی ڕوودانی و دوانەخستنی.
- زیاتر لە کەسێك تێبینی نواندنەکە بکات[1].

**دووەم: لیستی وردبینی (Check List)**

لیستێکە کۆمەڵێك بڕگە لەخۆدەگرێت کە پەیوەستە بە نواندنی کارامەییەوە، لە بەرامبەر هەر بڕگەیەکیشدا بە (بەڵێ) و (نەخێر)، یان (ئەنجامدرا) و (ئەنجامنەدرا) ئاماژە بە نواندنی کارامەییەکە دەدرێت[2]. بۆ نموونە: کارامەیی وێنەکێشان، مۆسیقاژەنین، وتارنووسین، بەکارهێنانی مایکرۆسکۆپ، ... تاد.

خاڵی بەهێزی لیستی وردبینی لەوەدایە زانیاری دەداتە مامۆستا دەربارەی لایەنی لاواز و بەهێزی نواندنی خوێندکار، بەمەش دەزانێت خوێندکار چی فێرنەبووە تا پلانی چارەسەری بۆ دانێت و فێری بکات. خاڵی لاوازیشی ئەوەیە لەوەدا کورتهەڵاتووە کە نواندنەکە ئەنجامدراوە یان نا، ئیتر ئاستی نواندنەکە دیاری ناکات[3]. شێوەی (24) نموونەی لیستی وردبینی تایبەت بە کارامەیی وێنەکێشان[4].

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل589 - 590.

[2] محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، ل360.

[3] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل151.

[4] بە دەستکارییەوە وەرگیراوە لە: صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل150.

| | | |
|---|---|---|
| ناوی خوێندکار                    پۆل و لق: | | |
| مێژووی تۆمارکردن: | | |
| کارامەیی نوێندراو | بەڵێ | نەخێر |
| 1- پلانی دانا بۆ وێنەکێشان. | | |
| 2- کەرەستە پێویستەکانی جیاکردەوە. | | |
| 3- رەنگەکان بە شێوەی گونجاو بەکاردێنێت. | | |
| 4- گرنگی بە پاکڕاگرتنی شوێنەکە دەدات. | | |
| ئەنجام: | | |
| سەرنجی مامۆستا: | | |

شێوەی (24) لیستی وردبینی تایبەت بە کارامەیی وێنەکێشان

## سێیەم: پێوەری پلەبەندی (Rating Scales)

هاوشێوەی لیستی وردبینی، لیستێك ئامادە دەکرێت کۆمەڵێك برگە لەخۆدەگرێت پەیوەستە بە نواندنی کارامەییەوە، بەڵام لەمەدا پێوەری پلەبەندی سیانی یان پێنجی دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاستی نواندنەکە[1]، ئاستی پێوەرەکەش دەگونجێت ژمارەیی بێت (1، 2، 3، 4، 5) یان پۆلێنی وەسفی بێت (لاواز، پەسەند، باش، زۆر باش، نایاب)، یان دەگونجێت هەردووکیان پێکەوە بنووسرێن[2]، لێرەدا نموونەی شێوەی (24) کە پێشتر خرایەڕوو وەردەگرین و بەپێی پێوەری پلەبەندی ژمارەیی دەیخەینەڕوو. شێوەی (25) پێوەری پلەبەندی تایبەت بە کارامەیی وێنەکێشان نیشان دەدات.

---

[1] محمد محمود الحیلة: مهارات التدریس الصفي، ل361.

[2] حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل595.

| کارامەیی نوێندراو | ئاستی نواندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی خوێندکار — پۆل و لق: | | | | | |
| مێژووی تۆمارکردن: | | | | | |
| | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |
| 1- پلانی دانا بۆ وێنەکێشان. | | | | | |
| 2- کەرەستە پێویستەکانی جیاکردەوە. | | | | | |
| 3- ڕەنگەکان بە شێوەی گونجاو بەکاردێنێت. | | | | | |
| 4- گرنگی بە پاکڕاگرتنی شوێنەکە دەدات. | | | | | |
| ئەنجام: | | | | | |
| سەرنجی مامۆستا: | | | | | |

## شێوەی (25) پێوەری پلەبەندی تایبەت بە کارامەیی وێنەکێشان

خاڵی بەهێزی پێوەری پلەبەندی ئەوەیە کە ئاستی نواندنی خوێندکار بە شێوەیەکی ورد دیاریدەکات، دەرفەتیش دەداتە مامۆستا ئاستی نواندنی خوێندکار بزانێت و لاوازییەکانیشی دەستنیشان بکات و چارەسەری بۆ دابنێت، هاوکات بەهۆیەوە دەتوانرێت بەراوردی ئاستی نواندنی خوێندکار بە نواندنی خۆی لە کاتێکی تردا و بە نواندنی هاوڕێکانی بکرێت[1]. بەڵام هەندێکجار مامۆستاکان لە دانانی پلەدا ورد نین و پلەی ناوەند دەدەنە زۆربەی خوێندکارەکان، یان مامۆستا دەکەوێتە ژێر کاریگەری شتی لاوەکی لە نمرەدانان، یان هەندێك مامۆستا دەستکراوەن لە پێدانی نمرە یان بە پێچەوانەوە[2].

---

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل597.

[2] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل192 – 193.

## 3-4-8 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری ویژدانی

لایەنی ویژدانی پێکهێنەرێکی سەرەکی کەسایەتی خوێندکارە، هەرچەندە لە خوێندنگەکانی کوردستان وەك پێویست گرنگی بەم لایەنەی کەسایەتی نەدراوە، بەڵام لە بواری پەروەردەدا گرنگی بواری ویژدانی هاوشانی هەردوو لایەنی مەعریفی و دەرونجوڵەییە، بە هەرسێ بوارەکە تاکێکی هاوسەنگ و تەواو دروست دەبێت. لە بەشەکانی پێشتر باسی پێکهاتەی لایەنی ویژدانی کرا، ئاماژەش بەوە درا حەز و ئاراستە و پاڵنەری دەرونی خوێندکار چ رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون. پەروەردەکارانیش هاوڕان کە دید و تێڕوانینی خوێندکار و حەز و ئارەزووی بەرامبەر قوتابخانە و بابەتی خوێندن و مامۆستا رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پەروەردەدا، رەنگە ببنە هۆکاری سەرکەوتن یان شکستی پرۆسەکە.

هەستی ئەرێنی خوێندکار بەرامبەر وانەیەکی دیاریکراو، رەنگە هۆکارێکی یارمەتیدەری بێت خێرا و ئاسانتر فێربێت بەراورد بە وانەیەك کە ئاراستەیەکی نەرێنی بەرامبەری هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سیستمی خوێندنی کوردستان، گرنگی بە هەڵسەنگاندنی لایەنی ویژدانی نادرێت، ئەوەی هەیە لە چەند حاڵەتێکدا سەرنج و تێبینی تایبەتی مامۆستایە لەسەر هەندێك هەڵسوکەوتی خوێندکار، کە رەنگە بڕیارێکی تایبەت بە خوێندکاری لێبکەوێتەوە، ئیتر بڕیارەکە بووبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوونی خوێندکار یان نا. لێرەوە پێویستی گرنگیدان بە هەڵسەنگاندنی لایەنی ویژدانی هێندەی تر خۆی دەسەپێنێت، بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکە زانستی بێت، باشترە باس لە شێواز و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنی بواری ویژدانی بکەین، تا مامۆستای کارامە پیادەی بکات.

**یەکەم: تێبینیکردنی رێکخراو:**

مەبەست لە تێبینیکردنی رێکخراو دروستکردنی فۆرمێکی پۆلێنکردنی ئەو رەفتارانەیە کە چاوەڕوان دەکرێت خوێندکار بینوێنێت، ئەم شێوازی هەڵسەنگاندنە قورس نییە، بەڵام پێویستی بە ئەزموون و کارامەیی هەیە، دەبێت لە سەرەتاوە ئامانج لە تێبینیکردنەکە روون بێت، کات و شوێنی تێبینیکردنەکەش دیاری بکرێت، تا ئامانجەکان لە چوارچێوەی سنووری کات و شوێنی رەفتارە نوێندراوەکە شیکرنەوەیان بۆ بکرێت[1]. فۆرمی

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل185.

تێبینیکردنەکەش لە شێوەی لیستی وردبینی، یان پێوەری پلەبەندی ئامادە دەکرێت.

شێوەی (26) فۆرمی تێبینیکردنی حەزی زانستی خوێندکارە کە بە شێوەی لیستی وردبینی ئامادەکراوە[1].

ناوی خوێندکار                    پۆل و لق:

مێژووی تۆمارکردنی تێبینی:

| ڕەفتاری تێبینیکراو | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| 1- بابەتی زانستی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەخوێنێتەوە. | | |
| 2- پرسیار بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر دەکات. | | |
| 3- لە پۆلدا بە گەرموگوڕییەوە بەشداری گفتوگۆی بابەتە زانستییەکان دەکات. | | |
| 4- بەشداری یانە و کۆمەڵە زانستییەکان دەکات. | | |
| 5- لەسەر ئەرکی خۆی کەرەستەی زانستی دەکڕێت. | | |
| 6- پێشوازی لە وانە زانستییەکان دەکات. | | |
| 7- سەردانی دامەزراوە زانستییەکان دەکات. | | |
| 8- بەشداری گەشتی زانستی دەکات. | | |

ئەنجام:

سەرنجی مامۆستا:

**شێوەی (26) فۆرمی تێبینیکردنی حەزی زانستی خوێندکار بە شێوازی لیستی وردبینی**

[1] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل623.

### خاڵی بەهێزی تێبینیکردنی ڕێکخراو

1- یارمەتیدەرە لە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی لایەنی ویژدانی خوێندکار بە شێوەیەکی ورد کە نەگۆڕی و راستی تێدا بەهێزە.

2- بۆ هەڵسەنگاندنی کەسی تەمەن جیاواز گونجاوە.

3- لە هەڵوێستی راستەقینەدا ئەنجامدەدرێت.[1]

### لایەنی لاوازی تێبینیکردنی ڕێکخراو

1- ئەگەر مامۆستا شارەزایی نەبێت دەربارەی ئاستی گەشەی منداڵ، رەنگە شیکردنەوەی ئەنجامەکانی دروست نەبن.

2- ئەگەر ئامانجە ویژدانیەکە بە وردی پێشتر دانەڕێژرابێت، ئەوا ناتوانرێت پێوانەی هاتنەدی ئەو ئامانجە بە وردی بکرێت.

3- هەندێکجار لەسەر تۆمارکردنی یەک هەڵوێست ئەنجامگیری هەڵە دەکرێت، کە رەنگە خوێندکار یەکجار ئەو رەفتارە بنوێنێت و دووبارەی نەکاتەوە.

4- رەچاونەکردنی ئەو دۆخەی رەفتارە نوێندراوەکەی تێدا نوێندراوە مامۆستا دەخاتە هەڵەوە لە لێکدانەوەی رەفتارەکە.

5- کاریگەربوون بە پێشبینی مامۆستا بۆ خوێندکار، هەندێکجار مامۆستا لە جیاتی تۆمارکردنی رەفتاری نوێندراو، پێشبینی خۆی بۆ هەندێک خوێندکار لە فۆرمەکە تۆمار دەکات.

6- تۆمارنەکردنی تێبینییەکان بە وردی، بە تایبەت ئەگەر لە کاتی نواندنی رەفتارەکە تۆمار نەکرێت و دوابخرێت، رەنگە هەڵەی تێبکەوێت.

7- حەزی مامۆستا بۆ بەدەستهێنانی رێژەیەکی ویستراو لە ئەنجام، رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر تۆمارکردنی تێبینییەکان.[2]

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل184.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل185 – 186.

## دووەم: ڕاوەرگرتن (الاستبيان):

ڕاوەرگرتن یەکێکە لە شێوازە هەرە گونجاوەکانی هەڵسەنگاندنی بواری ویژدانی خوێندکار، ڕاوەرگرتن پێویستی بە مامۆستای کارامە و لێهاتوو هەیە، بەهۆیەوە دەتوانرێت دیدو تێڕوانینی خوێندکار دەربارەی ڕووداوێك، شتێك، بابەتێکی دیاریکراو بزانرێت. ئەم فۆرمە مامۆستا بڕگەکانی بە شێوەیەکی کورت و ئامانجدار ئامادە دەکات، خوێندکار ئاستی ڕەزامەندی یان تێڕوانینی خۆی لە بەرامبەردا نیشاندەدات[1].

فۆرمی ڕاوەرگرتن دەگونجێت لە جۆری کراوەبێت، لەم جۆرەدا پرسیارێك یان چەند پرسیارێك ئاراستەی خوێندکار دەکرێت، کە بە هۆیەوە ئامانجێك یان چەند ئامانجێکی ویژدانی دیاریکراو پێوانە دەکرێت، خوێندکاریش بە گوزارشتی خۆی وەڵام دەداتەوە[2]، بۆ نموونە:

- هەستت چۆنە کاتێك ئەرکی ماڵەوەی تایبەت بە بابەتی فیزیا ئەنجام دەدەیت؟

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

- تێڕوانینت چییە دەربارەی ئەو وتارەی ئەمڕۆ بە بۆنەی ڕۆژی ژینگە شارەزایەکی بواری ژینگە لە قوتابخانەکەمان پێشکەشی کرد.

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

- ئەگەر یەکێك لە هاوڕێکانت داوات لێبکات باڵندەی ماڵی بەخێوبکەن، هەڵوێستت چی دەبێت؟ بۆچی ئەو هەڵوێستەت دەبێت؟

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

.......................................................................................

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل193.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل611.

لایەنی لاوازی راوەرگرتنی کراوە ئەوەیە کە خوێندنەوەی کاتی زۆری پێویستە. بۆیە لە بەرامبەر ئەمەدا جۆری راوەرگرتنی داخراو زۆرتر پەیڕەوی لێدەکرێت و خوێندکار ئەو بڕارەیە دیاری دەکات کە گوزارشت لە دیدو تێڕوانینی دەکات[1].

زانا و لێکۆڵەرانی بواری پەروەردە و دەروونناسی چەندین شێوازی راوەرگرتنیان بەکارهێناوە بۆ هەڵسەنگاندنی پێکهێنەرەکانی لایەنی ویژدانی، بە تایبەتیش حەز و ئاراستە[2]، زۆرێکیش لەو شێوازە ئامادە (المقننة) و رێکخراوانەش لە ئێستادا لە بواری پەروەردە و دەروونناسی پەیڕەوی لێدەکرێت، کە دەرفەتی ئەوە نییە بە درێژی باسیان لێوە بکەین، لێرە وەکو نموونە شێوازی (لیکەرت[*]) بۆ پێوانەکردنی ئاراستە باس دەکەین.

شێوازی (لیکەرت) ئاسانترین و بەربڵاوترین رێگایە بۆ پێوانەکردنی ئاراستە، فۆرمەکە پێکدێت لە چەند بڕگەیەك کە تێڕوانینی خوێندکارە بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو، هەندێك لە بڕگەکان بە گوزارشتی ئەرێنی و ئەوانی تر بە گوزارشتی نەرێنی دادەڕێژرێن، لە بەرامبەر هەر بڕگەیەکیش (3) یان (5) بڕارە لەبەردەم خوێندکاردایە، ئاماژەدان لە هەر بڕارەیەك نیشانەی ئاستی رەزامەندی یان دژبوونی خوێندکارە بەرامبەر ئەو بابەتە[3].

ئەگەر پێوەرە پلەبەندییەکە (5) بوو، ئەوا بۆ گوزارشتە ئەرێنییەکە (5) نمرە دادەنرێت بۆ پلەی بە تەواوەتی هاوڕام، (4) نمرە بۆ هاوڕام، (3) نمرە بۆ بێلایەن، (2) نمرە بۆ دژم، (1) نمرە بۆ بەتەواوی دژم. بۆ گوزارشتە نەرێنییەکانیش، (5) نمرە دادەنرێت بۆ پلەی بە تەواوی دژم، (4) نمرە بۆ دژم، (3) نمرە بۆ بێلایەن، (2) نمرە بۆ هاوڕام، (1) نمرە بۆ بە تەواوی هاوڕام. کۆی نمرەی کۆتایش ئاماژەیە بۆ ئاراستەی خوێندکار بەرامبەر ئەو بابەتە[4]. خاڵی بەهێزی شێوازی لیکەرت لەوەدایە کە ئامادەکردن و پشکنینی ئاسانە و

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل193 – 195.

[2] ئەو شێوازە باوانەی بۆ پێوانەکردنی ئاراستە بەکاردێن پێوەری: (لیکەرت Likert)، (سێرستۆن Thurstone)، (گوتمان Guttman)، ... تاد. ئەو شێوازانەش کە بۆ پێوانەکردنی حەز بەکاردێن پێوەری: (لی و سرۆپ Le & Thrope)، (کیودەر Kuder)، ... تاد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي والنفسي، أساسياته وتطبيقاته وتوجهاته المعاصرة، دار الفكر العربي، القاهرة، 2000، ل475 – 479، 530 – 558.

[*] ئەم شێوازە بە ناوی دانەرەکەیەوە (Renis Likert) ناونراوە.

[3] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل604.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل605.

کاتی زۆری پێویست نییە[1]. شێوەی (27) فۆرمی پێوانەکردنی ئاراستەی خوێندکارە بەرامبەر جگەرەکێشان لە شوێنی گشتیی بەپێی پێوەری لیکەرت[2].

| ناوی خوێندکار | پۆل و لق: | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| برگە | ئاستی ڕەزامەندی | | | | |
| | بەتەواوی هاوڕام | هاوڕام | بێلایەن | دژم | بەتەواوی دژم |
| 1- پێویستە جگەرەکێشان لە شوێنی گشتیی بە تەواوی قەدەغەبکرێت. | | | | | |
| 2- جگەرەکێشان ئازادییەکی کەسییە. | | | | | |

**شێوەی (27) فۆرمی پێوانەکردنی ئاراستەی خوێندکار بەرامبەر جگەرەکێشان لە شوێنی گشتیی**

هەروەک لە شێوەی (27) ڕووندەبێتەوە، گوزارشتی برگەی یەکەم ئەرێنییە، گوزارشتی برگەی دووەمیش نەرێنییە، بەو پێیەش نمرەی ئاستی ڕەزامەندی خوێندکار ئەژمار دەکرێت.

بۆ پێوانەکردنی حەز، دەکرێت فۆرمی ڕاوەرگرتن ئامادەبکرێت، بەڵام دەبێت هەموو گوزارشتەکان ئەرێنی بن، دەشگونجێت پێوانەی جیاواز بۆ وەلا[illegible]ێندکار دانرێت، لەوانە: دووانی (حەزم لێیە، حەزم لێی نییە)، سیانی (بە ڕێژەیەکی زۆر، هیچ حەزم لێی نییە، بە ڕێژەیەکی کەم) یان (بە پلەیەکی زۆر، هیچ حەزم لێی نییە، بە پلەیەکی کەم). شێوەی (28) فۆرمی ڕاوەرگرتنی حەزی بەدواداگەڕانی زانستی خوێندکار نیشان دەدات.

---

1 حسن حسین زیتون: تصمیم التدریس، ل605.

2 سەرچاوەی پێشوو، ل605.

| ناوی خوێندکار | | پۆل و لق: |
|---|---|---|
| بڕگە | حەزم لێیەتی | حەزم لێی نییە |
| 1- خوێندنەوەی بابەتی زانستی لە گۆڤارەکاندا. | | |
| 2- سەیرکردنی بەرنامەی زانستی لە تەلەفزیۆن. | | |
| 3- ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زانستی لە تاقیگە. | | |
| 4- ئامادەبوون لە کۆڕ و سیمیناری زانستی. | | |

**شێوەی (28) فۆرمی پێوانەکردنی حەزی بەدواداگەڕانی زانستی خوێندکار**

### کێشەی راوەرگرتن

بەکارهێنانی راوەرگرتن بۆ پێوانەکردنی لایەنی ویژدانی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت دەبێتەوە، لەوانە:

1- لایەنگریی وەڵامدانەوە، ئەمە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان، رەنگە خوێندکار بژارەیەك دیاریبکات لە فۆرمەکە کە گوزارشت ناکات لە پێکهاتەی دەروونی ئەم، جا بە لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی، جاری واش هەیە خوێندکار لە بژارەی پێوانەکردنی ئاراستە، بۆ هەموو بڕگەکان بێلایەن هەڵدەبژێرێت، یان هەر وەڵام ناداتەوە.

2- ئاراستەی عەقڵانی لە وەڵامدانەوە، هەندێکجار بە چاوپۆشی لە ناوەڕۆکی بڕگەکان، خوێندکار بەپێی لێکدانەوەی عەقڵی خۆی وەڵامی بڕگەکان دەداتەوە، نەك ئەو وەڵامە دەستنیشان بکات کە گوزارشت لە ویژدانی دەکات، بەمەش وەڵام هێندەی دەربڕی ئاراستەی عەقڵییە، هێندە دەربڕی حەز و ئاراستە نییە.

3- رەچاوکردنی پەسندی کۆمەڵایەتی، هەندێکجار خوێندکار ئەو وەڵامانە هەڵدەبژێرێت کە ئاماژەن بۆ ئەوەی لە ناو کۆمەڵگەکەی کەسێکی گونجاو و پەسند و چاکەخواز و کراوەیە، بێئەوەی ئەو وەڵامە گوزارشت لە ناخی بکات، بۆ نموونە: ئەگەر بڕگەی لەم شێوەیە لە فۆرمەکەدا بێت "حەزم لە هاوکاری کەسانی تر هەیە"، رەنگە نەدرێنە بە ئاماژەی هاوڕابوون وەڵامبدەنەوە.

5- وەڵامی ریزپەڕ (شاذ)، هەندێك خوێندكار حەزی ئەوەی تێدایە وەڵامێك بداتەوە كە جیاواز بێت لە وەڵامی هاوڕێكانی، كە رەنگە ئەم وەڵامە گوزارشت لە حەز و ئاراستەی خوێندكار نەكات.

6- لایەنگری رەگەزیی، هەندێكجار خوێندكار وەڵامێك هەڵدەبژێرێت بە تایبەت لە بواری پیشە، كە لەناو ئەو كۆمەڵگەدا پیشەكە زۆرتر لە لایەن یەكێك لە رەگەزەكانەوە پەیڕەوی لێدەكرێت، لەم حاڵەتەشدا خوێندكار بۆ ئەوەی سەرزەنشت نەكرێت، یان شەرم دەكات، ئەو وەڵامە هەڵدەبژێرێت كە لەگەڵ رەگەزی خۆی گونجاوە، نەك لەگەڵ حەز و ئاراستەی[1]

**سێیەم: چاوپێكەوتن:**

چاوپێكەوتن دادەنرێت بە یەكێك لە ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری دەربارەی خوێندكار و تێگەیشتن لە هەست و حەز و ئاراستەی پەیوەست بە پرۆسەی فێربوون، چاوپێكەوتن بە شێوەی رووبەڕوو لە نێوان مامۆستا و خوێندكاردا ئەنجام دەدرێت، دەگونجێت پرسیارەكانی چاوپێكەوتنەكە پێشتر لە لایەن مامۆستاوە ئامادەبكرێن، دەشگونجێت پێشتر تەنها چوارچێوە گشتییەكەی دیاری بكرێت و لە ئەنجامی وەڵامی خوێندكار مامۆستا پرسیاری زیاتر ئاراستەی خوێندكار دەكات، بۆ ئەوەی ئەم ئامرازە بە شێوەیەكی چالاك بەكاربێت، پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بكرێت:

1- ئامادەسازی پێشوەخت بۆ چاوپێكەوتن.

2- ئاگاداركردنەوەی خوێندكار لە ئامانجی چاوپێكەوتن و چۆنێتی سوودلێوەرگرتنی زانیارییەكان.

3- پرسیارەكان بە شێوەیەكی ورد و روون داڕێژرێن و ئامانجدار بن.

4- هاندانی خوێندكار بۆ وەڵامدانەوە و گەشەپێدانی گیانی متمانەی نێوان خوێندكار و مامۆستا.

5- چارەسەركردنی كێشەی ترسی خوێندكار لە دەسەڵاتی مامۆستا، رەنگە ترس لە مامۆستا وا لە خوێندكار بكات زیاتر بە دڵی ئەو وەڵامبداتەوە.

6- رێنماییكردنی خوێندكار بۆ وەڵامدانەوەیەكی تایبەتی.

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي والنفسي، ل479 – 485.

7- گوێگرتن له وەڵامەکان بە شێوەیەکی گونجاو.

8- ئامادەسازی بۆ چۆنێتی تۆمارکردنی وەڵامەکان.

9- مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامی چاوپێکەوتن بەو شێوەیەی خزمەت بە خوێندکار دەکات[1].

**لایەنی بەهێزی چاوپێکەوتن**

1- هەندێکجار زانیاری وا دەداتە مامۆستا کە لە شێوازەکانی تر دەستناکەوێت.

2- دەرفەت دەداتە خوێندکار زانیاری زیادە ببەخشێتە مامۆستا.

3- مامۆستا لە ڕێگەی زمانی جەستەوە ڕێژەی هەڵچوونی خوێندکار هەستپێدەکات.

4- تا رادەیەك ئەوە بۆ مامۆستا روونده‌کاتەوە کە خوێندکار چەند ڕاستگۆیە لە وەڵامدانەوە[2].

**لایەنی لاوازی چاوپێکەوتن**

1- کاتی زۆری پێویستە بۆ ئەنجامدانی.

2- ڕەنگە تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەڵە بکرێت بۆ وەڵامەکانی خوێندکار.

3- ئەنجامدانی پێویستی بە مامۆستای کارامە هەیە.

4- ڕاستی و نەگۆڕی و بابەتیبوون لاوازە[3].

## 5-8 جانتای کارەکانی خوێندکار (Portfolio)

مەبەست لە جانتای کارەکانی خوێندکار، تۆمارێکە وێنەیەکی کار و چالاکییەکانی خوێندکاری تێدا پارێزراوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا[4]. ئەم شێوازە هەڵسەنگاندنێکی گشتگیرە، چونکە تۆمارەکە بە شێوەیەکی ئامانجدار کۆی چالاکیی خوێندکار لە هەرسێ بواری مەعریفی و ویژدانی و دەرونجوڵەیی لە خۆدەگرێت، لەوانە: دەستکەوتەکانی، تاقیکردنەوەکانی، نووسین، پرۆژە، ... تاد. کە لە ماوەیەکی دیاریکراوی خوێندن

---

[1] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل187 - 189.

[2] حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، ل618.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل619.

[4] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.nerm-wsblogspot.com رۆژی 2013/12/15.

ئەنجامیداوە، دەگونجێت بە شێوەی کاغەزیی یان ئەلیکترۆنی و لەسەر کۆمپیوتەر دروستبکرێت[1]. ئەم جانتایە، شێوازێکی نوێی هەڵسەنگاندنە، گرنگی زۆریشی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، لەو گرنگییانە:

1- هەڵسەنگاندنێکی فرەڕەهەندی فێربوونی خوێندکارە.

2- بیرۆکەی "هەڵسەنگاندن لە پێناو فێربوون" و "هەڵسەنگاندن ئامرازی فێربوونە" گەشەپێدەدات.

3- توانا و کارامەیی خوێندکار لە جێبەجێکردنی مەعریفە و نواندن دەردەخات.

4- یارمەتی خوێندکار دەدات ئاستی بەرەوپێشچوون و فێربوون و توانای خۆی بزانێت.

5- گیانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و دڵسۆزی لە دەروونی خوێندکاردا گەشە پێدەدات.

6- کارلێکی ئەرێنی لە نێوان خوێندکار و مامۆستا، خوێندکار و خوێندکارانی تر دروستدەکات.

7- پرەنسیپی هەڵسەنگاندنی بەردەوام برەوپێدەدات.

8- سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی هەڵسەنگاندنی خوێندکارە[2].

بۆ ئەوەی جانتای کارەکانی خوێندکار ئامانجی خۆی بپێکێت، پێویستە لە کاتی دروستکردنی ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

1- ئامانج لە دروستکردنی جانتاکە دیاری بکرێت. ئایا ئامانج دەستنیشانکردنی لایەنی بەهێز و لاوازە؟ بۆ هەڵسەنگاندنی کۆتاییە؟

2- دیاریکردنی ئەو پێکهاتە و کارامەییانەی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت.

3- دیاریکردنی جۆری کارەکان کە دەخرێنە ناو جانتاکە.

4- دانانی پلانێك بۆ چۆنێتی بەشداریپێکردنی خوێندکار لە دروستکردنی جانتاکە.

5- دانانی پلان بۆ چۆنێتی نمرەدانان لەسەر پێکهاتەی ناو جانتاکە[3].

---

[1] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.freewebs.com ڕۆژی 2013/12/16.

[2] سەرچاوەی پێشوو.

[3] صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، ل158 – 159.

دەگونجێت جانتای کارەکانی خوێندکار پێکهاتەیەکی بەرفراوان لەخۆبگرێت، ئەمەش بە گوێرەی ئامانجی دروستکردنی جانتاکە دەگۆڕێت، بە شێوەیەکی گشتیی، دەگونجێت ئەم پێکهاتانە لەخۆ بگرێت:

1- ژیاننامەی خوێندکار.

2- نموونەی چالاکییەکانی خوێندکار (نووسینی وتار، راپۆرت، پوختەکردنی کتێب، ... تاد).

3- نموونەی ئەو چالاکیانەی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل کە لەگەڵ هاورێکانی ئەنجامیداوە.

4- دەفتەری تاقیکردنەوەکان.

5- لیستی ناوی ئەو سەرچاوانەی خوێندکار خوێندویەتییەوە.

6- هەڵسەنگاندنی نواندن و دەرئەنجامی کارەکانی خوێندکار.

7- پێوەری هەڵسەنگاندنی جانتای کارەکان.

8- سەرنج و تێبینی خوێندکار.

9- نموونەیەک لەو شتانەی خوێندکار بە گونجاوی زانیوە و پەیوەندی هەیە بە ئامانجی جانتاکەوە، وەکو: وتار، ناوی کتێب، .... تاد[1].

---

[1] ئینتەرنێت، وەرگیراوە لە پێگەی www.freewebs.com.

## چالاکیی و هەڵسەنگاندن

1- هەڵسەنگاندن چییە؟ چەند جۆر هەڵسەنگاندن هەیە؟

2- لایەنی لاواز و بەهێزی پرسیاری گوتاری لە چیدایە؟ پێشنیارت چییە بۆ زاڵبوون بەسەر کەموکورتییەکان و باشترکردنی ئەو شێوازەی هەڵسەنگاندن؟

3- بەراورد بکە لە نێوان پرسیاری هەڵبژاردن و راست و هەڵە.

4- بەشێکی ناوەرۆکی فێربوون لە بواری پسپۆڕی خۆت دەستنیشان بکە، ئامراز و شێوازی هەڵسەنگاندنی گونجاوی بۆ دەستنیشان بکە.

5- مەبەست چییە لەم زاراوانەی خوارەوە لە بواری هەڵسەنگاندندا:

- راستی
- نەگۆڕی
- بابەتیبوون.
- خودێتی (ذاتية) مامۆستا

## فۆرمی خۆهەڵسەنگاندن

| زنجیرە | کارامەیی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران | ئاستی نواندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | هەمیشە | هەندێکجار | هەرگیز |
| 1 | هەڵسەنگاندنی سەرەتا بۆ زانینی مەعریفەی لەوەپێشی خوێندکار ئەنجام دەدەم. | | | |
| 2 | هەڵسەنگاندنی پێکهێن بۆ خوێندکارەکان ئەنجام دەدەم. | | | |
| 3 | ئەگەر لە هەڵسەنگاندنی پێکهێن دەرکەوت ئامانجەکان نەهاتوونەتەدی، پلانی چارەسەر دادەڕێژم. | | | |
| 4 | هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ خوێندکارەکان ئەنجام دەدەم. | | | |
| 5 | لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵسەنگاندن، بڕیاری پەروەردەیی دروست دەدەم. | | | |
| 6 | شێوازی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی مەعریفی خوێندکاران دەستنیشان دەکەم. | | | |
| 7 | هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی دەروونجوڵەیی خوێندکاران دەکەم. | | | |
| 8 | هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی ویژدانی خوێندکاران دەکەم. | | | |
| 9 | خوێندکار لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی خۆی ئاگادار دەکەمەوە. | | | |
| 10 | بەخێوکەری خوێندکار لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن ئاگادار دەکەمەوە. | | | |

# سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێب و گۆڤار

### أ – کوردی:


1. گۆڤاری بڕیار– مانگانەیەکی تایبەتە بە کارگێڕی و گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە (8) سالّی یەکەم، کانوونی دووەم 2009.
2. گۆڤاری بڕیار، ژمارە (20)، سالّی دووەم، کانوونی دووەمی 2010.
3. گۆڤاری بڕیار، ژمارە (21)، سالّی دووەم، شوباتی 2010.
4. لیژنەی بالاّی کۆنگرەی پەروەردەیی: راپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2007.
5. وەزارەتی پەروەردە: سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتییەکان، سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2009.
6. وەزارەتی پەروەردە: کۆنگرەی سێیەمی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.


### ب – عەرەبی:


7. أحمد إبراهيم قنديل: المناهج الحديثة، دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، المنصورة، ط3، 2005.
8. أحمد الرشيدي: إدارة الصف بلغة العصر رؤية تربوية، مكتبة كوميث، القاهرة، 1999.
9. أحمد حسين اللقاني و علي أحمد الجمل: معجم المصطلحات التربوية المعرفة في المناهج وطرق التدريس، عالم الكتب، القاهرة، ط2، 1999.
10. أحمد حسين اللقاني وعودة عبدالجواد أبوسنينة: أساليب تدريس الدراسات الاجتماعية، مكتبة الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، 1999.
11. أحمد سليمان عودة: القياس والتقويم، دار الأمل، الطبعة الثانية، عمان، 1993.
12. توفيق أحمد مرعي ومحمد محمود الحيلة: طرائق التدريس العامة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط5، 2011.

13. توفيق مرعي وأحمد بلقيس: الميسر في علم النفس الاجتماعي، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان، ط2، 1984.
14. جابر عبدالحميد جابر: التدريس والتعلم، الأسس النظرية، دار الفكر العربي، القاهرة، 1998.
15. جابر عبدالحميد جابر: مهارات التدريس، دار النهضة العربية، القاهرة، ط3، 1996.
16. جرجس ميشال جرجس: معجم مصطلحات التربية والتعليم، دار النهضة العربية، بيروت، 2005.
17. جواهر محمد الدبوس: القاموس التربوي، جامعة الكويت، مجلس النشر العلمي، إدارة مطبعة الجامعة، 2003.
18. جودت أحمد سعادة وعبدالله محمد إبراهيم: تنظيمات المناهج وتخطيطها وتطويرها، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2001.
19. جورج خليل مارون: أسس التقويم التربوي ومعاييره، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس، لبنان، 2010.
20. حسن حسين زيتون: تصميم التدريس، رؤية منظومية، عالم الكتب، القاهرة، ط2، 2001.
21. حسن حسين زيتون: مهارات التدريس، رؤية في تنفيذ التدريس، عالم الكتب، القاهرة، ط3، 2006.
22. حلمي أحمد الوكيل ومحمد امين المفتي: اسس بناء المناهج وتنظيماتها، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط5، 2012.
23. راتب قاسم عاشور وعبدالرحيم عوض أبوالهيجاء: المنهاج، بناؤه تنظيمه نظرياته وتطبيقاته العملية، دار الجنادرية للنشر والتوزيع، عمان، 2009.
24. راشد حماد الدوسري: تقويم المعلم، مقاربات جديدة وأساليب حديثة، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2009.
25. رشدي أحمد طعيمة وآخرون: المنهج المدرسي المعاصر، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط3، 2011.

26. سامي محمد ملحم: سيكولوجية التعلم والتعليم، الأسس النظرية والتطبيقية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، 2006.
27. سهيلة محسن كاظم الفتلاوي وأحمد هلالي: المناهج التعليمي والتوجه الإيدولوجي، النظرية والتطبيق، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2006.
28. سهيلة محسن كاظم الفتلاوي: المناهج التعليمي والتدريس الفاعل، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، 2006.
29. شاكر الأمين: الشامل في تدريس المواد الإجتماعية، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2005.
30. شكري حامد نزال: مناهج الدراسات الاجتماعية وأصول تدريسها، دار الكتاب الجامعي، العين، الإمارات العربية المتحدة، 2003.
31. صلاح الدين عرفة محمود: تفريد تعليم مهارات التدريس بين النظرية والتطبيق، عالم الكتب، القاهرة، 2005.
32. صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي في العملية التدريسية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط4، 2011.
33. صلاح الدين محمود علام: القياس والتقويم التربوي والنفسي، أساسياته وتطبيقاته وتوجهاته المعاصرة، دار الفكر العربي، القاهرة، 2000.
34. عايش محمود زيتون: الاتجاهات والميول العلمية في تدريس العلوم، دار عمان للنشر والتوزيع، عمان، 1988.
35. عبدالرحمن عبدالسلام جامل: طرق التدريس العامة ومهارات تنفيذ وتخطيط عملية التدريس، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ط2، 2001.
36. عبدالسلام عبدالله الجقندي: دليل المعلم العصري في التربية وطرق التدريس، دار قتيبة للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 2008.
37. عبدالقادر كراجة: القياس والتقويم في علم النفس، رؤية جديدة، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان، 1997.
38. عبدالله العامري: المعلم الناجح، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2009.

39. عبدالله علي أبو لبدة وخليل يوسف الخليلي وفريد كامل أبو زينة: المرشد في التدريس، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، 1996.
40. فؤاد علي العاجز وعطية العمري: القيم وطرق تعلمها وتعليمها، دراسة مقدمة الى مؤتمر كلية التربية والفنون في جامعة اليرموك المنعقد في (27-29/7/1999) الاردن.
41. فاديا أبوخليل: إدارة الصف وتعديل السلوك الصفي، دار النهضة العربية، بيروت، 2011.
42. فاطمة عبدالرحيم النوايسة: الإتصال الإنساني بين المعلم والطالب، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، 2012.
43. فخرالدين القلا ويونس ناصر ومحمد جهاد جمل: طرائق التدريس العامة في عصر المعلومات، دار الكتاب الجامعي، العين، الإمارات العربية المتحدة، 2006.
44. فوزي طه ابراهيم ورجب أحمد الكلزه: المناهج المعاصرة، دار المنشأة المعارف، الاسكندرية، 2000.
45. لطفي بركات أحمد: في فلسفة التربية، دار المريخ للنشر، الرياض، 1986.
46. ماهر مفلح الزيادات ومحمد إبراهيم قطاوي: الدراسات الاجتماعية، طبيعتها وطرائق تعليمها وتعلمها، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، 2010.
47. مجدي عزيز إبراهيم: موسوعة التدريس، الجزء الخامس، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، 2004.
48. محمد إبراهيم قطاوي: طرق تدريس الدراسات الاجتماعية، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، 2007.
49. محمد سلمان فياض الخزاعلة وآخرون: طرائق التدريس الفعال، دار صفا للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2011.
50. محمد صبح الرشايدة: الإدارة الصفية والمعلم الناجح، دار يافا، عمان، 2008.
51. محمد عواد الحموز: تصميم التدريس، دار الوائل للنشر والتوزيع، عمان، 2004.
52. محمد محمود الحيلة: طرائق التدريس وإستراتيجياته، دار الكتاب الجامعي، العين، الإمارات العربية المتحدة، ط4، 2012.
53. محمد محمود الحيلة: مهارات التدريس الصفي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، ط3، 2009.

54. محمود حسان سعد: التربية العملية بين النظرية والتطبيق، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان، 2000.

55. مرشد محمود دبور وإبراهيم ياسين الخطيب: أساليب تدريس الإجتماعيات، دار الثقافة للنشر والتوزيع ودار العلمية الدولية، عمان، 2001.

56. مريم سليم: علم النفس التربوي، دار النهضة العربية، بيروت، 2004.

57. مفضي عايد المساعيد وسعود فهاد الخريشة: الإدارة الصفية، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، 2012.

58. نايفة قطامي: مهارات التدريس الفعال، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، 2004.

59. هشام يعقوب مريزيق وفاطمة حسين الفقيه: أساليب تدريس الإجتماعيات، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان، 2008.

60. وليد أحمد جابر: طرق التدريس العامة، تخطيطها وتطبيقاتها التربوية، دار الفكر ناشرون وموزعون، عمان، ط4، 2011.

61. اليونسكو: إستراتيجية اليونسكو لدعم التعليم الوطني في العراق 2010 – 2014، مكتب يونسكو العراق، 2010.

### ج- ئینگلیزی

62. Biggs, John. B. & Collis, Kevin. F: Evaluating the quality of learning, New York, Academic Press, 1982.
63. Good, carter. v: Dictionary of Education, New York, Mc Grow-Hill, third ed, 1973.
64. Jarolimek, j & Foster, Clifford. D: Teaching and Learning in the Elementary School, New York, Macmillan. Inc, Second ed, 1981.
65. Mulikan, I: effective school and effedive, classroom, deparment of education, USA, 1987.

### دووەم: تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر:

66. إدريس محمد سيويلي: تقويم المهارات التدريسية لدى مدرسي المواد الاجتماعية في الحلقة الثالثة من التعليم الأساسي في محافظة السليمانية بكردستان العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، جامعة الجنان، لبنان، 2012.

67. جەبار ئەحمەد عەبدورڕەحمان: کاریگەری مۆدێلێکی پێشنیازکراو لەسەر بەدەستهێنانی هەندێك کارامەیی وانەوتنەوە لای خوێندکارانی کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە، کۆلیجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، 2009.

68. مەردی مەهدی میکە: هەڵسەنگاندنی لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتی مێژوو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، 2010.

**سێیەم: ئینتەرنێت:**

69. صالح الدقلة: سمات القیم وارتباطاتە، پێگەی www.bishaedu.gov.sa ڕۆژی 2012/12/5.

70. القیم، پێگەی www.social.3abber.com ڕۆژی 2012/12/10.

71. پێگەی www.uqu.edu.sa ڕۆژی 2012/12/15.

72. پێگەی www.muslimat.net ڕۆژی 2013/7/25.

73. پێگەی www.anfaas.com ڕۆژی 2013/2/10.

74. پێگەی www.binkhaldon.blogspot.com ڕۆژی 2013/10/20.

75. پێگەی www.educ.ualberta.ca ڕۆژی 2013/10/20.

76. پێگەی www.ta3leem.alafdal.net ڕۆژی 2013/10/20.

77. پێگەی www.educ.ualberta.ca ڕۆژی 2013/10/20.

78. پێگەی www.sst5.com ڕۆژی 2013/10/23.

79. پێگەی www.nerm-wsblogspot.com ڕۆژی 2013/12/15.

80. پێگەی www.freewebs.com ڕۆژی 2013/12/16.

81. علي عباس: القیم السلوکیة، پێگەی www.schoolarabia.net ڕۆژی 2012/12/10.

# ناوەرۆك


| لاپەڕە | ناوەرۆك |
|---|---|
| 5 | **پێشەكیی** |
| 9 | **1- كورتەیەك دەربارەی كارامەیی وانەوتنەوە** |
| 9 | 1-1 كارامەیی (المهارة) |
| 11 | 1-2 وانەوتنەوە |
| 15 | 1- 3 كارامەیی وانەوتنەوە |
| 19 | **2- شیكردنەوەی ناوەڕۆك** |
| 20 | 2-1 پەیڕەو (المنهج) |
| 22 | 2-2 ڕەگەزەكانی پەیڕەو |
| 25 | 2-3 شیكردنەوەی ناوەڕۆك |
| 26 | 2-4 پۆلێنكردنی ناوەڕۆك |
| 26 | 2- 4-1 بواری مەعریفی |
| 29 | 2- 4-2 بواری كارامەیی |
| 30 | 2- 4- 3 بواری ویژدانی |
| 39 | **3- ئامانجەكانی وانەوتنەوە** |
| 41 | 3-1 پۆلێنكردنی ئامانجەكان |
| 41 | 3-1-1 پۆلێنكردنی دووانی |
| 42 | 3-1-2 پۆلێنكردنی سیانی |
| 44 | 3-2 مەرجەكانی ئامانجی ڕەفتاری |
| 47 | 3-3 هەندێك هەڵەی باو لە داڕشتنی ئامانجە ڕەفتارییەكان |
| 49 | 3-4 سەرچاوەی داڕشتنی ئامانجەكانی وانەوتنەوە |

| | |
|---|---|
| 8-3-3 هەڵسەنگاندنی کۆتایی | 179 |
| 8-4 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندن | 179 |
| 8-4-1 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری مەعریفی | 180 |
| 8-4-1-1 تاقیکردنەوەی زارەکی | 180 |
| 8-4-1-2 تاقیکردنەوەی نووسینەکی | 182 |
| 8-4-1-2-1 تاقیکردنەوەی گوتاری (مقالی): | 182 |
| 8-4-1-2-2 تاقیکردنەوەی بابەتی: | 185 |
| یەکەم: پرسیاری راست و هەڵە | 186 |
| دووەم: پرسیاری هەڵبژاردن | 188 |
| سێیەم: پرسیاری بەیەکگەیاندن (جوتکردن) | 190 |
| چوارەم: پرسیاری تەواوکاری | 192 |
| 8-4-2 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری دەرونجوڵەیی | 195 |
| 8-4-2-1 هەڵسەنگاندنی نواندن (أداء —Performance ) و دەرئەنجام (Product) | 195 |
| 8-4-2-2 شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری هەڵسەنگاندنی نواندن | 197 |
| یەکەم: تێبینیکردن (الملاحظة): | 197 |
| دووەم: لیستی وردبینی (Check List) | 197 |
| سێیەم: پێوەری پلەبەندی (Rating Scales) | 198 |
| 8-4-3 ئامراز و کەرەستەکانی هەڵسەنگاندنی بواری ویژدانی | 200 |
| یەکەم: تێبینیکردنی رێکخراو: | 200 |
| دووەم: راوەرگرتن (الاستبيان): | 203 |
| سێیەم: چاوپێکەوتن: | 207 |
| 8-5 جانتای کارەکانی خوێندکار (Portfolio) | 208 |
| **سەرچاوەکان** | 213 |

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە دەکەوێتە سەر ژمارەیەک رەگەز و پێکهێنەر، مامۆستا کۆڵەکەیەکی سەرەکیی سەرکەوتنی پرۆسەکەی لە ئەستۆدایە، چەند توێژینەوەیەکی هاوچەرخ لە بواری پەروەردە جەخت لەوە دەکەنەوە کە (٦٠٪)ی سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، چەند توێژینەوە و راپۆرت ئاماژە بە لاوازی ئاستی مامۆستا لە ناوەندەکانی خوێندندا دەکەن، هەموو ئەمانە پێکەوە ئەو راستییە دەچەسپێنن کە پێویستە گرنگی بە بەرزکردنەوەی کارامەیی مامۆستایان بدرێت، گەشەپێدانی کارامەیش پێویستە لەسەر بناغەیەکی مەعریفی دابمەزرێت، ئەم کتێبەش ئەو ئامانجە بەدیدێنێت و بابەتەکانی بناغەن بۆ گەشەپێدانی کارامەیی مامۆستا.

THE PROFESSIONAL TEACHER
AND SUCCESSFUL TEACHING

**by: Idris Siwayli**

**نرخی (٥٠٠٠) دینارە**

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا
ناونیشان: سلێمانی سەرەتای شەقامی
... فەرعی سەعید تەها کۆیی